# راپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ

## کۆنگرەی پازدەهەمی حیزبی دێموکراتی

## کوردستانی ئێران

### (کۆنگرەی شەهید دوکتور شەرەفکەندی)

**٨ ی رەزبەری ١٣٩١ی هەتاوی**

# پێڕست:


١. پێشەکی

٢. ئاڵوگۆڕ لە پێکهاتەی سیستمی نێودەوڵەتیدا

٣- دۆخی ئێران

٤- نەتەوەی کورد

٥- دۆخی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

٦. پاشکۆ

# ١-      پێشەکی

سڵاو لە گەلی کورد، گەلی وشیار، ئازادیخوازو دێموکرات خۆشەویست کە سەرچاوەی لە بڕان نەهاتووی تواناو هیوای تێکۆشەرانی ڕێگای پڕ لە شانازیی خەبات بۆ ئازادی نەتەوەکەیان بووە.
سڵاو لە بنەماڵەی شەهیدان، سڵاو لە زیندانیانی سیاسی ئێران و بە تایبەت زیندانیانی سیاسی کورد کە بە ورەی بەرزو باوەڕی بەهێزیان هێزو هیوامان پێ دەبەخشن.
سڵاو لە هەموو ئەو تێکۆشەرانەی کە بۆ شەکاوە ڕاگرتنی ئاڵای حیزبی دێموکرات لە سەرەتاوە تا ئێستا، ماندوونەناسانەو بێ سڵکردنەوە لە کۆسپەکانی سەر ڕێگای خەبات هەنگاویان ناوەو هەر کەس بە قەدەر وزەی خۆی هەوڵی داوە تا گەورەداری دێموکرات بە تۆفانو ڕەشەبا توندو روخێنەرەکان بە چۆکدا نەییەو هەروا سەر سەوزو سەربەرز ڕاوەستێو هێوای رزگاری ببەخشێ بەگەلو نیشتمان.
لە لایەن کومیتەی ناوەندیی حیزبە سەربەرزەکەمانەوە پڕ بەدڵ بە خێرهاتنتان دەکەین. بە هیوای کۆنگرەیەکی پڕ نێوەڕۆكو ڕێنیشاندەر بۆ بڕینی ڕێگای ڕوو لە پێشمان بە ئامانجی گەیشتن بە ئازادی کە ئامانجی لە مێژینەی گەلەکەمانە. گەلێك کە لە ڕێگای پڕ هەوراز و نشێوی خەباتدا بە دەیان هەزار کەس لە ڕۆڵەکانی پێشکەش بە بارەگای ئازادی کردوە و هەنووکەش بەو پەڕی سەخاوەتمەندییەوە ئامادەی هەرجۆرە قوربانی دانێکە. بۆیە سڵاو دەنێرین بۆ گیانی پاکی هەموو ئەو شەهیدانەی کە لەو پێناوەدا گیانیان بەخت کردووە بە تایبەتی و لە ریزی پێشەوەیاندا ڕێبەرانی شەهیدمان پێشەوا قازی محەممەد، د.قاسملوو، د.سادق شەرەفکەندی.

**هاوڕێیانی بەشدار لە پازدەهەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!**
ئێمە لە کاتێکدا ئەو کۆنگرەیە دەگرین کە لە چەند ڕۆژ لەوە پێشەوە خەریکی ڕێورەسمەکانی بیرهێنانەوەو ڕێزگرتن لە، شەهیدانی هەمیشە زیندوومان د.سادق شەرەفکەندی، کاك فەتاح عەبدولی، کاك هومایون ئەردەلانو حسین دهکردی بووین، کە لە ڕۆژی ٢٦ی خەرمانانی ١٣٧١ی هەتاوی لە ڕێستورانی میکونوس لە شاری برلەن بە پیلانی سەرانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیو بە دەستی بەکرێگیراوانی ئەو ڕێژیمە شەهید کران. ئێمە لەو کۆنگرەیەدا وێڕای بەرز ڕاگرتنی یادی ئەم شەهیدانەمان داوا دەکەین ئیزن بدەن کۆنگرەی پازدەهەمی حیزبەکەمان بە ناوی" کۆنگرەی  دوکتور سادق شەرەفکەندی" ناودێر بکەین.
بەڕێزان!

هەروەك هەمووو لایەك ئاگادارن، لە ماوەی نزیك بە دوو ساڵی رابردوودا باهۆزی پڕتەوژمی هێزی پەنگخواردوی خەڵكانی ژێرچەپۆكی دیكتاتۆریو ملهوڕی لە بەشێك لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستو ئەفریقا، بەشێك لەو دەسەڵاتانەی تێكەوەپێچاو دەسەڵاتە نوێیەكان كە نیشانەی ئیرادەو خواستی بەهێزی خەڵك بوون هاتنە كایەوە. بەم شێوەیە یەكەم هەنگاو و گرنگترین هەنگاوەكانیان لە پرۆسەی دێموكراسیو دامەزراندنی دەسەڵاتی گەل، هەڵگرت. ئەو ئاڵوگۆڕە بنەڕەتیو بەرفراوانە سیمای سیاسیی ناوچەی بە تەواوی گۆڕیوەو شەپۆلەكانی هەروا بەرەوپێش دەچن. ئەو ئاڵوگۆڕانە ناسنامەی راستەقینەی خەڵكی هەژارو بێبەشكراو لە نانو ئازادییان خستە روو و هێزو توانای چەند قاتی پێ بەخشین و تۆوی باوەڕ بەخۆبوون و هێزی لە بڕان نەهاتووی لە دڵیاندا چاند و ئەو راستییەی پێ سەلماندن كە لە بەرانبەر ئیرادەی پێكهێنانی ئاڵوگۆڕو هیزی یەكگرتووی ئەواندا، دەسەڵاتداران كە توانای خۆیان بۆ چەوساندنەوەی ئەو خەڵكە بە هەتاهەتایی دەزانی چەندە لاواز و بێ ناوەڕۆكن. ئەو ئاڵوگۆڕانە لە هەمانكاتدا كە بەشێك لە قەڵای زۆردارانی رووخاند، هیوای سەركەوتنی ئازادیی لە دڵی هەمووو خەڵكی ژێر ستەمی ناوچەو یەك لەوان نەتەوەكانی ئێران زیندوو كردەوە. بۆیە پێشنیار دەكەین كۆنگرەی دوكتور سادق شەرەفكەندی لە ژێردروشمی"هەوڵدان بۆ یەكریزی لە پێناو سەركەوتن دا" بەڕێوە بەرین.

لە ماوەی چوار ساڵی رابردووی نێوان كۆنگرەكانی ١٤و ١٥دا ئاڵوگۆڕێكی بەرفراوان لە باری سیاسی، ئابووریو تەنانەت كۆمەڵایەتییەوە لە دنیادا روویداوە. ئەو ئاڵوگۆڕانە هەر كام بە نۆرەی خۆیان شوێندانەرییان لەسەر گۆڕینی سیمای جیهان داناوە، بە تایبەت ئاڵوگۆڕەكانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست شوێندانەریی بەرچاویان لەسەر ئێرانو كوردستان داناوەو دادەنێن. راپۆرتی سیاسیی كومیتەی ناوەندی بە لەبەرچاوگرتنی ئەو شوێندانەرییانە زۆرتر هەوڵی داوە ئەو گۆڕانكارییانە بخاتە بەرباسو لێكدانەوە تا لە ئەنجامدا و لە بەر رووناكیی ئەم لێكدانەوانە بتوانێ سیاسەتێكی گشتیی دروستو واقعیی بۆ خەباتی حیزبەكەمان لە ماوەی ٤ ساڵی داهاتوودا دابڕێژێو لە چوارچێوەی ئەم سیاسەتە گشتییەدا بەرنامەكانی خۆی بەرێتە پێشێ.

لە هەمووو كۆنگرەكانی حیزبدا باس لەوە كراوە كە كۆنگرە لە هەلومەرجێكی هەستیاردا پێكدێ. بێگومان ئەوە راستییەكی حاشا لێنەكراو بووە. لەبەر ئەوەی كۆنگرەكانی ئێمە بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی خەبات، كارو تێكۆشانی حیزبو... هتد، هەموویان هەستیاربوون، بەڵام كۆنگرەی ئەمجارەمان زیاتر لە كۆنگرەكانی دیكە هەستیارو گرنگە، لەبەر ئەوەی ئاڵوگۆڕەكانی ئەم چوار ساڵە بە نیسبەت وەزعی ئێمەی كوردو رێژیمی كۆماری ئیسلامی زۆر زیاتر لە دوو دەیەی رابردوو بوونەتە هۆی گۆڕینی سیمای ناوچەو دواجار چارەنووسی

گەلان و یەك لەوان گەلی کورد لە رۆژهەڵات کەوتوەتە بەر تاقیکارییەکی کەم وێنە. ئێمە لەو باوەڕەداین، چەندساڵی داهاتوو بۆ کورد سەردەمێکی نوێو چارەنووس ساز دەبێ، هەر بۆیەش وردبوونەوە لە راپۆرتی کومیتەی ناوەندیو لێکدانەوەی هەمەلایەنە و وردبینانەی، بە مەبەستی دەوڵەمەند کردنی و گەیشتن بە ئاکامێکی دروست و واقیعی، ئەرکی یەك یەکی بەشدارانی ئەو کۆنگرەیەیە. هەرچەند پێشبینی کردنی هەموو رووداوە سیاسییەکانو ئاڵوگۆڕەکان لە چوار ساڵی داهاتوودا کارێکی دژوارە، بەڵام ئەم راستییە شتێك لە ئەرکی ئێمە لە باسو لێکدانەوەکانی راپۆرت کەم ناکاتەوە.

هاوڕێیانی بەڕێز!

لە ماوەی چوار ساڵی رابردوودا وەك هەمیشە کارو تێکۆشانی بەشە جۆراوجۆرەکانی حیزب لە کوردستانو دەرەوەی کوردستان درێژەی هەبووە. لەو ماوەیەدا لایەنگران، ئەندامان، کادرو پێشمەرگەکان شانبەشانی رێبەرایەتیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ١٤ شانیان داوەتە بەر باری بەرپرسایەتیی قورسی حیزبیو هەموویان پێکەوە حیزبیان گەیاندۆتە کۆنگرەی ١٥، کە ئێستا ئێمە وەك نوێنەرانی بەشێکی کەم لە ئەندامانی حیزبی تێدا بەشدارین. بۆیە دەڵێین نوێنەرانی بەشێکی کەم، چوونکە بەداخەوە لەم کۆنگرەیەشدا نوێنەرانی زۆربەی زۆری تێکۆشەرانی حیزب لە نێوخۆی وڵات جێگایان لە تەنیشت ئێمە بەتاڵەو ئەوە کەموکوورییەکی گەورەیە کە تاکوو ئێستا بە کۆنگرەکانی ئێمەوە دیارە. بۆ هەمووشتان ئاشکرایە هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هەلومەرجی توندوتیژی ئەمنییەتی لە کوردستانی ئێراندا، کە رێژیمی کۆماری ئیسلامی بەسەر هەموو ئازادیخوازان و بە تایبەت تێکۆشەرانی دێموکراتدا سەپاندوویەتی. بۆیە جارێکی دیکە ئەو راستییە دووپات دەکەینەوە کە ئێمە لە بەتاڵبوونی کورسییەکانی ئەو ئەندامانە لە کۆنگرەدا بەداخین، ئەندامانێك کە لە ژێر زەبری خەفەقانو داپڵۆسینی توندی هیزە سەرکوتکەرەکانی رێژیمدا چۆکیان دانەداوەو لە تێکۆشانو قوربانیدان نەوەستاون و بەم چەشنە بوونەتە گرنگترین نیگەرانی بۆ رێژیمی دژی دێموکراسی لە ئێراندا. بەم هۆیانەوە ئەگەرچی ئەوان لە تەنیشت خۆمان نابینین، بەڵام سێبەری ئەوان بەسەر سەری خۆمانەوەو لە فەزای کۆنگرەدا هەست پێ دەکەین، رێز لە تێکۆشانو کۆڵنەدانیان دەگرینو ئاواتەخوازین زۆری دیکە نەکێشی، کە هەموومان لە تەنیشت یەکترو لە کوردستانی ئێراندا کۆنگرەو کۆڕ و بۆنەکانمان بگرینو ئەو دووریو جیاییە فیزیکییە کۆتایی پێ بێ.

## ٢- ئاڵوگۆڕ لە پێکهاتەی سیستمی نێودەوڵەتیدا

بە دوای رووخانی جەمسەری سۆسیالیستی و گواستنەوەی سیاسەتی جیهانی لە قۆناخی شەڕی ساردەوە بۆ دوای جیهانی دوو جەمسەری، لایەنی سەرکەوتوو و بەهێز کە جیهانی رۆژئاوا، بە سەرکردایەتیی ئامریکا بوو، جیهانی بە بێ‌رکەبەر دەبینی و لەو نێوەدا ئەرك و بەرپرسیارێتی بۆ خۆی دیاری کردبوو کە لەسەر ئاستی جیهانیدا وەك هێزی باڵادەست، هەم رچەو رێبازی سیاسی و ئابووری و نیزامی دیاری بکا و هەم پاراستنی ئاسایش و ئاشتیی جیهانی بگرێتە ئەستۆ هەر لە سەر ئەم بنەمایانە لە ساڵەکانی دەیەی ١٩٩٠ی زایینیەوە ئامادەبوون و حوزووری خۆی لەسەر ئاستی زۆربەی شوێنەکانی جیهان پەرە پێ دا و سیاسەتی دامەزراندنی سیستمێکی نوێی لەسەر بنەمای جیهانی تاك جەمسەری و یەك کۆڵەکەیی وەپێش گرت کە چەقی بڕیار و دیاریکەری رێباز و سیاسەت و ئابوورییەکی، لە ئامریکادا بێ.

بەڵام دوای چەندین ساڵ لەو هەوڵ و کردەوانەی دەوڵەتی ئامریکا، لەبەر فرە کەلتووری و چەند شارستانیەتبوونی جیهان و هەروەها بە هۆی سەرهەڵدانی ناوەندی ئابووریی نوێ و هەوڵدانی وڵاتانی روو لە گەشە بۆ ئەوەی کە خۆیان بگەیەننە وڵاتانی پێشکەوتوو، جیهانی تاك‌جەمسەری خەریکە بەرەو جیهانی چەندجەمسەری لە سەر بنەمای هاوکاری و هاوبەشیی هەنگاو دەنێ کە لەو سیستمە نوێیەدا، هەرچەند ئامریکا وەکوو زلهێزی هەرەگەورە رۆڵی تایبەتی خۆی دەبێ، بەڵام ناتوانێ تاکلایەنە بڕیاردەر بێ و بە پێچەوانەوە هاوپەیمانی و هاوکاریی دیکەی پێویست دەبێ تاکوو بتوانێ بەشێك لە کار و بەرنامەکانی جێبەجێ بکا. لە لایەکی دیکەشەوە هێز و ناوەندی هێزی سیاسی و ئابووریی دیکە پەیدا بوون و لە گەشەکردندان، کە لە بەرامبەر بەرژەوەندییەکانی ئامریکادا جۆرێکی دیکە لە بەرژەوەندی بۆ خۆیان پێناسە دەکەن کە ئامریکا و هاوپەیمانەکانی ناچارن ئەو هاوسەنگیانە رەچاو بکەن و دواجار بەشێك لە بەرژەوەندییەکانی ئەوانیش بپارێزن.

بۆ نموونەی ئەوجۆرە وڵاتانەی روو لە گەشە، دەتوانین ئاماژە بە برزیل و هیندوستان و چین بکەین، کە لە باری گەشەی ئابوورییەوە بە خێرایی پێش دەکەون. تەنانەت وڵاتی برزیل لە ساڵی ٢٠١١دا، بەرهەمی نابژاردەی نێوخۆیی ٢٤٩٣ میلیارد دۆلار بوو، کە لە بەرهەمی نابژاردەی نێوخۆیی بریتانیا کە ٢٤١٨ میلیارد دۆلار بوو، زیاتر بوو.

وڵاتی هیندوستانیش کە لە باری حەشیمەتەوە دووهەمین وڵاتی جیهانە و لە باری ئابووری و تێکنۆلۆژییەوە بە خێرایی خەریکی پێشکەوتنە و سیستمێکی دێموکراتیکی هەیە، لە ستراتژیی بەرژەوەندییەکانی ئامریکادا جێگەیەکی تایبەتی پێ دراوە و خەریکە هاوسەنگیی

هێز لە ناوچەکەدا دەگۆڕێ. لە بەرانبەردا پاکستان ئەو گرینگییەی جارانی بۆ ئامریکا نامێنێ و ئامریکا زۆرتر لە هیندوستان نزیك دەبێتەوە.
هەروەها وڵاتی چین، بە ئابووریی خێرا و سەرسووڕهێنەرەوە خەریکە پەل دەهاوێ بۆ زۆربەی شوێنەکانی جیهان و لە باری سیاسی و ئابوورییەوە، خەریکی ئەوەیە کە ببێ بە رکەبەری ئامریکا.
ئەم گەشەی ئابوورییە وای کردووە کە لە کۆبوونەوەی ئەمساڵی، (ساڵی ٢٠١٢ی ز) سندووقی دراوی نێونەتەوەییدا وڵاتانی روو لە گەشە و تازە گەشەسەندوو، زۆرترین پارە و یارمەتی بەو سندووقە بدەن و ئامریکا و ئورووپا لەو بارەوە وەدوا کەوتوون و ئەمە دەبێتە هۆی زیادبوونی قورسایی ئەو وڵاتانە لە ئاستی سیاسەتی ئابووری لە جیهاندا.
ئەو گۆڕانە خێرایانەی کە لە جیهانی ئابووریدا روویان داوە کاریگەری لەسەر جیهانی سیاسیش دادەنێن، یەکێك لەو کاریگەریانە ئەوەیە کە جیهان بەرەو نەزمێکی دیکە و سیستمێکی دیکە دەڕوا، کە لەودا سیستمی تاکجەمسەری نامێنێ و وڵاتانی زلهێز ناچار دەبن پەنا بۆ هاوکاری و هاوئاهەنگی ببەن. ئەگەرچی رکەبەری لەسەر وەدەستخستنی بەرژەوەندیی زیاتر هەروا بەردەوام دەبێ.
گەشەکردنی وڵاتانی روو لە گەشە و بە پیشەسازیبوونی ئەو وڵاتانەی کە حەشیمەتی زۆریان هەیە ـ وەکوو چین و هیند و برێزیل و کۆرەی باشوور و تورکیە و ... ـ وای کردووە کە پێویستیی جیهان بە وزە و سووتەمەنی زۆر بەرز بێتەوە. لەم نێوەدا ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئافریقا کە ناوچەیەکی پڕ لە کۆگای وزەیە و لە باری حەشیمەتەوە زۆر چڕ و لە باری ئیدئۆلۆژی و تەناهی جیهانیشەوە، کاریگەرییەکی بەرچاوی هەیە، بۆتە ناوچەیەکی گرنگتر لە جاران. بە سەرنجدان لەو تایبەتمەندییانە ئەم ناوچەیە ناوەندی کۆمەڵێك ململانێی چڕ و پڕە، بۆ بە دەستهێنانی بەرژەوەندی و دەستخستنی وزە و پێگەی ستراتیژیك. ئەم ناوچەیە لە ئێستادا بۆتە گۆڕەپانی رکەبەرییە جیهانیەکان و ئاڵوگۆڕەکان و بێگومان داهاتوەکەشی رۆڵی دەبێ لە دیاریکردنی سیستمی نوێی جیهاندا. هەر لە بەر ئەم هۆیانەشە کە ئامریکا لە ساڵی ٢٠١٢دا، لە زەمانی ئۆبامای سەرۆك کۆماری وڵاتەوە، دوو ناوچەی زەریای هیند و ئوقیانوسیە و هەروەها ناوچەی خەلیج و دەریای عومانی وەکوو دوو ناوەندی ستراتژیکی نیزامی و ئەمنییەتیی خۆی دیاری کرد و لە هەوڵی ئەوەدایە کە هێزی دەریایی لەو دوو شوێنەدا بەهێزتر لە جاران بکا.
لە لایەکی دیکەوە وڵاتانی وەکوو چین و روسیەش، کە پێویستیان بە وزە و بە بازاڕی فرۆشتنی شتومەکەکانیان و پێگەی ستراتژیك لە ناوچەکەدا هەیە، سیاسەتی پێچەوانەی سیاسەتەکانی ئامریکایان لە ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و باکووری ئافریقا گرتۆتە

پێش و پارێزگاری لە سیستمی کۆن و حکوومەتە سەرەڕۆ و دیکتاتۆرەکان دەکەن، چوونکە بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانیانی تێدا دابین دەکرێن.
بەسەرنجدان لەو گۆڕانکارییانەی کە دۆخی وڵاتانو هاوپەیمانیو ستراتیژییەکاندا هاتوونەتە پێشێ، چەندین پێشبینی بۆ پێکهاتەی نوێی سیستمی نیودەوڵەتی دەکرێ. یەکێکیان کە ڕەنگە لە واقیعەوە نیزیکتر بێ ئەوەیە هەر هەرێمێکی جوغرافی کە خاوەنی یەکیەتیو یەکگرتوویەکی تایبەتە لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا، یەکەیەکی جوغرافی - سیاسی دروست دەکات و دەبێتە بلۆکێکی هێزو دواجار کاریگەریی خۆی لەسەر سیاسیەتی نێونەتەوەیی دادەنێ . بۆ وێنە دەکرێ بلۆکی وەکوو ئەمریکای باکووری، ئاسیای نیزیك، ئەفریقا، ئورووپاو .... پێك بێن. بەو مانایە تەوەرێکی سیاسی- جوغرافی- ئابووری- کەلتووری درووست دەکەن کە ڕەنگە سەرەتا لە بوارێکی هاوبەشی زۆر سەرەتاییو بنەڕەتییەوە ئەو هاوپەیمانییە دەست پێ بکاو دواتر لە بوارەکانی دیکەی وەکوو سەربازیو سیاسیو ئابووری و ...هتد، پەرە بستێنێ. ئەم یەکە ژێئۆ سیاسی- ناوچەییانە دەتوانن ببن بە ئەکتەری سەرەکی لە گۆڕەپانی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا.
یەکێکی دیکە لە پێشبینییەکان ئەوەیە کە دەوڵەتانی لەحاڵی گەشەسەندندا، وەکوو: چین، رووسیە، برزیل، تورکیەو ... دەبنە ئەکتەرێکی گرینگ لە ئاستی نێودەوڵەتیدا. ئەمەش بەو هۆیەوە پێك دێ کە پەرەسەندنیان دەبێتە هۆی بەرەوپێشچوونو بەهێزبوونی ئابوورییانو ئەم بەهێزییە ئابوورییە دواتر بەهێزبوونی سیاسیو سەربازییان بۆ پێك دێنێو ئەوەش پێگەی نێودەوڵەتییان بەرزتر دەکاتەوەو ئەمە وا دەکات کە لە سیاسەتی نێونەتەوەییدا شوێندانەر بن.
لەم حاڵەتەدا سیستمی جیهانی چەند جەمسەری دەبێ. خاڵی سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە ئەم چەند جەمسەرییە دەبێتە هۆی نەبوونی سەقامگیریی سیاسی لە ئاستی جیهانیدا.

## ٢-١ بەجیهانیبوونو گۆڕانکارییە بنەماییەکان

١- بەجیهانیبوون گوزارش لەو کرانەوەیە دەکا کە جیهان بە خۆیەوە بینیویەتی. کرانەوەی وەکوو ئازادیی جموجۆڵ و گواستنەوەی ماڵ و سامان و هزر و کاڵ و مرۆڤەکان. هەندێك لەوانە لە ئاستی جیهانیدا هاوبەشن و هەندێکی دیکەشیان تایبەتن لەسەر ئاستی نێوخۆییدا.
٢- شۆڕشی تیکنۆلۆژی، زانیاریو پێوەندیو گەشەسەندنی زانستی خۆی وەکوو دیاردەیەکی جیهانی دەنوێنێ. لە ڕێگای تێکنۆلۆژییەوە گوندی جیهانی سەری هەڵداوە و جیهان پێکەوە گرێ دراوە و کۆمەڵگای تۆڕیی (جامعە شبکەای) پێك هاتووە. زانیاری بۆتە پێداویستییەکی مرۆییو لەو نێوەشدا بەجیهانیبوونی ڕاگەیاندن، ڕۆڵێکی زۆر گرینگ

دەبينێ لە خولقاندنی ڕووداوەکانو پێدانی ڕۆشنبیریی نوێو کاریگەری خستنە سەر پێوەندییە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکان.

٣- سەرهەڵدانی بەجیهانیبوون بۆتە هۆی خوڵقاندنو پەرەگرتنی کێشەو گرفتی نوێی جیهانیی، وەکوو: تیرۆر، نەخۆشییە سنووربڕەکان، هەژاری و برسیەتی (بڕوانە پاشکۆ، ژمارە ١)، پیسبوونی ژینگە، بەرجەستەکردنی نەخوێندەواری، هەڵاواردنی ڕەگەزیو بەگشتی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤو دیموکراسی. ئەم کێشانە جیهانینو پێویستیان بە چارەسەریی جیهانیو هەمەلایەنە هەیە.

٤- لە سەردەمی ئەمڕۆدا دیاردەیەك بەناوی دیاردەی (پاش یان POST) هاتۆتە ئاراوەو بەوە دەناسرێتەوە کە جیهانی ئەمڕۆ خەریکی گواستنەوەیە لە چەمكو بەها کۆنەکانەوە بەرەو چەمكو بەها نوێیەکانو ئاکامەکەی هێشتا بەتەواوی دەرنەکەوتووەو لێڵە، بۆیەش بۆ ناوزەدکردنی هەندێك بابەتی نوێ کەڵك لە هەندێك چەمکی کاتی وەردەگرین هەتا ئەو کاتەی ئەم دیاردانە سیمای کۆتایی خۆیان وەردەگرن. وەکوو ئەوەی دەگوترێ پاش مۆدێرنیتە، پاش سەرمایەداری، پاش شەڕی ساردو ....هتد.

٥- وا دێتە پێش چاو کە جیهانێکی بەتەواوی جیاواز لە نیزامی ڤێستڤالیایی شکڵ دەگرێ (بڕوانە پاشکۆ، ژمارە ٢)و لەو ڕەوتەدا دامەزراوە نەریتییە ئاسایشیو شوناسپێدەرەکان، بەتایبەتی دەوڵەت، لە تۆڕەکانی ڕەوانی هێز (شبکەهای سیال قدرت) وەك سامان و زانیاری، ئامرازی نوێ بۆ وەدەستخستنی ئاسایشی کۆمەڵایەتیو سیاسی پێك دێنن، یان لانیکەم دەست پێڕاگەیشتن بە وەها ئامرازێك دەکەنە پێویستییەکی حاشاهەڵنەگر. تەنانەت ڕۆڵی دەوڵەت نەتەوەش لە داڕشتنی یاساو ڕێسا نێونەتەوەییەکاندا کاڵ دەبێتەوە. ئەمە وای لێ دەکا سیاسەت دەوڵەتی نەبێ بەڵکوو سیاسەت جیهانی بێ. دەوڵەت ڕۆڵ و کاریگەریی کەمتر بۆتەوە. واتا چوارچێوەو سنووری دەسەڵاتەکانی کاڵتر بۆتەوە. کۆمەڵێك فاکتۆرو کارگێڕو ڕێکخراوی نێونەتەوەییو ناحکومی لەپێوەندییە نێونەتەوەییەکان سەریان هەڵ داوە و ئەمەش پرسیار لەسەر خودی دەوڵەت نەتەوە درووست دەکا.

٦- بەجیهانیبوون بۆتە هۆی ئەوەی ئاڵترناتیڤی (جێگرەوە) نوێ بۆ تیۆرییە کلاسیکییەکانی سەرمایەداریو سۆسیالیستی پەیدا ببێ. واتە ڕێگاو میکانیزمەکانی گەشەسەندن تەنیا لەم دوو ڕوانگەیەدا کورت نابنەوە. چوونکە ئەزموونی سەرمایەداری نیشانی دا کە لە دابینکردنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و بەرابەریدا شکستی هێناو ئەزموونی سۆسیالیزمیش لە دابینکردنی ئازادیو دیموکراسیدا. یەکێك لەو ئاڵترناتیڤانە باس لە هاتنە ئارای ڕێگای سێهەم دەکا کە لە نێوان سەرمایەداریو سۆسیالیزمدا کەڵك لە بەها مرۆییەکانی هەردووکیان وەردەگرێ.

٧-      پاراستنی مافی مرۆڤ و دێموکراسی بوونەتە دیاردەیەکی جیهانی. بۆیە ئەمڕۆ کێشەکانی مافی مرۆڤ کێشەی نێوخۆیی هیچ وڵاتێك نین و پاراستنی مافی مرۆڤ بۆتە ئەرکێکی جیهانی. هەندێك لە زانایان پێیان وایە مرۆڤ دوو جۆر مافی هەیە: کۆمەڵێك ماف کە لە چوارچێوەی هاووڵاتیبووندا دەبێ پارێزراو بن و هەندێك مافی دیکە هاووڵاتیی جیهانی خاوەنیانە. ئەمەش دەوڵەتەکان و ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان دەخاتە ژێر بەرپرسیارێتی نێودەوڵەتییەوە کە پێی دەگوترێ (بەرپرسیارێتی پاراستنی نێودەوڵەتی) و لێرەوە بنەمایەکی نوێ هاتۆتە ئاراوە کە ئەویش بنەمای سەروەریی مرۆڤ و گەلانە، لەباتی سەروەریی خاك و وڵات و دەوڵەت.

٨-      ئەمڕۆکە ڕووبەڕووی دیاردەی بەهێزبوون و سەرهەڵدانەوەی سەر لە نوێی شوناسەکان بووینەتەوە. تەنانەت هەندێك کەس دەڵێن ئەمڕۆ شەڕ، شەڕی شوناسەکانە. ئەم شوناسگەلە دەتوانن ئایینی، نەتەوەیی، ڕەگەزی،و...هتد بن، کە ئەم دیاردەیە لە هەموو وڵاتە پێشکەوتوو و پاشکەوتووەکاندا دەبیندرێ. ئەمە لە فرەیی و جۆربەجۆریی کۆمەڵگاکانەوە سەر هەڵ دەداو ئەمە پێویستیی بە هەڵکردن و بەڕێوەبردن و پێکەوەژیانی ئاشتیانەی ئەم جیاوازییانە هەیە و دەتوانێ ببێتە فاکتۆرێکی گرینگ بۆ بەهێزبوونی وڵاتان، یان بەپێچەوانەوە بە هۆی سیاسەتی نادروست و نەبوونی کەلتووری پێکەوە هەڵکردن و لاوازیی دێموکراسی، ئەم جیاوازی و فرەییە دەبێتە هۆی خولقاندنی گرفت و کێشە و ململانێ و توندوتیژی، کە لێرەدا جیاوازیی نێوان کۆمەڵگای پێشکەوتوو و دێموکراتیك و ناپێشکەوتوو و نادێموکراتیك دەردەکەوێ. لێرەوە چارەسەرکردنی دێموکراتیك و ئاشتییانەی ئەم فرەیی یە لە شوناسدا، دەبێتە پێویستییەکی سیاسی و دەبێتە ئەرك و بەرپرسیارێتی مرۆیی و ئەخلاقی.

## ٢-٢ بەجیهانیبوونی ئابووری و کاریگەرییەکانی

ڕەوتی گرێدرانی کۆمەڵگا و وڵاتانی جیهانی بە یەکەوە لە سەدەی بیستەم خێراییەکی بەرچاوی بە خۆوە بینی و شۆڕشە پیشەیی و تێکنۆلۆژی و زانیارییەکان وایان کرد کە هەرچی زیاتر، دۆخی ئابووری و سیاسی تێکچڕژاوتر بێ و پێوەندیی وڵاتان و کۆمەڵگاکان خێراتربێت و ژیان و داهات و چارەنووسیان زۆرتر لێك نزیك بکرێتەوە.

بەجیهانیبوون، لە ئابوورییەوە دەستی پێکرد و ڕەهەندەکانی دیکەی بە دوای خۆیدا هێنا و ئێستا لە جیهاندا شتومەك و بەرهەمی وڵاتەکان بە خێرایی دەگوازرێتەوە و لەگەڵ ئەو بەرهەمانە، بەرهەمی کولتووری و شارستانیەتیش دەگوازرێتەوە و سیاسەتیش لەسەر ئەو ژێرخانە، ئاڵوگۆڕی بە سەردا دێ.

پێکەوەگرێدانی ئابووری و بەجیهانیبوونی ئابووری وای کردووە کە بەرهەم و کار لە جیهاندا

هاوبەش و پێکەوە گرێدراو بن و زۆر کۆمپانیای گەورەی نێونەتەوەیی هەن، کە لە سنووری هاوپەیمانییە سیاسییەکان زۆرتر تێپەڕیون و وڵاتگەلێکی زۆریان پێکەوە گرێ داوە، بۆ نمونە کۆمپانیای ئەیرباس، کە فرۆکەی ئەیرباس بەرهەمدێنێ، ئێستا ئەوەندە بەرفراوان بووە کە هەر بەشێکی لە شوێنێکدا بەرهەم دێ و دواجار ٣٥ وڵات تێیدا بەشدارن و ١٤٥٠ کۆمپانیای جۆربەجۆر پێکەوە کار دەکەن و هاوکارییان هەیە تاکوو فڕۆکەیەکی ئەیرباس بەرهەم دێت.

ئەم بەجیهانیبوونی ئابوورییە، لەگەڵ خۆیدا بەرژەوەندیی هاوبەش دروست دەکا و پەیمانی نوێ پێك دێنێ و هاوکاتیش مەترسیی هاوبەش پێك دێنێ. لە درێژەی کاریگەرییەکانی بەجیهانیبوونی ئابووریدا، کولتوور و فەرهەنگ و شارستانییەت بە جیهانی دەبێتەوە و هەر گرووپ و کۆمەڵ و نەتەوەیەك لە جیهاندا هەم دەکەوێتە ژێر کاریگەریی فەرهەنگ و هزر و سیاسەتێکی دیاریکراوەوە و هەم ئەو دەرەتانەشی دەبێ کە بەرهەم و تایبەتمەندییەکانی بە جیهان بناسێنێ. لە درێژەی ئەو ڕەوتە جیهانییەشدایە کە سیاسەتی نوێ و سیستمی نوێ سەر هەڵدەدا.

بەجیهانیبوونی ئابووری هەرچەند بەرژەوەندیی نوێ و هاوبەش پێك دێنێ، بەڵام گرفت و کێشە و مەترسیی نوێ و سەرتاسەریش پێك دێنێ و لە هەر گۆشەیەکی جیهانی تێکچڕژاوی ئابوورییەوە، گرفتێکی جیددی سەرهەڵ بدا، بە زوویی کاریگەری لەسەر شوێنەکانی دیکە دادەنێ. بۆ نمونە قەیرانی ئابووریی نوێ کە لە ساڵی ٢٠٠٨وە لە بازاڕی خانووبەرە لە ئامریکا سەری هەڵ دا، بە خێرایی ئابووریی جیهانی گرتەوە و ناوەندە ئابوورییەکانی دیکەشی خستە ژێر کاریگەرییەوەو بە شێوەیەك چووە پێشێ کە ئێستا ناوچەی یۆرۆ گوشار و قەیرانێکی جیددی و مەترسیداری لەسەرە و لەولاشەوە گەشەی ئابووریی چین لە خێرایی کەوتووە و دابەزیوە.

قەیرانی ئابووریی ئەمجارە، ئەو ڕاستییەی سەلماندەوە کە سیستمی ئابووریی ئازاد و بانکداری و بازاڕی ماڵی ئەگەر کۆنترۆڵ نەکرێ و پلانی هاوسەنگکردنی بۆ دانەنرێ، ئەگەرچی لە ماوەیەکی کورتدا گەشەی ئابووری و کۆکردنەوەی زێدەبایی لە بەشێکی کۆمەڵگا یان لە دەستی وڵاتێك یان چەند کۆمپانیایەکدا دروست دەکا و وا دەردەکەوێ کە ئابووریی وڵاتەکان و ئابووریی جیهانی خەریکی گەشەکردنە، بەڵام بە هۆی ناهاوسەنگبوونی ئەو گەشەکردنەوە، لە نێو خۆیدا هەڵگری قەیرانە و هەر کاتێك دەرەتان پەیدا ببێ ئەو قەیرانە خۆی دەنوێنێ هەر وەك لە ساڵی ٢٠٠٨دا قەیرانەکە سەرەتا لە بازاڕی خانووبەرەدا خۆی نیشان دا، بەڵام لە بنەڕەتدا قەیرانی سیستمی ماڵی و بانکی بوو و هەر زۆر زوو گوازرایەوە بۆ بەشەکانی دیکە و لە جیهاندا بڵاو بووەوە. بۆ چارەسەری ئەو قەیرانەش بوو کە وڵاتانی پێشکەوتوو و خاوەن پارە و سەرمایە، پلانی جۆربەجۆری سەختگیریی ئابووری و کۆنترۆڵی بودجەی

وڵاتەکانی وەکوو یۆنان و ئیسپانیا و ئیرلەند و بەگشتی وڵاتانی ناوچەی یۆرۆیان دارشت و لە راستیدا کەوتنە دارشتنی پلان بۆ کۆنترۆڵی بازار، چوونکە بازاری بیکۆنترۆڵ و بیپلان، چەوساندنەوە و کۆکردنەوەی لە رادەبەدەری سەرمایە لە دەست ژمارەیەکی کەم، بێکاری و قەیرانی ئابووریی بە دواوە دەبی.

گرفتە ئابوورییەکانی وەك قەیرانەکانی بازار و سیستمی بانکی و ماڵی، گرانی و هەڵاوسانی ئابوورییان بە دواوە بووە و ئەم هۆکارانە، دیاردەی بێکاری و بروا نەبوون بە داهاتوویان لێ دەکەوێتەوە و دواجار بێکاری و گرانی، نارەزایی خەڵك و نارەزایی جەماوەرییان بە دواوە دەبی‌و جەماوەری نارازی بەرامبەر بە داهاتووی ژیانیان نیگەران دەبن و سەرچاوەی کێشەکان لە سیاسەتڤانان و بەرپرسانی حکوومەتیدا دەبیننەوە. هەر بۆیەش زۆربەی حیزب و لایەنە سیاسییە دەسەڵاتدارەکان لە کاتی قەیرانی ٢٠٠٨ بەم لاوە کەوتنە بەر رق و توورەیی خەڵك و بۆ هەڵبژاردنەکانی دواتر دەنگیان نەهێنایەوە.

یەکێکی دیکە لە ئاکامەکانی بێکاری و قەیرانی ئابووری، کاریگەری‌دانان لەسەر کولتوور و هەڵس وکەوتی کۆمەڵایەتی وسەرهەڵدانی رەوتێکی توند ئاژۆیە. بەشێکی زیانلێکەوتووی کۆمەڵگا، خەڵکانی بیانی‌و پەنابەر بە هۆکاری بێکاری خۆیان دادەنێن‌و پێیان وایە کە لە سەروەت‌و سامانی ئەوان دەخۆن‌و دواجار خەڵکی رەسەنی وڵاتیان تووشی هەژاری‌و بێکاری کردووە. لێرەشەوە رەوتە راسترەوە توند ئاژۆ و رەگەزپەرستەکان گەشە دەکەن‌و لە هەڵبژاردنەکاندا ئامادەییەکی بەرچاویان دەبێت.

یەکێکی دیکە لە کاریگەرییەکانی قەیرانی ئابووری لەسەر سیاسەتی جیهان و سیاسەتی وڵاتانی رۆژئاوایی، کاریگەری لەسەر رەوتی بەرنامە و سیاسەت و پلانەکانی ئەو وڵاتانە و بەتایبەتی ئامریکا و هاوپەیمانەکانی لە ئورووپا بووە، کە لە ژێر ئەو کاریگەریەدا، نەیانتوانیوە، بە گوێرەی پێویست رۆڵی خۆیان لە ئاستی کێشە سیاسییەکانی جیهاندا بگێرن هەر ئەمەش وای کردووە کە زۆر کێشە بۆ ماوەیەکی زۆر وەك خۆیان بمێننەوە.

بۆ نموونە، کێشەی بەرنامەی ناوکیی کۆماری ئیسلامی چەند ساڵێکە درێژەی هەیە و چ لە بواری دیپلۆماتیك و چ لە باری گوشاری سیاسی و ئابووری و رەوانییەوە، ئامریکا و هاوپەیمانانی هەر چەند گەمارۆ ئابوورییەکانیان لە سەر رێژیمی ئێران زیاد کردوە، بەڵام نەیانتوانیوە بەو جۆرەی کە مەبەستیانە، گوشاری بۆ بێنن. ئەمەش بەشێکی لە بەر ئەوە بووە کە سەرقاڵی کێشە ئابوورییە نێوخۆییەکان بوون و ئەم راستییە بۆتە هۆی پێکهێنانی دەرفەتێك بۆ رێژیمی کۆماری ئیسلامی و رێژیمەکانی دیکەی کێشەخوڵقێن، تاکوو درێژە بە بەرنامە و پیلانگێری و سەرەرۆییەکانیان بدەن.

## ٣-٢ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و باکووری ئافریقا

لە سەردەمی پێش لە بەجیهانیبوونی ئابووری و سیاسەتدا، دەوڵەت تەنیا سەرچاوە یان مەرجەعێك بوو کە شەرعیەت یان توانای ئەوەی هەبوو هەموو بوارەکانی ژیانی مرۆڤەکانی ژێردەسەڵاتی خۆی کۆنترۆڵ و ڕێبەریی بکا. بەڵام ئەم ڕەوتە مێژووییە لە ژێرخانی ئابوورییەوە گۆڕا و دواتر لە بواری سیاسی و کولتووریشدا ئاڵوگۆڕی بە سەردا هات.

لە سەردەمی بەجیهانیبوونی ئابووریدا، دەوڵەت لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، کە پێشتر تەنیا ڕێکخەری بواری ئابووریی هاووڵاتیان بوو، ئیتر ناچار بوو کە توانا و دەسەڵاتەکانی خۆی لەگەڵ هێزە ئابوورییە جیهانییەکان دابەش بکات. لێرەوە بوو کە دەوڵەتەکان ـ کە تاکوو پێشتر ئەرکیان پاراستنی سنوورەکانی خۆیان بۆ نەهاتنی شتومەك بوو ـ خۆیان هەوڵیان دا کە دەروازەکانیان بە ڕووی جیهاندا بکەنەوە. لەم ڕەوتەدا بوو کە پانتایی ئابووریی هاووڵاتیان گرێ درا بە بازاڕی جیهانییەوە و تا دەهات دەسەڵاتەکانی دەوڵەت کەمتر دەبوونەوە. بۆنموونە وڵاتەکانی میسر و توونس لە پێشەوەی ئەم کرانەوە ئابوورییەدا بوون و هەر ئەم کرانەوەیە هەندێك لە توانا و دەسەڵاتەکانی دەوڵەتی بۆ سەرکوتکردنی هاووڵاتیان کەم کردەوەو دواجار لەم دوو وڵاتەدا شۆڕشەکانیان بە کەمترین سەرکوت و کێشە، سەرکەوتن.

لە بواری سیاسییەوە، بەشێکی زۆری جیهان لە ژێر کاریگەری هێژموونیی سیاسەتی ڕۆژئاوا و بەها و نۆرمە سیاسی و ئەخلاقییەکانی جیهانی ڕۆژئاوادایە. تێکنۆلۆژیی پێوەندی و ڕاگەیاندن وایان کردووە کە ئەو بەها و نورمە سیاسییانە، بە هەموو شوێن و قوژبنێکی جیهان بگەیەندرێن و زۆربەی کەس و لایەنە سیاسییەکانی جیهان هەوڵدەدەن بە پێداگری کردن لە سەر هەندێ بابەتی وەك هەڵبژاردن، ئازادی‌و ئازادی تاك‌و...هتد، خۆیان بە هاوشێوەی دەسەڵاتە پێشکەوتوو و دیمۆکراتەکانی ڕۆژئاوا، پێناسە بکەن. لە کەش و هەوایەکی وەهادا، جۆری بیرکردنەوەی تاك و هاووڵاتی بەرامبەر بە سیاسەت و دەسەڵاتداری دەگۆڕێت. بەم شێوەیە ویست و داخوازیی تاکەکان لە هەمبەر گۆڕانی سیاسی گۆڕاوە و هاووڵاتیی جیهانی سێهەم و بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئارەزووی سیستمێکی سیاسیی وەها دەکا کە ڕەواییەکەی لە هاووڵاتیانەوە وەرگیرابێ، نەك لە دەسەڵاتی سیاسی یان هەر هێزێکی سەرووی مرۆڤەوە.

لە بواری کولتووریشەوە بە هۆی نزیکبوونەوەی کولتووورە جیاوازەکان لە یەکتری، هاووڵاتیی سەردەمی بەجیهانیبوون هەڵگری کولتوورێکە کە بەشێکی لۆکاڵییە و بەشەکەی تری جیهانییە. لەم سۆنگەیەوە و لە ژێرکاریگەریی ئەم هەژانە کولتووریەدایە کە بەشێك لە هاووڵاتیانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بوون بە شۆڕشگێڕ و داوای جێگیربوونی بەها جیهانییەکانی وەکوو مافی مرۆڤ دەکەن و بەشێکیشیان بوون بە کۆنەپارێز و بنەماخواز.

## ٤-٢ سیاسەتی نێونەتەوەیی و رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و باکووری ئەفریقا

هەروەك پێشتر باس کرا، ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و باکووری ئەفریقا لە زۆر بواری وەکوو وزە، ئابووری، سیاسەت، و حەشیمەت، رێگای بازرگانی و بازاڕی شتومەك و ...هتدەوە، بۆ هێز و ناوەندە ئابووری و سیاسییەکانی جیهان جێگای بایەخ و گرینگیپێدانە.

لەم ناوچەیەدا هەم ئامریکا و هاوپەیمانەکانی (بەگشتی ئورووپای رۆژئاوا)، بەرژەوەندی و حوزووری مێژووییان هەبووە و هەم رووسیە بەرژەوەندیی سیاسی و ستراتژیك و مێژوویی هەبووە و هەم وڵاتانی وەکوو چین و هیندوستان و برزیل و...هتدیش، خەریکی دۆزینەوەی بەرژەوەندییەکانیانن تێیدا.

ئەوەی کە پەیوەستە بە ئامریکا و بریتانیا و هاوپەیمانەکانیانەوە، لە دوای شەڕی دووهەمی جیهانییەوە کە بریتانیا ئەم ناوچەیەی لە باری نیزامییەوە چۆڵ کرد، ئامریکا بە هێزی نیزامی جێگای گرتەوە و ستراتیژیەتی خۆی لەم ناوچەیەدا لەسەر سێ تەوەر دامەزراند:

- مسۆگەرکردنی هاتنە دەرەوەی نەوت لە ناوچەی کەنداوەوە بۆ نێو بازاڕی نەوتی جیهانی
- رێگەگرتن لە هەر دەوڵەتێکی ناوچەیی یان دەرەکی ، لە سەپاندنی دەسەڵاتی بە سەر ناوچەکەدا.
- پابەندبوون بە پاراستنی مەوجوودیەت و ئاسایشی دەوڵەتی ئیسراییل.

دواتر، ئاسایشی وڵاتانی عەرەبی کەنداویشی پێ زیاد کرا و لەم ساڵانەی دواییدا و لە سەردەمی جۆرج بووش و بەتایبەتی دوای رووداوی١١ی سێپتامبری ٢٠٠١، ستراتیژی ئامریکا لە ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و باکووری ئەفریقا ئەم خاڵانەشی پێوە زیاد کرا:

- شکستهێنان بە تیرۆریزم
- بڵاوکردنەوە و پەرەپێدان بە دێموکراسی
- رێگەگرتن لە دەوڵەتەکانی وەکوو سەدام حسەین و کۆماری ئیسلامی تاکوو چەکی کۆمەڵکوژ وەدەست نەهێنن.

لە پاش شەڕی دووهەمی جیهانی، بە هۆی گرینگیی ئابووری و سیاسیی ئورووپا و ژاپۆنەوە، ئەمریکا بەرنامەی بۆ بڵاوکردنەوەی دێموکراسی لەو شوێنانە هەبوو، بەڵام لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا لە بەر ئەوەی کە ناوچەیەکی پیشەیی پێشکەوتوو نەبوو و مۆدێڕنیتە لەم ناوچەیەدا گەشەی نەکردبوو، بۆیە ئامریکا و رۆژئاوا سیاسەتیان لەم ناوچەیەدا پاراستنی دۆخی جێگیر بوو و کە تەنیا پشتیوانیان لە حکوومەتەکان دەکرد بۆئەوەی لە بەرەی یەکیەتیی سۆڤیەتیدا جێ نەگرن. پاش ١١ی سێپتامبری ٢٠٠١، ئامریکا سیاسەتی خۆی گۆڕی

و نەبوونی دێموكراسی و ئازادی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی، وەكوو یەكێك لە هۆكارەكانی سەرهەڵدانی تیرۆریزم دەستنیشان كرد.
پاش رووخاندنی حكوومەتی تاڵەبان، ئەمریكاو هاوپەیمانەكانی حكوومەتی بەعسیشیان رووخاند، بەو هیوایەی كە لەوێدا رێژیمێكی دێموكراتیك بێتە سەركار تاكوو كاریگەری لەسەر وڵاتانی دراوسێ هەبێت و لە ئاكامدا دێموكراسی لە گشت ناوچەكەدا پەرە بستێنێ. هەروەها ئیدارەی بووش گوشاری خستەسەر حكوومەتی فەلەستین كە هەڵبژاردنی دێموكراتیك ئەنجام بدا. هەر لەو پێوەندییەدا گوشاری خستەسەر هاوپەیمانانی دیكەی وەكوو میسر، كە رێگا بۆ رێفۆرم و كرانەوەی سیاسی خۆش بكەن.
جارێكیان رایس، وەزیری دەرەوەی ئەمریكا، لە زانكۆی قاهیرە وتی: ئەوەی كە تا ئێستا لە رۆژهەڵاتی نێوەراست ئەنجاممان داوە، هەڵە بووە (ئەوەی كە پشتیوانیان لە حكوومەتە دیكتاتۆرەكان كردووە). لە هەمان كاتدا، پۆل ولفۆویتز جێگری پێشووی وەزیری بەرگریی ئامریكا باسی لەوە كرد كە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست پێویستی بە هەژانێك هەیە و ئێمە ئەو هەژانەمان لە عێراقەوە دەست پێكرد و هیوامان وایە كاردانەوەكانی لە ناوچەكەدا ببینین.
بەگشتی لە پاش گۆڕان لە سروشتی سیستمی نێودەوڵەتی، سیستمی هێز، سیستمی شەڕو هەڕەشە، میكانیزمەكانی چارەسەر، بنبڕكردنی ئەم شەڕو هەڕەشانەو هاتنە ئارای ئاشتیو سەقامگیری، لێكۆڵەران پێشنیاریان كرد كە ئەمریكا ئاڵوگۆڕ بە سەر سیاسەتو ستراتژییەكانیدا بێنێ. بۆ وێنە پێشنیاریان كرد بوودجەی تایبەتی سەربازی و ئاسایش كەم بكاتەوە، چوونكە بەهۆی قەیرانی ئابوورییەوە ناتوانێ هەموو ساڵێك بوودجەیەكی گەورە بۆ ئەم بوارە تەرخان بكا.
خاڵێكی دیكەی پێشنیار كراو ئەوە بوو، كە ئەمریكا ئەولەویەتی نوێ لە بواری سیاسەتی دەرەوە دەستنیشان بكا. بۆ نمونە پێشنیار كرا كە ئەمریكا جیاوازی لە نێوان جۆرەكانی هەڕەشەدا بكات- هەڕەشە و مەترسیەگەورەكان و هەڕەشە و مەترسییە مام ناوەندی و بچوكەكان- و میكانیزمی گونجاو بۆ رووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ هەریەكەیاندا، دەستنیشان بكات. تەنانەت سیاسەتی نوێی ئەمریكا بەپێی ناوچەكان گۆڕانی بەسەردا دێو ناوچە گرینگو هەستیارەكانو كەمتر هەستیارەكان جودا دەكرێنەوە.
لەم جۆرە لە داڕشتنی سیاسەتدا، هەڕشەكان بەسەر سێ جۆردا دابەش دەبن:

- بزاڤە توندرەوەكان وەكوو ئەلقاعیدەو رێكخراوە تیرۆریستییەكان
- دەوڵەتانی تەوەری شەڕ وەكوو ئێران، كۆرەی باكوور، سووریە
- دەوڵەتانی رووله گەشەی خێرا وەكوو چین و رووسیە

هەروەها هەڕشەی دوورمەودا بۆ سەر بەرژەوەندییەكانی ئەمریكا و بڵاوبوونەوەی هەژاری،

فراوانبوونی پشێوی، قەیرانو ناسەقامگیریی سیاسی، پیسبوونی ژینگەو ... هتد بەو هەڕشانەوە زیاد دەبن. بۆیە بڵاوکردنەوەی دیموکراسی دەبێتە ستراتیژێك لە سیاسەتی نێودەوڵەتیی ئەمریکادا.

لە بەرامبەر ئەمجۆرە سیاسەتانەی ئەمریکادا، وڵاتانی خاوەن بەرژەوەندی دیکە، جۆریکی دیکە لە سیاسەتیان هەبوو کە هەندێك جار دژ بە ئامریکاش دەوەستانەوە. بۆ نمونە لە سەردەمی هێرشی ئەمریکا بۆ سەر عێراقدا چین و رووسیە و تەنانەت فەرانسەش دژی بوون، یان لە لیبیدا، رووسیە و چین دژی هێرشی نیزامی بوون و لە رووداوەکانی سووریەدا، رووسیە و چین بە ئاشکرا پشتیوانی لە حکوومەتی بەشار ئەسەد دەکەن و رووسیە چەك و کەرەستەی نیزامی دەگەیەنێتە رێژیمی بەعسی سووریە.
لە ژێر کاریگەری بەجیهانیبوونی ئابووری و ئاڵوگۆڕی هێژمونییە سیاسییەکان و گۆڕان لە بنەمای روانینی هاووڵاتیان بەرامبەر بە کولتوور و سیاسەت و نۆرمە جیهانییەکاندایە، کە دەبینین رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و باکووری ئەفریقا تووشی شڵەژان و هەژانێکی مێژوویی بووە و رەوتێکی نوێ لە خۆپیشاندان و نارەزایی دەربڕین و هاتنە سەرشەقامی خەڵك دەستی پێکردووە. هەرچەندە ئەم ڕەوتە بە بەهاری عەرەبی ناودێر کراوە، بەڵام بە عەرەب و ناوچە عەرەبییەکانەوە نەوەستاوە و ناوەستێتەوە و دواجار بۆ ئەوە دەچێ کە ناوەستێتەوە و سەرتاسەری ناوچەکە بگرێتەوە و سیستمی کۆن و روانینی کۆن بۆ هاووڵاتیبوون و سیستمی کۆن لەهەموو ناوچەکەدا، بگۆڕێ.
خۆپیشاندان و سەرهەڵدان و تەنانەت هێرشی نیزامی بۆ سەر حکوومەتەکانی: تاڵیبان، سەدام حسەین و قەزافی، سەرەتاکانی لەنێوچوونی دیکتاتۆرەکانن. خەڵکی ناوچەکە لە لایەکەوە جیهانێکی ئازاد و گەشەسەندوو لە دەرەوە دەبینن و لە لایەکی تریشەوە لە نێو وڵاتەکانی خۆیاندا دەسەڵاتدارانی ملهوڕ و گەندەڵ و سەرەڕۆ بە سەریانەوە زاڵن. هەست کردن بە جیاوازی نێوان ئەم دوو دنیایە بەسە بۆ ئەوەی کە خەڵك لە رێژیمەکان ناڕازی بێ. ئەم ناڕازی بوونە بە ئامادەبوونی فاکتەرە ئابووری، سیاسی و کەلتوورییە نێوخۆییەکان و هەروەها بە پشتیوانی و ئامادەیی فاکتەری دەرەکی، دەبێتە هۆی سەرهەڵدانو ڕاپەڕینی خەڵك. لە نموونەکانی توونێس و مێسرو لیبی و یەمەن و سووریەو ...دا دەبینین کە خەڵك لە سیستمی کۆن و سەرەڕۆ وەزاڵە هاتوون و بەرەو رووخانی دیکتاتۆرەکان هەنگاو دەنێن. بە سەرنجدان لەو گۆڕانکارییانەی کە لە ئەنجامی ئەم رەوتەدا و لە وڵاتێکی وەك: ئەفغانستان، عێراق، لیبی، تونس، میسر و یەمەن ( سەرەڕای هەموو جیاوازیەکانیان) بەدی هاتوون و لە چەند وڵاتێکی دیکەشدا بەڕێوەیە، دەتوانین هەم دڵخۆش بین و هەم نیگەران: دڵخوش بەوەی کە سیستمی

سەرەڕۆیی و دەسەڵاتی سەرکوتکەر لە ناوچەکە بەرەو کۆتایی مێژوویی دەڕوا و چیدیکە دیکتاتۆر و دەسەڵاتە ملهوڕەکان ـ کە هیچ بایەخێك بە مرۆڤ و مافەکانی و رەوایی وەرگرتن لە هاوولاتیان نادەن ـ ناتوانن بەردەوام بن و ئەمرۆ و سبەی، هەر دەبێ بڕۆن.

نیگەرانیش لەوەی کە لە ناوچەکەدا، ساڵانێکی دوور و درێژە سیستمی سەرەڕۆ و دیکتاتۆری زاڵ بووە و هیچ بەهایەك بە هاوولاتیی ئازاد نەدراوە و کۆمەڵگا لە لایەن دەسەڵاتێکی سەرەڕۆ و داپڵۆسێنەرەوە ئیدارە کراوە. ئەمەش وەکوو کولتوورێکی لێ هاتووە و لەوەها بەستێنێکدا سەرهەڵدانی دێموکراسی و دامەزرانی سیستمی دێموکراتیك زۆر دژوار دەبێ و دوژمن و نەیارانی دێموکراسی هەردەم دەتوانن هەڕەشە لەسەر ئەزموونی دیمۆکراسی وڵاتەکان، دروست بکەن.

لە نێو وڵاتەکانی ناوچەدا زۆر گرووپ و بەشی کۆمەڵگا هەن کە لایەنگری گەڕانەوەیەکی بناژۆخوازانەن بۆ بنەما کولتووری و ئایینییەکانی خۆیان دەبن و ئەم گەڕانەوەیەش لە داهاتوودا یەکێك لە مەترسییە هەرە گەورەکانی سەر رێگای دامەزرانی سیستمێکی دێموکراتیك دەبێ.

مەترسییەکی دیکە، ئەوەیە کە لە وەها وڵاتگەلێکدا کە ئەزموونی دێموکراسی نوێ و تازەیە، لە بەر نەسازانی هێز و لایەنەکان، ئاژاوە و بێ سەرەوبەرەیی سەرهەڵ بدا و ئەمە ببێتە بیانوویەك بۆ هێزە پاوانخوازەکان کە بە ناوی پاراستنی نەزم و ئاسایشەوە، دەسکەوتە دێموکراتیکەکان هەڵوەشێننەوە.

لە لایەکی دیکەوە، لە ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، پۆتانسیێلێکی بەهێز بۆ هاتنە سەرکاری ئیسلامییە توندئاژۆکان هەیە کە بەپێی ئەزموون و پەروەندەی ئەوجۆرە توندئاژۆییانە، دەبنە مەترسی بۆ سەر دێموکراسی. دیارە لە بەرامبەر ئەوانەدا، رەنگە هێزە ئیسلامییە میانەڕەوەکان بتوانن جێگرەوەی سیاسییان بن، تاکوو کۆمەڵگا بەرەو توندئاژۆیی و توندوتیژی نەڕوا.

بە هەموو ئەو نیگەرانییانەوە کە لەسەر رێگای دێموکراسی و رەوتی نوێ لە ناوچەکەدا هەیە، پێویستە بە گەشبینییەوە ئاماژە بە دەسکەوتە دێموکراتیکەکانیش بکرێ کە بۆ نموونە لە وڵاتێکی دواکەوتووی وەکوو ئەفغانستاندا هەڵبژاردنی پارلمانی و سەرۆك کۆماری بەڕێوە دەچێ، حیزب و راگەیاندنی ئازاد هەیە، ژنان لە چالاکییەکاندا بەشدارن و لە کابینەی حکوومەتیدا پێنج وەزیری ژن هەیە.

لە عێراقدا بە هەموو کەموکوڕییەکانیەوە پارلمان و حیزب و راگەیاندنی ئازاد هەیە. هێز و لایەنە سیاسییەکان لە ململانێ سیاسییەکاندا بەشدارن و کێشە سیاسیەکان لە باتی رێگای توندوتیژ و چەکداری و یەکتر لە نێوبردن، زۆرتر لە رێگای وتوویژ و دیالۆگ و پەرلەمانەوە چارەسەر دەکرێن.

له لایەکی دیکەوە دەبێ ئەوەمان لە بەرچاو بێ کە بۆ دامەزرانی سیستمی دێموکراتیك لە وڵاتێکی دیکتاتۆر لێدراودا، یەکەم هەنگاو، رووخان و لەنێوچوونی دیکتاتۆر و سیستمی دیکتاتۆرییە.

بە بێ لابردن و رووخانی دیکتاتۆر، ئیمکانی رۆیشتن بەرەو دێموکراسی نیە و دەبێ ئەو یەکەم هەنگاوە هەڵ بگیرێ، بەڵام ئەوە تەنیا سەرەتایە و دامەزرانی دێموکراسی، پرۆسەیەکی مێژووییە کە پێویستی بە هێز و لایەنی سیاسیی میانەڕەو و دێموکراتیكو رێکخراوی مەدەنی هەیە تاکوو پارێزگاریی لێ بکا و هەنگاو بە هەنگاو بەرەو پێشەوەی ببا.

# ٣-    دۆخی ئێران

## ٣-١ سیاسەتی نێونەتەوەیی

سیاسەتی دەرەوەی هەر دەوڵەتیك بەشێوەیەکی سروشتی لەسەر بنەمای "روانگە و گوتار" ە زاڵە کانی  سیستەمی سیاسی ئەو وولاتە ڕاوەستاوە و لەگەڵ "پارادیمی فیکری زاڵ "کە رەفتاری دەوڵەت لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا دەست نیشان دەکات هاوتەریبە. لەم روانگەیەوە سیاسەتی دەروە (خارجی) دەرەنجامی کردەیی روانگەو پێش گریمانەکانی ئەم وڵاتەیە کە بوارە دڵخواز و ویستراوەکانی ئەو وڵاتە دیاری دەکات. کەوایە ئەگەر ئەم روانگانە فرە بن ئەوە دەبێتە هۆی رەفتاری جۆراوجۆر لە ئاستی سیاسەتی دەرەوە، بەڵام ئەگەر تەنیا روانگە و گۆشە نیگایەکی فیکری و ئایدۆلۆژیك زاڵ بێت، ئەوە سیاسەتێکی دەرەکیی یەکپارچە دروست دەبێت.

سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران و ستراتیژی  ئەم وڵاتە لە سیاسەتی دەرەوەدا لەسەر کۆمەڵێك پرەنسیپ یان بەهای ئایدۆلۆژیك دامەزراوە کە دەرەنجامی خوێندنەوەی تایبەتی ئێرانە بۆ ئیسلامی سیاسی. هەروەها سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی لەچوار چێوەی دەستور و بنەما فیکری و فەلسەفیەکانی شەرعیەتی سیستەمی سیاسیی ئێران لەناوخۆ دامەزراوە کە خۆی لە کۆمەڵێك دروشمی توندرەوانەی وەکو: ناردنە دەرەوەی شۆڕش، دژایەتی لەگەڵ وڵاتە رۆژئاواییەکان و بەگشتی بەها لیبراڵییەکان، یارمەتی دانی گرووپە توندڕەوەکان دژی رۆژئاوا و ئەمریکا وئیسرائیل و وڵاتانی سوننەی ناوچەکە و... هتد، خۆی دەبینێتەوە. لەلایەکیترەوە لە لێکۆڵینەوە لە سیاسەتی دەرەوەی ئێراندا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە "باڵاترین بەها" لە روانگەی تیۆریسیەنەکانی  سیستەمی سیاسی ئێرانەوە، مانەوە یان(بقا)ی رژێمی کۆماری ئیسلامی ئێرانە وەکو حکومەتێکی "ئیلاهی" لەسەر زەوی کە رەوایەتی خۆی تەنیا لە "خوداوە" وەردەگرێت و "وەلی فەقیە" لە کاتی غیابی ئیمامی مەهدی نوێنەری ئەوەو زەمینە بۆ شۆڕشێکی سەرتاسەری لەسەر گۆی زەوی دژی کوفر و زوڵم لە جیهاندا بە ڕێبەرایەتی "ئیمامی مەهدی" خۆش دەکات. هەرچەندە نابێت ئەوە رەچاو نەکەین کە لە هەر قۆناغێکدا بەپێی هەل و مەرجی ژینگەی دەرەکیی، کۆماری ئیسلامی ئێران،  ئێران ئامراز و تاکتیکی تایبەت دەگرێتە بەر بۆ ئامانجە باڵاکانی ئەم سیستەمە سیاسیە ئیسلامیە، بەڵام هەندێك فاکتەر و رەگەز هەن کە تەنانەت دەسەڵاتدارە توندڕەوەکانی کۆماری ئیسلامیش دەبێ هەڵسوکەوتی واقعیانەیان لەگەڵدا بکەن و ناتوانن خۆیانی لێ رزگار بکەن، وەکوو: هەڵکەوتەی جوغرافیایی ئێران و ژینگەی دەرەکی و پارادایمی زاڵی سیستەمی نێودەوڵەتی و سیاسەتی نێودەوڵەتی و لەلایەکیتر پێکهاتەی ئاڵۆزی ناوخۆیی

ئێران لەرووی نەتەوەیی و ئایینی و کلتوری و زمانی و...هتد، کە ئێران هەوڵ دەدات بە دروشمی "ئومەتی ئیسلامی" ئەم ناکۆکیە نەتەوەیی و زمانی و کلتوری و ئایینیانە چارەسەر بکات. بەڵام بە بۆچوونێکی تر دەتوانین بڵێین کە سیاسەتی دەرەوەی هەموو وڵاتان بەگشتی و ئێران بەتایبەتی، شوێنکەوتوی "سروشتی هێز" و "بونیاد" و رەگەزە "کۆمەڵایەتی "، "فیکرییەکان" و "سامان"ە لە ووڵاتدا.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، وەکوو ڕێژیمێکی ئیدئۆلۆژیکی بنەماخواز و پاشڤەرۆ، لە باتی لە بەرچاوگرتنی بەرژەوەندییەکانی وڵات و کۆمەڵگای ئێران لە پێوەندییە دەرەکییەکانیدا، گرینگی و ئەولەویەتی بە بەها و بایەخە ئیدئۆلۆژیکەکانی داوە و سیاسەتەکانی لەسەر بنەمای بیرۆکەی دواکەوتووانە و تێکدەرانەی شۆڕشی ئیسلامی و ناردنە دەرەوەی شۆڕش و شەڕی هەتاهەتایی لەگەڵ "شەیتانی گەورە" ئەمریکا و ئیسراییل بونیات ناوە. ئەمەش وای کردووە کە هەمیشە لە کێشە و ئاژاوە وگرفت دا بێت. لەگەڵ نەزم و نۆرمی جیهانیدا و بەردەوام لە ناوەندەکانی هێز و دەسەڵات و ئابووری دوور بخرێتەوە. بە دوای زیاتر لە ٣٠ ساڵ دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامی تا ئێستا، هەڵسەنگاندنو بەراورد کردنی دۆخی ئێران لەگەڵ وڵاتانی وەکوو هیندووستان، تورکیە، برزیل، کۆرەی باشوور و عەرەبستان بە روونی نیشانی دەدا، کە لەم سێ دەیەیەدا، ئەوانە گەیشتوونەتە کوێ و ئێران بەرەو کوێ گەڕێندراوەتەوە.

لە کۆڵەکەکانی سیاسەتی نێونەتەوەیی کۆماری ئیسلامی دەتوانین ئاماژە بەمانە بکەین:

- بە دوژمن زانینی ئامریکا وپڕوپاگەندەی بەردەوام لە هەمبەر ئەوەی کە گوایە بە دژی ئێران پیلان دەگێڕێ.
- دانانی ئیسرائیل بە ماکەی شێرپەنجەو بانگەشەی بەردەوام، لە هەمبەر لە ناوچوونی.
- ئاژاوە نانەوە لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستو پشتیوانی کردن لە تیرۆر و توندئاژۆیی، لەسەر بنەمای بیرۆکەی ناردنە دەرەوەی شۆڕش.
- هەوڵدان بۆ کاریگەری دانان لە سەر دیاری کردنی نرخی نەوت لە ڕێکخراوی ئۆپێکدا لە ڕێگای سیاسەتگەلێکی وەك هەڕەشە کردن سەبارەت بە داخستنی گەرووی هورمز بە مەبەستی ڕێگری کردن لە رۆیشتنی نەوت بۆ دنیای دەرەوە.
- دژایەتیکردنو پیلانگێڕی بە دژی هێزە سیکۆلارو دیمۆکراتیەکانی ناوچەو پشتیوانی کردنی ئاشکرا(تەنانەت بە چەك و هێزی سەربازی ) لە گروپە تیرۆریستەکانو دەسەڵاتە سەرکوتکەرەکانی وەك: حیزبوولڵای لوبنان، تالیبانو رژیمی بەعسی سوریەو ...هتد.
- پشتیوانی کردنی تیرۆر لە ئاستی نێونەتەوەییدا، هەر لە بەر ئەم سیاسەتەیە کە لە چەندین شوێنی دنیادا بە تیرۆریست بوونو ناردنی گروپی تیرۆریستی تاوانبار کراوە و تەنانەت

حوکمی دادگاشی لە سەر دراوە. لەو وڵاتانەی کە پەروەندەی تیرۆریستی هەیە، دەتوانین ئاماژە بە: ئەڵمان، ئوتریش، ئارژانتین، کنییا، نیجریە، گورجستان، ئازەربایجان، تایلەند، هیندوستانو ...هتد، بکەین.
ـ هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی چەکی ناوکی، کە ئیستا گەورەترین کێشەی کۆماری ئیسلامیە لەگەڵ جیهانی ئازاددا.
بەم پێیە، دەبینین کە هەموو فاکتەرەکانی سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی، لەگەڵ سیاسەتە ستراتژیکەکانی رۆژئاوا لە ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، کە پێشتر باسکران، لە دژایەتیدان و لەبەر ئەم جۆرە کردەوەو سیاسەتانەیە کە بەرەیەکی جیهانی دژ بە سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی پێك هاتووە و رۆژ بە رۆژ گەمارۆی ئابووریی زیاتر و سزای زیاتر بە سەر رێژیمی کۆماری ئیسلامیدا دەسەپێنرێن. لە لایەکی ترەوە و لە ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستیشدا، سیاسەتی کۆماری ئیسلامی بۆ پشتیوانی لە تیرۆریزم و دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتانی دیکە و ئاژاوەگێڕییەکانی، بوونەتە هۆی تەریك کەوتنەوەی کۆماری ئیسلامی. لەمبارەوە لە لایەکەوە وڵاتانی عەرەبی یەکگرتوو دەبن بە دژی و لە لایەکی دیکەشەوە گەمارۆ ئابوورییەکانی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی تەنانەت وڵاتێکی وەك تورکیە و ئیماراتیشیان لێ دوور خستووەتەوە.
پشتیوانی کۆماری ئیسلامی (هەم لە ڕووی چەكو تەقەمەنی و هەم لە ڕووی سیاسیو داراییەوە) لە رژێمی بەشار ئەسەدو دەستێوەردانی ڕاستەو خۆو ئامادەیی سوپای پاسداران لەم وڵاتەدا (بە دانپێدانانی چەند فەرماندەیەکی سەربازی رێژیم) بووەتە هۆی ئەوەی هەم لە بەر چاوی خەڵکی ناوچە دزێوتر بێتو هەم کۆمەڵێك کێشەی زێدەتریشی لەگەڵ وڵاتێکی وەك تورکیەو عەرەبستانو قەتەر، بۆ بخولقێن.
رێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ئاستی جیهانیدا، دڵی بەوەندە خۆشە کە رووسیە و چین دژ بە سیاسەتەکانی ئامریکا هەنگاو هەڵدێننەوە. ئەمە وای کردووە کە بازاڕی نیزامی و تیجاریی ئێران بە تەواوی خراوەتە خزمەت شتومەکی رووسی و چینییەوە. ئاسمان و مووشەکی ئێران لە دەستی رووسیەدایە و زەمین و بازاڕیشی بۆتە بەشێك لە بازاڕی چین، بۆ فرۆشتنی شتومەکی بێ بایەخ و بەنرخی گران دابینکراوی چینی.
کۆی ئەم جۆرە سیاسەتانەی کۆماری ئیسلامی، بەتایبەتی لە پێوەندی لەگەڵ بەرنامە ناوکییەکەیدا، کە بەشێکی زۆری جیهان بە بەرنامەی دەستڕاگەیشتن بە چەکی ناوکیی دەزانێ، وایکردووە کە هاوپەیمانییەکی جیهانی دژ بە سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی درووست ببێت. رەوتی دانیشتن و دانووستانەکانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ وڵاتانی جیهان و بەتایبەت گرووپی ٥+١، ئەوەیان نیشان داوە کە ئەم دانیشتن و ئەم وتوویژانە هەر وەك

پێشتر دەمانزانی و ئاماژەمان پێکردبوو، تەنیا بۆ درێژکردنەوەی کات بووە، چونکە رێژیم هاوکات لەگەڵ دانیشتنو وتووێژەکان، بەردەوام بەرنامەکانی خۆی پەرە پێ داوە. ئەگەر چەند ساڵ لەمەوبەر باس لەسەر پیتاندنی یۆرانیۆم بوو و لەو بارەوە بڕیاری شوورای ئەمنییەتی بە دژ دەرکرا، ئێستا پیتاندنەکەی لە ئاستی ٢٠٪ و ٢٧٪دا، پەرە پێداوە. راپۆرتە نیزامی و ئەمنییەتییەکانی رۆژئاوا باس لە ٦ مانگ تا ساڵێك دەکەن تاکوو ئێران یۆرانیۆمی پێویست بۆ دروستکردنی بۆمبێکی ناوکی ئامادە بکا.

ئەم پەروەندەیە و بەتایبەت دانیشتنەکانی ساڵی ٢٠١٢، لە ئیستانبول و بەغدا و مۆسکۆ نیشانیان دا کە کۆماری ئیسلامی لەسەر بەرنامەکانی سوورە پێی وایە کە دەتوانێ لە هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری ئەمریکاو رکەبەریی نێوان کاندیدەکانی ئەو هەڵبژاردنە و ئابووریی لاوازی ئورووپا و هەڵوێستی هاندەرانەی رووسیە و چین، کەڵك وەربگرێ و وەك خامنەیی دەڵێ، بە لووتکە بگا. ئەمانە وایان کردووە کە گەمارۆی زیاتر و زیاتر بە دژی کۆماری ئیسلامی پەسەند بکرێت و گوشارەکان جیددیتر ببنەوە و دواجار لە هەمیشە زیاتر، تەریك بکەوێتەوە.

## ٣-٢ دۆخی ئابووری

ئێران هەرچەندە لە باری سامان و سەروەتی سرووشتییەوە، وڵاتێکی دەوڵەمەندە و هەموو جۆرە کانگایەکی ژێرزەمینی وەك نەوت و گاز و بەرهەمی سرووشتی و کشتوکاڵیی، هێزی مرۆیی کارامە و کاریگەری پێویستی هەیە، بەڵام لەبەر سیاسەتە دواکەوتووانەکانی کۆماری ئیسلامی و ئاژاوەگێڕییەکانیو لاوازیی سیستمە ئابوورییەکەی، ئابووری ئێران لەوپەڕی خراپی خۆیدایە و بەرەو قەیرانێکی هەمەلایەنە هەنگاو دەنێ.

بەپێی ئامارەکانی خودی رێژیم نزیك بە ١٤ تا ١٥ میلیۆن کەس لە خەڵکی ئێران لە ژێر هێڵی هەژاریدا دەژین. ئەم لێدوانە لە ساڵی ١٣٨٨دا دراوە کە بە لەبەرچاوگرتنی گەلاڵەی ئامانجدارکردنی یارانەکان، ئەم رێژەیە زۆرتر دەبێ. (بڕوانە پاشکۆ، ژمارە ٣)

ناتوانرێ لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنێکی ورد لە سەر نرخی بێکاری لە ئێراندا بکرێ، چوونکە ناوەندە پێوەندیدارەکان، یان ئامارەکان راناگەیەنن یان ئەوەی کە ئامارەکان بەپێی ویستی دەزگاکانی رێژیم بڵاو دەکرێنەوە کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی، نە زانستی بن و نە جێی متمانە. (بڕوانە پاشکۆ، ژمارە٤)

بەڵام سەرەڕای ئەمانەش، ئامار و لێدوانەکانی بەرپرسانی رژیم، هەندێك لە دۆخی خرابی کارو بێکاری لە ئێراندا دەر دەخەن. (بڕوانە پاشکۆ، ژمارە ٥)

هاوکات لەم ماوەیەدا هەم داهاتی نەوتی رژیم کەمتر بۆتەوەو هەم نرخی دراو بەرز بۆتەوە.

(بڕوانە پاشکۆ، ژمارە ٦)
بەو هەموو گرفت و کێشەی ئابوورییەوە کە وڵاتی ئێران لەبەر سیاسەتە چەوتەکانی کۆماری ئیسلامی تێی کەوتووە، رژیمی ئیسلامی گەڵاڵەی ئامانجدارکردنی یارانەکانی بە شێوەیەکی سەقەت و لە کاتێکی نالەباردا خستەگەر، کە لە راستیدا گەڵاڵەی ماڵوێرانیی ئابووری بۆ چینی مام ناوەند و کارمەندی وڵات بوو. لەو گەڵاڵەیەدا نرخی سووتەمەنی و شتوومەکە بنەرەتییەکان وەك خۆیان دەڵێن ئازاد کران و حەقدەست و داهاتی کرێکار، فەرمانبەر، کاسبکار و کارگادارەکان زیاد نەکرا و بەم شێوەیە گرانیی چەندقات رووی لە بازاڕی کارو شتومەك لە ئێراندا کرد و سووتەمەنی و نان و خۆراکی خەڵك گران بوون و دواجار هەژاری و نەداری لە وڵاتدا پەرەی سەندووە.
بەپێی گەڵاڵەی ئاماژە پێدراو، دەوڵەت، بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە داهاتی گرانبوونی سووتەمەنی دابەش دەکا بە سەر خەڵکی ئاسایی و ماڵەکاندا و مانگانە پارەیەکیان دەداتێ. لەم پێوەندییەدا ئەحمەدی نەژادی سەرۆك کۆماری رێژیم رایدەگەیاند، خەڵك کە ئەو هەموو پارەیەیان دەست دەکەوێ، نابێ بە یەکجاری هەمووی خەرج بکەن! سەرەڕای هەموو ئەمانە بەڵام ئاکامی ئەو گەڵاڵەیە بۆتە هۆی داخرانی کارگا و کارخانەکان، بێکاری لە رادەبەدەر و ماڵوێرانیی چینی مام ناوەند، بێکاریی چینی کرێکار، گرانی و هەڵاوسانی ئابووری. بە دەربڕینێکی تر، رێژیم لە رێگەی ئەم گەڵاڵەیەوە خەریکە خەڵك دەکا بە چاو لەدەستی حکوومەت و دەسەڵات، تا چاوەڕوان بن بزانن چەند مانگ جارێك پارەیەکی کەمیان بداتێ، بۆ ئەوەی لەبرسان تێدا نەچن.
لە دۆخێکی وەهادا کە کارخانە و کارگاکا دادەڕمێن و سەرمایەدانانی بیانی نامێنێ و وڵات کەوتۆتە ژێر گەمارۆوە، سپای پاسدارانی رێژیم قۆناغ بە قۆناغ و بنکە بە بنکە، هەموو رەهەندێکی ئابووریی وڵات بە چنگەوە دەگرێ و ئێستا ئیدی کارگا و سەرمایەیەکی گەورە لە ئاستی وڵات و ناوچە و پارێزگاکاندا نەماوەتەوە، کە نەکەوتبێتە دەست سپای پاسداران. هەموو بازاڕ و هەموو بەشەکانی بەرهەمهێنان و تەنانەت وەزارەتی نەوت و وزە و بەشەکانی پێوەندی و تێکنۆلۆژی و ئاوەدانکردنەوە و رێگاوبان و ... هتد، بە کورتی هەموو شاڕەگە ئابوورییەکانی وڵات، لە ژێر چنگی سوپای پاسداران و فەرماندە تاڵانکەرەکانی ئەو دامەزراوەیەدان.

## دۆخی کرێکاران لە ئێراندا

بەپێی دۆخی نالەباری ئابووری و ئەو شتانەی کە سەبارەت بە هەژاری و بێکاری و رێژەی هەڵاوسانی ئابووری باس کران و بە هۆی بەرینتر و جیددیتربوونەوەی گەمارۆ ئابوورییەکانەوە،

کە داخستنی کارگە و کارخانەکانی بەدواوە بووە، هەروەها بە هۆی هاوردەکردنی شتومەك بە شێوەی قاچاخ بۆ نێو وڵات (تەنیا لە ساڵی ٨٠دا بایی ٢٠ میلیارد شتی قاچاخ دۆزراوەتەوە) وبە گشتی سیاسەتە چەوتە ئابوورییەکانی ڕێژیم، گوشارەکانیش بۆ سەر ژیانی کرێکاران و چینی خوارووی شارەکان و کۆمەڵگا، زیاد بوون و بەردەوامیش دەبن.
لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی ڕابردوودا، ژمارەیەکی زۆر لە کارگاکان داخراون و ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆر کرێکاریش لەسەر کار نەمێنن. ئەم پرۆسەیە ناڕەزایی کرێکارانی بەدواوە بووە و کۆمەڵێك مانگرتن و ناڕەزایی دەربڕین و خۆپیشاندانی کرێکاریی لێ کەوتۆتەوە، کە کۆماری ئیسلامی وەك هەمیشە لە باتی بەدواداچوونی ویستی ئەو خەڵکە، دەستی داوەتە سەرکوت و داپڵۆسینی کرێکارانی ناڕازی و ژمارەیەکی زۆری لێ دەستبەسەر و ڕەوانەی زیندان کردوون.
لەو نێوەدا، ئەگەر جاربەجار دەوڵەت و و دەزگای جێبەجێکاری ڕێژیم هەوڵێکی تەواو نەزۆکی بۆ کەمکردنەوەی قەیرانە ئابووری و کرێکارییەکان و چارەسەرکردنی بێکاری دابێ، دواجار لەبەر سیاسەتە نادروست و چەوتەکانی و لەبەر گەندەڵی و تاڵانچیەتیی کۆی سیستمەکەی و دەسەڵاتبەدەستەکانی، ئەو جۆرە هەوڵانەش هەر لە سەرەتادا شکستیان هێناوە. نموونەی هەرە بەرچاوی ئەو جۆرە گەندەلی و تاڵانانەی ڕێژیم کە تا ئێستا ئاشکرا کراون، پەروەندەی گەندەڵیی ٣٠٠٠ میلیارد تمەن و هەروەها پەروەندەی "ڕێکخراوی دابینکرانی کۆمەڵایەتی" ئێرانە، کە دەسەڵاتدارانی هەرەبەرزی ڕێژیمی تێوە گلاون.
بازاڕییەکانی تاران، سەندیکای کرێکارانی شیرکەتی واحێدی ئوتووبوسی تاران، کرێکارانی نەیشەکەری هەفت تەپە، کرێکارانی بەرق فلزی کرماشان و ...هتد، لەو کرێکار و سەندیکایانەی ئێران بوون کە لەم ماوەیەدا بە دژی وەزعی نالەباری ئابووری و چەوساندنەوەی کرێکاران و کاسبکاران بە دەستی ڕێژیم، ناڕەزاییيان دەربڕیوە و نیشانیان داوە کە خەڵك بە تەواوی تەسلیمی سیاسەتی سەرکوتی ڕێژیم نەبووە.

## ٣-٣ پرسی ژنان

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی تا هەنووکەش لەسەر سیاسەتی چەوساندنەوە و مافزەوتکردنی ژنان بەردەوام بووە و بەردەوام گەڵاڵە و ڕەوتی نوێ لە گوشارهێنان بۆ سەر ژنان دێنێتە کایەوە لە نێو دانشگا و شوێنە فێرکارییەکاندا باسی جیاکردنەوەی ژنان و پیاوانی کردووە و لە ئاستی کۆمەڵگاشدا بە ناوی پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵایەتییەوە، سووکایەتییەکی یەکجار زۆری بە ژنان کردووە، کە وێنەکانی ئەو سەرکووتکردن و سووکایەتیپێکردنە لە لایەن دەزگای ئینتیزامیی ڕێژیمەوە، لە جیهاندا بڵاو بوونەتەوە. ئەمە لە حاڵێکدایە کە لە کاتی

شانۆگەرییەکانی تایبەت بە هەڵبژاردندا، بە مەبەستی چاوبەست کردن و راکێشانی سەرنجی خەڵك، هەستیاری بەرامبەر بەم بابەتە نیشان نادەن. تەنانەت کەسێکی وەك ئەحمەدی نەژاد لە کاتی بەناو هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماریدا، بە ئاشکرا رایگەیاند کە کێشەی دەوڵەت دەرکەوتنی تاڵی قژی ژنان نییە. بەڵام دواجار بە مەبەستی رێگری لە هەرجۆرە ئازادییەك و سەرکوتکردنی هەرچی زیاتر و چاوترسێن کردنی خەڵك، ناو بو ناو لەژێر ناوی گەلاڵەی جۆراوجۆردا دەست دەدەنە داپڵۆسینی ژنان لە نێو شەقام و پارکەکاندا و بەمجۆرە سوکایەتی بە کەرامەتی مرۆیی ژنان دەکەن.
ژنانی کورد، سەرەڕای ئەو هەموو ستەمەی کە بە بۆنەی ژنبوونەوە لێیان دەکرێ، بە بۆنەی کوردبوونیشەوە ستەمی دووقاتیان لەسەر بووەو سەرەڕای ئەوەش لە بواری وەدەستخستنی مافی خۆیاندا چالاك بوون.
چالاکانی بواری مافەکانی ژنان و ژنانی چالاکی مەدەنی، سیاسی و فەرهەنگی، بە شێوەیەکی زۆر بێبەزەییانە گوشاریان دەخرێتەسەر و لە کاتی گیران و دەستبەسەرکردنیاندا ئەشکەنجە و ئازار دەدرێن.
بەپێی راپۆرتی ناوەندەکانی مافی مرۆڤ هەتا سەرەتای ساڵی ٩٠ی هەتاوی لە کۆی ٢٠٠ چالاکی ژن کە دەستبەسەر کرابوون، ٨٠ کەسیان بە تاوانی سیاسی و عەقیدەتی لە زینداندا بوون.
هەر ئێستا زۆرێك لە چالاکانی ژن و لە نێو ئەوانیشدا ژنانی چالاکی کورد، لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدان. تاوانی ئەوان تەنیا بەرگری لە مافەکانی مرۆڤ بووە. لەوانە دەتوانین ئاماژە بە ژنە چالاکی کورد زەینەب جەلالیان و نەسرین ستوودە (پارێزەری مافی مرۆڤ) بکەین، کە لە خەرمانانی ١٣٨٩دا بە ١١ ساڵ زیندان حوکم دراوە. نەسرین ستوودە براوەی خەلاتی مافی مرۆڤی رێکخراوی مافی مرۆڤی نێونەتەوەیی و هەروەها خەڵاتی کومیتەی نێونەتەوەیی مافی مرۆڤی ئیتالیا، بوو.
پێدانی خەڵاتە نێونەتەوەییەکان بە بزووتنەوەی ژنان و چالاکانی ژن، نیشانەی چالاك بوونی ئەم بزووتنەوەیەیە لە ژێر توندترین گوشارەکانی رێژیمدا. (بڕوانە پاشکۆی، ژمارە ٧)
سەرەڕای سیاسەتی دژی ژنی کۆماری ئیسلامی، بەڵام تێڕوانینە هەڵەو نەریتییەکانی بەشێك لە کۆمەڵگای ئێرانیش، یەکێکی دیکەن لە هۆیەکانی ستەمو چەوسانەوەی ژنان.

### ٣-٤ بزووتنەوەی خوێندکاری

لە سەرەتای هاتنەسەرکاری رێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە، زانکۆ و دەسەلاتی کۆماری ئیسلامی لە دژایەتییەکی تەوادا بوون و هەرچەند رێژیم هەوڵی داوە کە زانکۆ بخاتە ژێر

رکێڤی خۆیەوە، بەڵام تاکوو ئێستا نەیتوانیوە بەم ئامانجە بگات. بە پێچەوانەوە هەر جارە و لە ژێر کاریگەریی رووداوێکی دیاریکراودا، زانکۆ و بزووتنەوەی خوێندکاری سیمای راستەقینەی خۆیان وەردەگرنەوە و بەگژ دەسەڵاتی دیکتاتۆریدا دەچنەوە.

لە ساڵی ١٣٥٩دا رێژیم بە گەڵاڵە و پیلانی بەناو شۆڕشی فەرهەنگی، زانکۆی داخست. بەڵام هەمان زانکۆ و بزووتنەوەی خوێندکاری لە ساڵی ١٣٧٨دا بەگژ رێژیمدا چووەوە و رێژیم بە شێوەیەکی سەرکوتکارانە هەوڵی کۆنترۆڵکردنی زانکۆ و خوێندکارانی دا.

لە ساڵی ١٣٨٨دا و دوای بەڕێوەچوونی شانۆی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری، بزووتنەوەی خوێندکاری وەکوو بەرهەڵستکاری سەرەکی سەری هەڵ دایەوە و زانکۆ بوو بە مەکۆی خۆپیشاندان و بەرخۆدان و بوو بە بنکەی سەرهەڵدانی هەرچی زیاتری دروشمە پێکهاتەشکێنەکان بە دژی رێژیمی ویلایەتی فەقیهی و بەمجۆرە بنەمای رێژیمیان بردە ژێر پرسیارەوە.

ئەم هەڵوێست و هەڵسوکەوت و جموجوڵە خوێندکارییانە، رق و بێزارییەکی زۆریان لە لای دەسەڵاتداران دروست کرد. بۆیە بە شێوەیەکی دڕندانە کەوتنە هێرشکردنە سەر خوێندکاران و چەندین خوێندکار شەهید کران و ژمارەیەکی زۆر دەستبەسەر و ژمارەیەکی یەکجار زۆرتریش لە خوێندن بێبەش کران.

لەنێو شەهیدانی خوێندکار لە ساڵەکانی ١٣٨٨ و ١٣٨٩دا، دەتوانین ئاماژە بە خوێندکارە کوردەکانی وەکوو کیانووش ئاسا، محەممەدجەواد پەرەنداخ، محەممەد موختاری و سانع ژاڵە بکەین.

بەپێی ئاماری ناوەندەکانی مافی مرۆڤ لە ساڵی ١٣٨٨دا، ٣١٤ خوێندکار بانگهێشتی ناوەندەکانی لێکۆڵینەوەی ئەمنییەتی و سەربازی کراون و لەئەنجامدا ٨٥١ تێرم بێبەش بوون لە خوێندن، بۆ خوێندکاران دەرچووە. هەر لەو ساڵەدا ٨٩ بڵاوکراوەی خوێندکاری داخراون.

لە خەرمانانی ١٣٨٨دا، خامنەیی داوای پێداچوونەوەی بە ناوەڕۆکی ماددە دەرسییەکانی زانکۆ و بەتایبەت زانستە مرۆییەکان کرد و ئاکامی ئەم بڕیارە بوو بە خانەنشینکردنی زۆر مامۆستای بەناوبانگ و هەروەها جێبەجێکردنی گەڵاڵەی جیاکردنەوەی کوڕان و کچان لە زانستگاکاندا.

سەرەڕای ئەوانە، بۆ خوێندنی خوێندکاران چەندین یاسای دیکە بەکار دەبرێن، کە هەڵاواردنی زۆری پێك هێناوە و تا دێ زیاتریش دەبێ. خوێندنی کچان لە چەندین بواری زانستگاییدا لابراوەو تەنیا بۆ کوڕان دابین دەکرێ. هەروەها بەر بە خوێندنی پەیڕەوانی ئەو ئایینانە دەگیرێ کە یاسای کۆماری ئیسلامی دانی پێدا نەناون، وەکوو پەیڕەوانی ئایینی بەهایی و ئایینی یارسان. ئەوانیش بۆ درێژەدان بە خوێندن ناچار دەبن ئایینەکەیان بشارنەوەو خۆیان وەکوو پەیڕەوی شیعە بناسێنن.

بۆ خوێندکارانی کوردیش چەندین بەربەست دروست کراوە. لە گوزینش و ئەستێرەدارکردنەوە هەتا بوومیکردنی زانستگاکان، بە دژی خوێندکارانی کورد یاسا دەر کراوە. ئەو بوومیکردنی زانستگایانە بۆتە هۆی ئەوە کە دەرەتانی کەمتر بە خوێندکارانی کورد دەدرێ تا لە زانستگا گەورەکانی ئێراندا بخوێنن. گرفتێکی دیکەی خوێندکارانی کورد، دوای تەواو کردنی خوێندن دەست پێ دەکا، کە یان کاریان دەست ناکەوێ یان بۆ دامەزران لە شوێنە دەوڵەتییەکاندا وەر ناگیرێن. ئەمەش لەبەر ئەو هەموو هەڵاواردن و بەربەستانەیە کە لەسەر رێگایانن.
بزووتنەوەی خوێندکاری لەبەر تایبەتمەندیگەلێکی وەك: رەخنەگر بوون، پرسیارخولقێنی، گەنج بوونی هێزەمرۆییەکەی، قەت چۆکی بۆ رێژیم دانەداوە. ئەگەرچی زۆرجار بەهۆی سەرکوتە درِندانەکانی رێژیمەوە دەشێت بێدەنگ بووبێت، بەڵام زۆری پێ نەچووە، کە سەری هەڵداوەتەوە و وەك دژبەرێکی قورس و قایمی سەرەرِۆیی خۆی نواندووە. لە راستیدا بە سەرنجدان لە هەوراز و نشێوەکانی بزووتنەوەی خوێندکاری، دەتوانین بڵێین کە رێژیم بە هیچ شێوەیەك ناتوانێ ئەو بزووتنەوەیە بۆ هەمیشە بێدەنگ بکات.

## ٣-٥ دۆخی مامۆستایان

توێژی مامۆستایان لە ئێراندا گوشاری زۆریان لەسەر بووە و لەبەر وەزعی خراپی ژیان و کاریان، بەردەوام لە مانگرتن و نارِەزایەتی دەربرِیندا بوون.
بە زۆر خانەنشینکردنی مامۆستایانی زانکۆ، داهاتی کەم، لانیکەمی خزمەتگوزاریی و بەها نەدان بە پەروەردە و خوێندن، لەو هۆکارانە بوون کە مامۆستایانیان بەرەو لای نارِەزایی دەربرِین هان داوە. لەمبارەوە مانگرتنی سەرتاسەریی مامۆستایان لە رۆژەکانی ٦ تا ٨ی گوڵانی ١٣٨٨ی هەتاوی، کە لە سێ رۆژدا و بە شێوەیەکی پلان بۆ دارِێژراو و رێکخراو بەرِێوە چوو، یەکگرتوویی مامۆستایانی بەرامبەر بە ستەمکاری و چەوسانەوە نیشان دا.
رێژیمی کۆماری ئیسلامی وەکوو هەمیشە و لە هەموو بوارەکانی دیکەشدا، سەبارەت بە مامۆستایانی نارِازیی، سیاسەتی سەرکوت و زەبروزەنگ وەپێش دەگرێت و چالاکانی سەرەکیی ئەو نارِەزایی دەربرِینانە دەسبەسەر دەکات و لە زیندانەکاندا دەیانخاتە ژێر ئەشکەنجە و ئازارەوە.

## ٣-٦ دۆخی مافی مرۆڤ لە ئێراندا

ئەوەی بە درێژایی ماوەی دەسەڵاتداری کۆماری ئیسلامی مانا و واتایەکی نەبووبێ، مرۆڤ و مافەکانی مرۆڤ بووە. بەردەوام ئەوپەرِی ستەم و پێشێلکاریی بەرامبەر بە مرۆڤ رەچاو کردووە و گوێی بەوە نەداوە کە لە دەورووبەر و جیهاندا چۆن دەرِواننە رێژیم. هەر

لە سەرەتاوە خومەینی فەرمانی کوشتوبڕی بە دژی ڕۆژنامەنووسان و چالاکانی سیاسی و دژبەرانی دەرکرد و فەرمانی جیهادی بە دژی نەتەوەی کورد ڕاگەیاند و لەو کاتەوە تاکوو ئێستا، کارنامەی ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهی، کارنامەیەکی پڕ لە سەرکوت، ئێعدام، ئەشکەنجە، زیندانیکردن، ماڵوێرانکردن و دەربەدەرکردنی خەڵك بووە و قەت بۆ ساتێك لە پێشێلکردن و بەزاندنی سنوورەکانی مافەکانی مرۆڤ، ڕانەوەستاوە.

لەم چەند ساڵەی دواییشدا وەکوو نەریتی هەمیشەیی، سەرکوت و توندوتیژی و پێشێلکاریی بەردەوامی هەبووە، کە ئاماژە بە چەند نموونەیەکیان دەکەین.

ڕەوتی ئێعدامکردنی خەڵك و چالاکانی سیاسی بە شێوەیەك بووە، کە ئەمە چەند ساڵێکە لە باری ژمارەی ئێعدامەوە لە جیهاندا لە پاش چین دووهەمە و لە باری ڕێژەی ئێعدام بە گوێرەی حەشیمەتەوە، یەکەمە. (بڕوانە پاشکۆ، ژمارە ٨)

لەم چەند ساڵەی دواییدا بە درێژەکێشانی ڕەوتی پێشێلکرانی مافی مرۆڤ لە ئێراندا، کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان چەندین بڕیارنامەی سەبارەت بە پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لە ئێراندا دەرکردووە. (بڕوانە پاشکۆ، ژمارە ٩و ١٠)

لە خاکەلێوەی ١٣٩٠دا، ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، ئەحمەد شەهیدی وەك نوێنەری تایبەتی بۆ مافی مرۆڤ لە ئێراندا دیاری کرد. ناوبراو سەرەڕای ئەوەی کە تا ئێستا ڕێگەی پێنەدراوە بچێتە ئێرانو لە نزیکەوە چاوەدێری دۆخی مافی مرۆڤ لە ئێراندا بکا، بەڵام چەند ڕاپۆرتێکی لەسەر وەزعی نالەباری مافەکانی مرۆڤ لە ئێراندا بڵاو کردوونەتەوە.

## ٣-٧- دیاردە دزێوە کۆمەڵایەتییەکان

هەڵاوسانی ئابووری، پاوانکردنی ئابووری لە دەستی بەڕێوەبەران و دەستوپێوەندەکانی ڕێژیم، نەبوونی هیوا بە داهاتوو لە نێو لاوان و خوێندەڤاناندا، شکست هێنانی کارگا و کارخانەکان، تەرخانکردنی دەرفەتە کارییەکان بۆ دەستوپێوەند و بەستراوەکان بە ڕێژیم، یاسا چەوسێنەر و ستەمکارانەکان و هەروەها پاڵپشتی لە هێزە کۆنە پارێز و دواکەوتوو و توندئاژۆکانی کۆمەڵگا وایان کردووە کە دیاردە دزێوە کۆمەڵایەتییەکان لە ئێراندا بەردەوام لە پەرەسەندندا بن.

لە ژێر دەسەڵاتی ویلایەتی فەقیهدا و سەرەڕای بانگەشەی بەردەوامی کاربەدەستان سەبارەت بە گەشەپێدانی ئابووری و پەرەپێدانی ژیان و خۆشگوزەرانی، کەچی بێکاری، خۆکوژی، تووشبوون بە ماددە سڕکەرەکان، لەشفرۆشی، هەڵاتنی مێشکەکان، تەڵاق و دیاردە دزێوەکانی دیکە پەرە دەستێنن و ئاستی مەترسیدار تێدەپەڕێنن. (بڕوانە پاشکۆ، ژمارە ١١)

لە دۆخێکی کۆمەڵایەتی وەهادایە کە دزی، نەخۆشییە دەروونییەکان، لەشفرۆشی، هەڵاتن لە

ماڵەوە و چەندین دیاردەی دیکە ڕوو لە زیادبوون دەکەن. هەندێك بیرمەند باس لە لەنێوچوونی ویژدانی گشتی دەکەن، بە شێوەیەك کە خەمۆکی و دابڕانی کۆمەڵایەتی پەرە دەستێنێ و کۆمەڵگا و گرووپەکان بەرامبەر بە هەڵسوکەوتی ڕێژیم بەنیسبەت گرووپەکانی دیکەوە، بێ‌هەڵوێست دەبن. بۆ نموونەی ئەو دیاردانەش، ئاماژە بە ژمارەی بەرچاوی خەڵك دەکەن کە بۆ چاولێکردن لە ئێعدامی کەسانی دیکە کۆ دەبنەوە و هەندێك جار چەندین کاتژمێر تا ڕوودانی لەسێدارەدانەکە لە چاوەڕوانیدا دەبن.
فاکتەرێکی گرینگ کە دەتوانێ لەسەر تەندروست و خاوێنبوونی کۆمەڵگاو ئاسایشی دەروونیی تاکەکان کاریگەریی باشی هەبێ، وەرزشە. وەرزش دەتوانێ هەم لە سەر پێشکەوتنی کۆمەڵگاو هەم لەسەر ژیانی ئاسوودەی تاکەکان دەوری هەبێ و لاوان لە دیاردە دزێوەکان دوور بخاتەوە. بەڵام لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا وەرزشیش بە لاڕێدا براوە. ڕێژیم دەستی بەسەر هەموو فیدراسیۆنەکاندا گرتوە و فیدراسیۆنە وەرزشیەکانی لە نێوەڕۆك بەتاڵ کردۆتەوە و بوون بە سەرچاوەی تالان بۆ باندە تالانکەرەکانی. ڕژیم وەرزشی بە سیاسی کردووە و دەیەوێ سیاسەتە چەوتەکانی لە ڕێگای وەرزشەوە بخزێنێتە نێو خەڵك.

## ٣-٨ دۆخی سیاسی لە ئێراندا

کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆی وڵاتدا، پەرەی بە ڕەوتی سەرکوت و توندوتیژیی هەمەلایەنە داوە. هەتا چەند ساڵ لەمەوبەر ئەگەر بە شانۆگەریش بووبێ، بەشێك لە هێزەکانی ڕێژیم، کە تا ڕادەیەك جیاوازییان لەگەڵ ڕەوتی بناژۆخوازی ڕێژیمدا هەبوایە، تەحەمول دەکران. بەڵام بە دوای شانۆگەریی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری لە ساڵی ١٣٨٨دا، چیدیکە دەرەتان بە وەها گرووپگەلێکی نێو دەزگای حاکمییەتیش نادرێ و لە ڕاستیدا ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهی هەرچی زیاتر بەرەو یەکدەستبوونەوە و حەزفکردنی بەشە نارێکەکانی دەڕوا و لەم پێوەندییەدا تەنانەت سەرۆك وەزیران و سەرۆکی مەجلیسی پێشووتری خۆی دەستبەسەر کردووە و بەردەوام لە ناو و ناتۆرە هەڵبەستن و بێ حورمەتی کردن بە کاربەدەستە باڵاکانی هەر لەم پێوەندییەدایە کە سەرۆك کۆماری پێشوو بە بێ بەسیرەت ناو دەبەن.
لە ساڵی ١٣٨٨ی هەتاویدا، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی وەك ڕەوتی هەمیشەیی، دەیەویست بە بەڕێوەبردنی شانۆگەری و سناریۆیەکی دیکەی بەناو هەڵبژاردن، هەم خەڵك بکێشێتە سەر سندووقەکانی دەنگدان و هەم مۆرەی دڵخوازی خۆی بە ناوی سەرۆك کۆماری هەڵبژێردراو، بە خەڵك بناسێنێ.
لەم پێوەندییەدا و بۆ گەرمترکردنی بازاڕی شانۆگەرییەکەی هەموو تواناکانی خستە گەڕ. بەتایبەت کارێکی وەهای کرد کە بە وەڕێخستنی چەند گفت و گۆی تەلەفزیۆنی، گۆڕەپانی

سیاسیی لە ئێراندا شڵەژاند و بازاڕی درۆ و چەواشەکاریی گەرم کرد و بەشێکی زۆر لە خەڵك و هێزە سیاسییەکان پێیان وابوو کە ئەمجارە دەرەتانێك بۆ خەڵك رەخساوە و دەتوانن نوێنەری دڵخوازی خۆیان هەڵبژێرن. ئەمە لە کاتێکدابوو کە نە لە سیستمی کۆماری ئیسلامیدا سەرۆك کۆمار جێگە و پێگە و دەسەڵاتێکی وای هەیە کە بتوانێ گۆڕانکاری بکا و نە کاندیدا دەستنیشانکراوەکانیش ئەو توانایەیان هەیە. خودی سیستمی ویلایەتی فەقیهی چاکسازی و گۆڕانکاری هەڵناگرێ و رێژیمێکی بە تەواوی تۆتالیتەر و پاوانخوازە. لە لایەکی دیکەوە هەر لە سەرەتاوە دیار بوو کە ویلایەتی فەقیە و رێبەری رێژیم کەسی دیاریکراوی خۆی بۆ ئاکامی شانۆگەریەکە دەستنیشان کردووە، بەڵام بەو حاڵەش ژمارەیەکی بەرچاو لە ئێراندا لە شانۆگەرییەکەدا بەشدار بوون و تەنانەت هەندێك هێزی سیاسی کە تا ئەوکات بە تەواوی رێژیمیان رەت دەکردەوە، کەوتنە ناو داوی چەواشەکارییەکانی رێژیم و پێیان وابوو کە ئەم جارە جیاوازە.

بەدوای راگەیاندنی ئاکامی ئەو بەناو هەڵبژاردنە، خەڵکانێك کە هەستیان دەکرد فریویان خواردوە و دەنگەکانیان بە تاڵان براوە، نارەزاییان دەربڕی و هەر زۆر زوو ئەم خۆپێشاندان و نارەزایی دەربڕینانە چەندین شاری گەورەی ئێرانیان گرتەوە و وردە وردە لە نارەزایی دەربڕین لە ئاکامی هەڵبژاردنەوە گۆڕا بۆ راپەڕین بە دژی تەواویەتی رێژیم و خۆپیشاندەران درووشمی "نەمان بۆ ویلایەتی فەقیهیان" بەرز کردەوە.

حیزبی دێموکرات هەر لە سەرەتای خۆپیشاندانەکانەوە پشتیوانیی لە داخوازییە دێموکراتیکەکانی خەڵك دەربڕی و لە لایەکی دیکەوە رایگەیاند کە ئەگەر رێبەرییەکی جیددی و دێموکرات بۆ رەوتی خۆپیشاندان و نارەزایی دەربڕینەکان نەبێ، ئەم بزاڤە بە ئاکام ناگا و بێ هیوایی خەڵکی لێ دەکەوێتەوە.

خۆپیشاندانە جەماوەرییەکانی ساڵی ١٣٨٨، دەکرا خاڵی وەرچەرخان بن لە ئێراند، بەڵام ئەم بزاڤە جەماوەرییە لەبەر چەند هۆکار شکستی هێنا:

یەکەم: سەرکوت و توندوتیژیی بێ بەزەییانە و لە رادەبەدەری هێزە داپڵۆسێنەرەکانی رێژیم
دووهەم: درووشمی هەڵەی رێبەرانی جووڵانەوەی سەوز کە داخوازییەکانیان لە رێفۆرم لە چوارچێوەی یاسای بنەڕەتیی رێژیم و گەڕانەوە بۆ سەردەمی خومەینیدا قەتیس کردبووەوە. ئەمە لە حاڵێکدابوو کە خەڵك ئامادە نەبوون گیان و هەزینە لە پێناوی رێفۆرمی رواڵەتی و گەڕانەوە بۆ دەورانی پێشوو بدەن. رابردوویەك کە پڕ بوو لە کوشتار و ئێعدام و ئەشکەنجە.

بەم شێوەیە وردە وردە شەقامەکان چۆڵ کران و خۆپیشاندانەکان کۆتاییان پێ هات.

بەڵام خەڵکی ناڕازی لە سیاسەتەکانی رێژیم، لە شانۆی هەڵبژاردنی خولی نۆیەمی مەجلیسی رێژیمدا، کە لە زستانی ١٣٩٠دا بەڕێوە چوو، نارەزایەتیی خۆی لە شێوازێکی یەکگرتوودا

نیشان دا و بە یەکگرتوویی خەڵك و هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکان و تەنانەت ڕیفۆرمخوازانیش، شانۆی هەڵبژاردن بایکۆت کرا و دواجار ژمارەیەکی زۆر کەم لە خەڵك بەشدارییان لە هەڵبژاردندا کرد.
بە لێکدانەوەی هەمەلایەنەی سیاسەتی نێونەتەوەیی ڕێژیم و وەزعی ئابووری و سیاسی لە نێوخۆی ئێران و وەسەریەکخستنی هەموو ئەو ڕاستیانەی کە ئاماژەیان پێکرا، زۆربەی فاکتەرەکانی بەدیهاتنی ئاڵوگۆڕ لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا ئامادەن و کەڵەکەبوونی ئەو قەیرانە ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیانە، ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر ڕێژیم لاواز دەکا و بەرەو بە چۆکداهاتنی دەبا. بەڵام فاکتەرێکی گرنگ کە هێشتا ئامادە نیە، یەکگرتوویی ئۆپۆزیسیۆنی دژ بە کۆماری ئیسلامییە.
ساڵانێکی دوورودرێژە کە هەوڵ بۆ یەکێتی و پێکهێنانی هاوکاری و هاوئاهەنگی لە نێو هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی ئێراندا دەدرێ و حیزبی دێموکراتیش لەو پێناوەدا هەم هەوڵی داوە و هەم لە کۆڕوکۆبوونەوەکاندا ئامادەیی هەبووە، بەڵام بەداخەوە تاکوو ئێستاش هەوڵەکان بە ئاکامی دڵخواز نەگەیشتوون و ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی نەیتوانیوە جۆرە هاوکارییەکی گشتی و هاوئاهەنگییەکی ئەوتۆ پێك بهێنێ و بەگشتی دەتوانین بڵێین کە ئۆپۆزیسیۆن هێشتا پەرش و بڵاو و نایەکگرتووە.
یەکێکی دیکە لە گرفتەکانی سەر ڕێگای ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی، دووربوونیان لە واقیعی کۆمەڵگای ئێرانە کە بە هۆی ناشارەزاییانەوە لە قووڵایی ڕەنج و ئازارەکانی خەڵك، زۆر جار داخواز و بەرنامەگەلێك لە پێوەندی لەگەڵ ڕووخانی ڕێژیم و بنیاتنانی حکوومەتێکی ناوەندگەرا دێننە ئاراوە، کە لەگەڵ داخوازی خەڵکدا ناتەبایە.
بەشێکی بەرچاوی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران، بیرکردنەوەیەکی هەڵە و قەتیسماویان لە چۆنیەتیی پاراستنی سنوورەکانی ئێران هەیە، کە وایان لێ دەکا ئێستاشی لەگەڵدا بێ، دابینبوونی مافە سیاسییەکانی نەتەوەکانی ئێران، کە زۆربەی حەشیمەتی ئەو وڵاتە پێك دێنن، بە جیاییخوازی لەقەڵەم بدەن، بۆیە دژایەتیی لەگەڵدا دەکەن. ئەوەش یەکێکی دیکە لە هۆکارەکانی یەکنەگرتنی نەتەوەکانی ئێران لەگەڵ کەس و هێزەکانی خاوەن ئەم بۆچوونەیە.
ئەرکی سەرەکیی هێزە دێموکرات و سێکۆلارەکانی ئێران، پێکهێنانی هاوکاری و هاوئاهەنگی لە پێناو ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و هاتنە سەرکاری ڕێژیمێکی دێموکراتیك و فیدراڵدایە، تاکوو زۆربەی خەڵك لە دەوری وەها بەرنامەیەك کۆ ببنەوە و ببنە هیوا بۆ خەڵکی ئێران.
لە پێناوی کۆکردنەوەی هێزە دێموکراتو سێکۆلارەکانی ئێراندا، حیزبی دێموکرات لەم ساڵانەی دواییدا هەوڵی زۆری داوەو لە چەندین کۆبوونەوەو کۆنفرانسو سیمیناری تایبەت

بەو کارە بەشداریی کردوە. حیزبی دێموکرات لەو جۆرە کۆبوونەوانەدا بە دوای دوو مەبەستی سەرەکییەوە بووە:
یەکەم- کۆکردنەوەی ژمارەیەك لە هێزە دێموکراتیکەکان لە دەوری بەرنامەیەکی دێموکراتیکی هاوبەش.
دووهەم- روونکردنەوەی ویست و ئامانج داخوازەکانی نەتەوەی کورد بۆ لایەنە دژبەرەکانی کۆماری ئیسلامی و راکێشانی سەرنجیان بۆ لای ئەو مافە رەوایانە و رەواندنەوەی هەرجۆرە خراپ تێگەیشتنێك کە سەبارەت بەو ماف و ئامانجانە، لە ئارادایە.
هەرچەند لەو پێناوەدا هەوڵی زۆر دراوەو کار کراوە، بەڵام تا ئێستا بە ئاکامی دڵخواز نەگەیشتووە. بۆیە هەوڵەکان لە پێناوی ئەو سیاسەتە دروستەدا دەبێ بەردەوام بن. هەر لەو پێوەندییەدا حیزبی دێموکرات ئامادەیە وەکوو رابردوو و بگرە زیاتریش لە پێناو بە ئاکام گەیاندنی ئەو مەبەستەدا هەوڵو تێکۆشانی خۆی درێژە پێبدا.

## ٣-٩ دۆخی نەتەوەکانی ئێران

واقیعی فرەنەتەوە بوونی کۆمەڵگای ئێران، بەردەوام لە لایەن دوو گرووپەوە حاشای لێ دەکرێ و هەوڵ بۆ شێواندنی دەدرێ. لایەن و گرووپی یەکەم، حکوومەتی ناوەندیی پاوانخواز لە ئێرانە، کە چ لە دەورانی دەسەڵاتی پاشایەتیی پەهلەویدا و چ لە ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی ویلایەتی فەقیهیدا، هەوڵی بۆ شێواندنی راستییەکان داوە. لە سەردەمی دەسەڵاتی ناوەندگەرا و سەرەڕۆیانەی هەردووکیاندا، بەردەوام واقیعی فرەنەتەوە بوونی ئێران، حاشای لێ کراوە. ئەوان تەنیا دانیان بە قەوم، گرووپی مەحەلی، کولتووری مەحەلی و دستەواژەی لەو شێوەدا ناوە و بەمجۆرە ناوهێنان و باسکردن، هەوڵیان داوە کە نەتەوەیەکی دەسکرد بەناوی نەتەوەی ئێران بە سەر خەڵك و بە سەر واقیعدا بسەپێنن و لە دامەزراندنی ئەو نەتەوە دەسکردەشدا، کۆڵەکەی مێژوویی چەواشەکراوی بۆ بەکار بهێنن و لە بنەما کولتووری و ئۆستوورەییەکان بۆ بنیاتنانی ئەو نەتەوە دەسکردە کەڵك وەربگرن و دواجار نەتەوەکانی دیکە و کولتوورەکانیان، وەکوو پەراوێز نشین و ناوچەیی و وردەکولتوور ناو ببەن، تاکوو هیچ مافێکی سیاسی و خۆبەڕێوەبەری و بەشداری لە دەسەڵاتیان بۆ بە رەوا نەزانن.
گرووپی دووەم، بەشێك لە ئۆپۆزیسیۆنی بەناو سەرتاسەرییە. ئەم هێزانە کە لە دەرەوەی بازنەی نەتەوە ستەملێکراوەکانن لە ترسی دابەشبوونی دەسەڵات و رووخانی وەهمی دروستکراوی چەواشەکارییەکی مێژوویی، بەردەوام نکۆڵی لە بوونی نەتەوەکان دەکەن و ئەو پەڕەکەی وەکوو قەوم ناویان دەبەن کە دەتوانن خاوەنی مافی کولتووری بن. ئەوان ئەگەر باس لە دابەشبوونی دەسەڵات لە ئێراندا بکەن، لە چوارچێوەی دابەشبوونێکی ئیداریدا چاوی لێ دەکەن و جەوهەر

و کرۆکی کێشە و واقیعیەتەکە، واتە مافی مرۆیی و سرووشتیی نەتەوەکان بۆ حاکمییەت بە سەر چارەنووسی خۆیان و بەشداریی یەکسانیان لە بەڕێوەبردنی ئێراندا، لە بەرچاو ناگرن. ئەوان بەردەوام مەسەلە بنەڕەتیەکە پشتگوێ دەخەن و خۆیانی لێ دەدزنەوە.
حکوومەتی ناوەندگەرای پاوانخواز، لە پێناوی یەکدەستکردنی زۆرە ملێی کولتووری و حەشیمەتیدا و لە پێناوی سڕینەوەی واقیع و بوونی واقیعیی نەتەوەکان لە ئێراندا، چەندین سیاسەتی جۆراوجۆری بەدژی نەتەوەکان بەڕێوە بردووە. ئەم سیاسەتانە سەرەڕای جیاوازییان لە کات و تاکتیکدا، بەڵام هەموویان لە پێوەندی لەگەڵ نەتەوەکاندا، لەسەر یەك بنەما داڕێژراون، ئەویش تواندنەوە و سڕینەوە و لاوازکردنیان بووە.

### ٣-٩-١ نەتەوەی بەلووچ

ناوچەی نیشتەجێبوونی بەلووچەکان لە شوێنێکی هەستیار و ستراتژیك لە دراوسێیەتیی ئەفغانستان و پاکستان هەڵکەوتووە و کۆنترۆڵی تەواوی بە سەر گەرووی هۆرمۆز و دەریای عوماندا هەیە. ئەو هەڵکەوتە، بۆتە هۆی ئەوەی کە دەسەڵاتی ناوەندی زۆرتر هەوڵ بۆ ئەوە بدا کە لە هەژاری و دواکەوتوویدا رایانگرێ و بەردەوام لە باری ئابوورییەوە بیانچەوسێنێتەوە و دەرەتانی کار و سەرمایەدانان و ژیانی ئاسوودەیان لێ بستێنێ. لە لایەکی دیکەشەوە هەوڵی ئەوە ئەدا کە خەڵکی غەیرە بەلووچ، هان بدا بۆ کۆچکردن بەرەو بەلووچستان و هەر لەم رێگەیەشدا سەرمایە و کار و داهاتی زۆریان بۆ دابین دەکا. لە درێژەی ئەم سیاسەتەدایە کە بەشێکی زۆری بەلووچستان وردە وردە لە خەڵکی بەلووچ بەتاڵ دەبێتەوە و خەڵکی دیکە جێگای دەگرێتەوە.
ستەمی چەندقاتی نەتەوەیی، سیاسی، ئابووری، کولتووری و ئایینی کە دژ بە بەلووچەکان بەڕێوە دەبرێ، بۆتە هۆی ناڕەزایی خەڵك و هەرجۆرە چالاکییەکی ناڕەزایی دەربڕینی ئەو خەڵکەش بە توندی سەرکوت دەکرێ. بە شێوەیەك کە رێژیم سپایەکی تایبەتی بەناوی سپای "مرصاد" لە بەلووچستان داناوە کە لە لایەن رێبەری رێژیمەوە هیدایەت دەکرێت و بە دڕندانەترین شێوە هێرش دەبەنە سەر خەڵکی بەلووچ. ئەمە لە کاتێکدایە کە رێژیمی کۆماری ئیسلامی چ لە باری راگەیاندنی ناوخۆییەوە و چ لە ئاستی پڕوپاگەندەی ناوچەیی و جیهانیدا، هەوڵ دەدا کە چالاکانی بەلووچ بە قاچاخچیی مادە هۆشبەرەکان بناسێنێ. رێژیم بەم پڕوپاگەندانە جگە لەوەی کە دەیهەوێ سیمای بزووتنەوەی مافخوازانەی بەلووچەکان خەوشدار بکات، دەیهەوێ رەواییش بدات بە رەوتی کوشتن و ئیعدامی خەڵکانی ئەم ناوچەیە، دەنا لە راستیدا تا قاچاخچییەك لە سێدارە دەدا، چەندین چالاك و خەڵکی ئاسایی بەلووچیش

لە سێدارە دەدا.
سیاسەتێکی دیکەی ڕێژیم بە دژی بەلووچەکان، لە نێوبردن و کوشتنی خەڵکی ئایینیی میانەڕەو و نەریتیی بەلووچ بووە. لەم ڕێگایەدا زانایانی ئایینی میانەڕەوی، کە هەستی نەتەوایەتیان هەبووە (وەکوو عەبدولمەلك مەلازادە و مەولەوی ئەحمەد سەیدی) تیرۆر کردووە و بەم شێوەیە هەوڵی داوە کە پەیڕەوانی ئایینزای سوننە لە بەلووچستان بەرەو لای توندڕەوی هان بدا. چوونکە دەیهەوێ لە توندڕەویی ئایینی کەڵك وەربگرێ و بەناوی دژایەتیی شیعە و سوننی، ڕەوایی بە سەرکوتەکانی بدات. ئەم شێوازە لە توندڕەوی لە لایەکەوە "جەماعەتی تەبلیغی" لە بەلووچستان لێ کەوتۆتەوە، کە بە شێوەی ئاشکرا و نهێنی پەرە بە توندئاژۆیی ئایینی دەدەن و لە لایەکی دیکەشەوە کاتێك تێکەڵ بە هەستی نەتەوەیی دەبێ گرووپێکی وەکوو گرووپەکەی عەبدولمالك ریگی لێ دەکەوێتەوە. کە هەرچەند ماوەیەك دژ بە ڕێژیم چەندین کردەوەی نیشان دا، بەڵام لە پیلانێکی نێودەوڵەتی و ناوچەییدا، تەحویلی ئیتلاعاتی ڕێژیم درایەوە و ئیعدام کرا.
بەڵام ناڕەزایی نەتەوەی بەلووچ تەنیا لە چوارچێوەی توندڕەویی ئایینیدا و سۆزداریی کاتیدا بەرتەسك نابێتەوە، بەڵکوو چالاکی سیاسی و مەدەنی و خوازیاری مافی نەتەوەییشی، تێدا هەیە.

## ٣-٩-٢ نەتەوەی عەرەب

ناوچەی نیشتەجێبوونی عەرەبەکان لە ئێراندا، هەروەك نەتەوە ستەملێکراوەکانی دیکە، زۆرتر لە ناوچە سنوورییەکان و لە دراوسێیەتیی وڵاتانی دەورووبەرن. لە لایەکەوە هاوسنووری عێراقە و لە لایەکی دیکەوە لەگەڵ کوەیت و وڵاتانی خەلیج سنووری دەریایی هەیە. ئەم ناوچەیە لە باری کانگای ژێرزەمینی و بەتایبەت نەوتەوە، ناوچەیەکی دەوڵەمەند و ستراتژیکە.
بەڵام ئەم تایبەتمەندییانە لە ئێراندا، لە باتی ئەوەی سەرچاوەی خێر و خۆشی بۆ خەڵکی ناوچەکە بن، بوونەتە سەرچاوەی شەڕ و نەگبەتی وماڵوێرانی. حکوومەتی ناوەندی لە پێناوی تاڵانکردنی سامانی ئەو ناوچانە و تواندنەوە و سڕینەوەی ناسنامەی خەڵکەکەدا، هەم سەرکوت دەکا و هەم خەڵك لە هەژاریدا دەهێڵێتەوە و هەم خاك و سەروەت و سامانەکە دەدا بە خەڵکی غەیری ئەو ناوچەیە، کە زۆرتر لە ناوەندی ئێرانەوە دێن و سەر بە دەزگا سیخوڕی و سەرکوتکەرەکانی وەکوو بەسیج و ئیتلاعات و سپای پاسدارانن.
لە ناوچە عەرەبنشینەکانیشدا بەپێی هێندێك ئامار، لە ماوەی سێ دەیەی ڕابردوودا، زیاتر لە ٢٥٠٠٠ هێکتار لە باشترین زەوی و خاکی ئەو ناوچەیە تەرخان کراوە بۆ شوێنی نیشتەجێبوون و سەرمایەدانان و وەبەرهێنانی خەڵکی غەیرە عەرەب، کە لە ناوەندی ئێرانەوە هێنراون و

زۆربەیان سر بە دامودەزگاکانی ڕێژیمن.
هاوکات لەگەڵ ئەوەدا، کارگا و کارخانەیەکی ناوچەیی بە خەڵکی عەرەب نەدراوە. لە ئاکامدا خەڵکەکە لە بێکاریدا ڕاگیراوە و لە لایەکەوە بە گوشاری ئابووری و بێکار هێشتنەوەیان و لە لایەکی تریشەوە بە زۆرەملێ داگیرکردنی زەوی و زاریان و ڕێگانەدان بە چاککردنەوە و کڕینی خانوو بۆ عەرەبەکان، هەوڵ دراوە کە بەرەو ناوچەکانی دیکە کۆچ بکەن. ئەم سیاسەتەش لە نامەیەکی سەرۆك کۆماری بەناو ڕیفۆرمخوازی ڕێژیم واتە خاتەمی دا بۆ وەزیر و راوێژکارەکانی دەرکەوت و دواجارناڕەزایی خەڵکی عەرەبی لێ کەوتەوە.
لە نێو خەڵکی عەرەبیشدا هەرجۆرە ناڕەزایی دەربڕین و چالاکییەکی سیاسی، مەدەنی و تەنانەت کولتووریش بە توندترین شێوە لە لایەن حکوومەتەوە هەڵسووکەوتی لەگەڵ دەکرێ و کەسە چالاکەکانی ناو ئەو چالاکییانە دەستبەسەر دەکرێن، ئەشکەنجە دەدرێن و تەنانەت زۆرجار حوکمی ئێعدامیشیان بۆ دەردەچێ.
ڕاپەڕین و ناڕەزایی دەربڕینی چەند ساڵ لەوەپێشی خەڵکی عەرەب لە ئەهواز و شووش و حەمیدیە، دژ بە سیاسەتی کۆچپێکردن و تواندنەوە، بە توندترین شێوە سەرکوت کرا و تا ئێستا لە درێژەی ئەو ڕەوتی سەرکوتەدا چەندین چالاکی مەدەنی و سیاسی عەرەب بە ناوی سیخوڕ و تیرۆریست و دژایەتی کردنی خوا و قاچاخچی بوون و ...هتد، لە سێدارە دراون و چەندین کەسی دیکەشیان مەترسی لەسێدارەدانیان لەسەرە.

### ٣-٩-٣ نەتەوەی تورکی ئازەربایجان

نەتەوەی تورك بەپێی ڕۆڵی مێژوییان لە چەند سەد ساڵی ڕابردوودا، بەردەوام لە دەسەڵاتدا بەشداربوون یان دەسەڵاتی ئێرانیان بە دەستەوە بووە. بۆیە هەل و مەرجی سیاسی و ئابووریشیان لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە جیاوازە و هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا لەبەر هاوبەشیی ئایینی و مەزهەبییەوە، کەمتر لە ژێر ستەمی چەند قاتدا بووون. بە سەرنجدان لەم هۆکارانە ڕێژیم کەمتر توانیویەتی، سیاسەتی توانەوە و سڕینەوە بە دژی ئەوان بەڕێوە ببا. بەڵام لە بواری مافە نەتەوەییەکانەوە، کە مافی خۆبەڕێوەبردن و بەشدارییان لە دەسەڵاتی ناوەندیدایە (بە شێوەی یەکسان لەگەڵ فارسەکان) وەکوو باقی نەتەوەکانی ئێران، ستەمی نەتەوەییان لەسەر بووە و هەیە و هیچ تورکێك لە دەسەڵاتی ئێراندا، وەکو بەشداریی نەتەوەی تورك لە دەسەڵاتدا بەشدار نیە، بەڵکوو هەر بەشدارییەك لەم بوارەدا، لە چوارچێوەی گوێڕایەڵی بۆ وەلی فەقیە و ئیدئۆلۆژیی پاوانخوازی حاکم بووە و هەیە.
زمانی نەتەوەی تورکیش وەکوو زمانی نەتەوەی عەرەب و زمانی بەلووچ و نەتەوە ژێرستەمەکانی دیکەی ئێران، لە بواری پەروەردەدا کەڵکی لێ وەرناگیرێ و بە فەرمی

ناناسرێ. له‌ به‌رامبه‌ردا منداڵانی نه‌ته‌وه‌ سته‌ملێکراوه‌کان ناچار ده‌کرێن که‌ به‌ زۆره‌ملێ به‌ زمانی غه‌یره‌ زمانی دایکی بخوێنن و په‌روه‌رده‌ی سیستماتیک بکرێن.
چالاکیی سیاسی و مه‌ده‌نی له‌ نێو تورکه‌کانیشدا هه‌ر وه‌کوو نه‌ته‌وه‌کانی دیکه‌ به‌ سه‌رکوت و زه‌بروزه‌نگ وه‌ڵام ده‌درێته‌وه‌. له‌ کاتی خۆپیشاندان به‌ دژی سووکایه‌تی کردنی رۆژنامه‌یه‌کی ده‌وڵه‌تی به‌ زمانی تورکی، رێوره‌سمی ساڵانه‌ی قه‌ڵای بابه‌ك و...هتد. رێژیم به‌ توندترین شێوه‌ له‌گه‌ڵ ئه‌و چالاکانه‌دا هه‌ڵسوکه‌وتی کردووه‌ و له‌ داهاتووشدا ده‌کات.
به‌ربلاوترین ناڕه‌زایی ده‌ربڕینی خه‌ڵکی ناوچه‌که‌، سه‌بارت به‌ وشکبوونی گۆلی ورمێ بوو، که‌ له‌گه‌ڵ سه‌رکوتو زه‌بروزه‌نگی توندی رژیمدا به‌ره‌وڕوو بووه‌وه‌.
هه‌روه‌ها له‌ رووداوی دڵته‌زێنی بوومه‌له‌رزه‌ی هاوینی ۱۳۹۱دا له‌ چه‌ند شاری ئازه‌ربایجاندا که‌ بووه‌ هۆی وێرانیو کوشتنو بریندار بوونی به‌رچاو، هێزه‌کانی رژیمو به‌تایبه‌ت سپای پاسداران له‌ باتی یارمه‌تی گه‌یاندن به‌ خه‌ڵکی لێقه‌وماو، گه‌مارۆی ناوچه‌که‌یان داو ته‌نانه‌ت رێگایان نه‌دا که‌ یارمه‌تیی مرۆیی خه‌ڵك به‌ ده‌ستی زیانلێکه‌وتووان بگاتو له‌وه‌ش خراپتر ئه‌وه‌ بوو چه‌ندین چالاکی مه‌ده‌نی که‌ یارمه‌تییان به‌ لێقه‌وماوان ده‌گه‌یاند، ده‌سبه‌سه‌ر کران.
رێژیم چالاکیی چالاکانی نه‌ته‌وه‌ی تورك به‌ سیخوڕی بۆ ئیسرائیل و وڵاتی ئازه‌ربایجان و به‌ هاندان و دنه‌دانی تورکیه‌ و ئازه‌ربایجان و ئیسرائیل ناو ده‌با و به‌و تۆمه‌ته‌وه‌، سه‌رکوتیان ده‌کات. لێره‌دا ده‌بێ ئه‌وه‌ش بڵێین له‌نێو به‌شێك له‌ لاوان و خوێندکارانی تورکدا، جموجۆڵی نه‌ته‌وه‌یی توندڕه‌و په‌یدا بووه‌، که‌ ره‌نگه‌ به‌ ده‌سکردی رێژیم و لایه‌نه‌ توندڕه‌وه‌کان هانی شه‌ڕدروستکردن له‌نێو نه‌ته‌وه‌کانی ئێراندا بده‌ن، به‌ڵام لایه‌ن و حیزبی دێموکراتیشیان هه‌یه‌، که‌ له‌ بواری نه‌ته‌وه‌ییه‌وه‌ چالاك و میانڕه‌ون.

### ۳-۹-٤ نه‌ته‌وه‌ی تورکمه‌ن

نه‌ته‌وه‌ی تورکمه‌ن که‌ زۆرتر له‌ به‌شی باکووری رۆژهه‌ڵاتی ئێران و له‌ باکووری خوراسان و پارێزگای گوڵستان ده‌ژین، له‌ باری حه‌شیمه‌ته‌وه‌، ژماره‌یان زۆر نیه‌ و له‌ نێو چه‌ند شاری وه‌کوو بیرجه‌ند و گونبه‌د و گورگان و ...هتد،دا پرش و بڵاون. ئه‌مه‌ وای کردووه‌ که‌ سته‌می چه‌ند قاتی ئایینی و نه‌ته‌وه‌یی و سیاسی و ئابووری له‌ سه‌ریان، توندتر به‌ڕێوه‌ بچێ. ئه‌مه‌ش وای کردووه‌ که‌ له‌م چه‌ند ساڵه‌ی دواییدا جموجۆڵ و بزووتنه‌وه‌یه‌کی ئه‌وتۆیان لێ نه‌بیندرێ.
ژیانی تورکمه‌نه‌کان زۆرتر به‌ کشتوکاڵ و ماسیگرتن به‌ڕێوه‌ ده‌چێ و رێژیمیش به‌رده‌وام هه‌وڵ ده‌دا له‌ هه‌ژاریدا رایان بگرێ، تاکوو ناوچه‌کانیان چۆڵ بکه‌ن و به‌ره‌و شوێنی دیکه‌ کۆچ بکه‌ن. له‌ به‌رامبه‌ردا خه‌ڵکی دیکه‌ له‌ شاره‌کانی دیکه‌ به‌تایبه‌ت له‌ خوراسان و مازنده‌ران و

سمنانەوە هان دەدا، کە بۆ سەرمایەدانان و کڕینی زەوی و زار بەرەو ئەوێ بڕۆن. لە راستیدا، رێژیم پلانی تواندنەوەیەکی بێدەنگی نەتەوەییان لە دژ دا، بەڕێوە دەبا.
لە ماوەی رابردوودا چەند کەس لە چالاکانی تورکمەن دەستبەسەر کراون کە دەتوانین ئاماژە بە ئومید کەواکبیان، زانای براوەی خەڵاتی ئۆلەمپیادی جیهانی فیزیك بکەین، کە رێژیم بە تاوانی سیخوڕی دەستبەسەری کردووە.
لەبەر پرش و بڵاوی حەشیمەت و هەژاریی خەڵك و هەروەها گوشاری لە رادەبەدەری رێژیم، دەرەتانی رێکخستن و رێکخراو دروستکردن بۆ خەڵکی تورکمەن نەڕەخساوە و حیزب و رێکخراوی ئەوتۆی تێدا بەدی ناکرێ. بۆیە ناڕەزایی ئەو خەڵکە چ وەکوو تاك و چ وەکوو دەنگدانی خەڵك بەرەو لای رێفۆرمخوازانی حکوومەتی کێشراوە.

## ٣-١٠ کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ

واقیعی فرەنەتەوە بوونی ئێران و هەبوونی ستەمی سیاسی، ئابووری، کولتووری، ئایینی و نەتەوەیی بە دژی ئەو نەتەوانە، چەند خاڵی گشتی و هاوبەشی لە سیاسەتی رێژیمی پاوانخواز و سەرەڕۆدا پێك هێناوە. رێژیم لە رێگای سیاسەتگەلێکی وەك: لە هەژاریدا راگرتن، کۆچپێکردن، ئەمنیەتیکردنی شارەکانی نەتەوە ستەملێکراوەکان، لەسێدارەدان، سەرکوت و بێبەش کردن لە خوێندن بە زمانی دایکی و ...هتد، بەردەوام هەوڵی سڕینەوە و تواندنەوەی نەتەوەکانی داوە و هەتا ئەو شوێنەی بۆی کرابێ، هەوڵی داوە کێشە و ئاژاوە لەنێو نەتەوەکانی ئێراندا بنێتەوە و دواجار لەم رێگەیەوە ئیمکانی خۆڕێکخستن و پێکەوەسازانیان لێ بستێنێ.
لە بەرامبەر سیاسەتی یەکدەستی رێژیم بۆ سەرکوتی نەتەوەکانی ئێران، ئەو نەتەوانەش پێویست بووە و هەیە، کە بە هاوئاهەنگی و کاری هاوبەش، پێکەوە دژ بە رێژیم بوەستنەوە. هەستکردن بەم پێویستیە و هەوڵدان بۆ دروستکردنی داهاتوویەکی گەشی هاوبەش، کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵی لێ کەوتۆتەوە.
کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ کە هاوپەیمانیی نێوان حیزب و رێکخراوە چالاك و دێموکراتیکەکانی، مافی دێموکراتیك و نەتەوەیی نەتەوە زوڵملێکراوەکانی ئێرانە، هەوڵی باش و بەرچاوی بۆ ناساندنی راستیی کۆمەڵگای ئێران و فرە نەتەوە بوونی ئەو کۆمەڵگایەی داوە و ئەوەندەی بۆی کرابێ پەردەی لەسەر سیاسەتی سەرکوت و تواندنەوە و سڕینەوەی کۆماری ئیسلامیی هەڵماڵیوە و دواجار هەوڵی داوە کە چالاکیی ئەو حیزب و لایەنانەی نەتەوەکانی ئێران، هاوئاهەنگ و هاوتەریبتر بکا.
ئەم هەوڵانەی کۆنگرە، هەم دژایەتی و دوژمنایەتیی رێژیمی ئێران و هەم دژایەتی بیری پاوانخواز و شۆڤینیستی، لە نێو ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی ئێرانیشدا لێ کەوتۆتەوە. بە شێوەیەك

که هەر دوو لایەن، هەم هەوڵی لاوازکردن و درزخستنە نێو کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵیان داوە و هەم هەوڵیان داوە کە لایەنە بیانیەکان بخەنە ژێر گوشارەوە، تا پێشوازیی لەو کۆنگرەو نوێنەرانی نەکەن.
لە لایەکی دیکەوە، کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ تا ئێستاش نەیتوانیوە حیزب و لایەنێکی سیاسیی بەدەر لە چالاکانی نەتەوە ستەملێکراوەکان، یان بە واتایەکی دیکە حیزبی بەناو سەرتاسەری ( لە راستیدا زۆرتر فارس) بۆ نێو کۆنگرە رابکێشێ.
سەرەڕای هەموو ئەو گرفت و کەند و کۆسپانە و هەموو لاوازی و کەموکورتییەکانی کۆنگرە، بەڵام ئەم کۆنگرەیە هاوپەیمانییەکی ستراتژیکە و دەوری زۆری لە ئێستا و داهاتووی خەبات بۆ وەدیهێنانی دێموکراسی و مافی یەکسان بۆ هەموو نەتەوەکانی ئێران، دەبێ. بۆیە هەم پێویستە بپارێزرێ و هەم لە ئیمکان و دەرەتانەکان بۆ زیاتر بەهێزکردن و کارامەترکردن و زیاتر وەگەڕخستنی، کەڵك وەربگیردرێ. بە پێچەوانەی پڕوپاگەندەی هێندێك لایەنی دژ بە مافەکانی نەتەوە ستەملێکراوەکان، کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ نەك هەر بە مەبەستی دژایەتیکردنی نەتەوەی فارس پێکنەهاتوە، بەڵکوو رێکخراوێکی داکۆکیکەر لە مافی نەتەوەی فارسیشەو بۆ ئێرانێکی دێموکراتیكو فیدراڵ بۆ هەموو نەتەوەکانی ئێرانو یەك لەوان نەتەوەی فارس خەبات دەکا.
ئەرکی ئەم کۆنگرەیە و هەموو نەتەوەکانی ئێران و حیزب و لایەنە سیاسییەکانی بواری مافی نەتەوەیی لەمەوبەدوا دەبێ ئەوە بێ، کە بە هەمووان نیشان بدرێ کە ئێران وڵاتێکی فرە نەتەوەیە و ئەوە نەتەوەکانی ئێرانن کە تێکڕا خەڵکی ئێران پێکدێن. بۆیە بیری یەك نەتەوە و یەك دەوڵەت، دەبێ رەد بکرێتەوە و لە باتی ئەوە، بیری بەشداریی هاوتا و دێموکراتیکی هەموو نەتەوەکان لە بەڕێوەبەریی ئێراندا جێ بگرێ و پێداگری لەسەر مافی خۆبەڕێوەبەریی نەتەوەکان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیك و فیدراڵدا بکرێت.

## ٤- نەتەوەی کورد

لەدوای شەڕی چاڵدێرانو شەڕی یەکەمی جیهانییەوە، خاکی کوردستان لە دوو هەنگاوی جیاوازدا بەسەر چەند وڵاتدا دابەش کرا کە هەرکامەیان حکوومەتێکی سەرەڕۆو ملهوڕیان تێدا زاڵ بوو. ئەو حکومەتانە بە توندترین شێوە نارەزاییو بزووتنەوەکانی نەتەوەی کوردیان سەرکوت کردووەو ویستوویانە مێژوو و زمانو کەلتووری کورد بسڕنەوە. بەڵام نەتەوەی کورد لە هەموو بەشەکاندا دژی ئەو زوڵمو ستەمەو لە پێناوی پاراستنی شوناسی نەتەوەیی خۆیدا خەباتی کردووەو لەو پێناوەشدا فیداکاریی بێوێنەی نواندوە و قوربانیی زۆری داوە.
لەم چەند ساڵەی دواییدا پرسی کورد لە ناوچەوجیهاندا دەنگدانەوەی باشتر لە رابردووی هەبووەو خەباتی کورد لە هەموو بەشەکاندا بەرەوپێشچوونی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە.

### ٤-١ کوردستانی تورکیە

وڵاتی تورکیە بەپێی جیگە و پێگەی ژێئۆستراتژیك و هەروەها رۆڵی مێژوویی لە کێشە و هاوسەنگییە سیاسی و نیزامییەکانی جیهان و بەتایبەت ئەندامەتیی لە پەیمانی ناتۆدا هەمیشە، لە لایەن رۆژئاواوە رۆڵ و پێگەیەکی تایبەتیی پێ دراوە. بزووتنەوەی نەتەوەی کورد لە کوردستانی تورکیە لەم ساڵانەی دواییدا گەشەسەندنێکی بەرچاوی سیاسی بە خۆیەوە بینیوە. بە بەشداریکردن لە خەباتی دێموکراتیكو ئامادە بوونی لە ئاستی پەرلەمانو خەباتی میدیاییەوە، توانیویەتی کانالێکی نوێو مەدەنی بۆ خەباتی نەتەوەیی خۆی بدۆزێتەوە.
لەم چەند ساڵەی دواییدا هەرچەند هێندێك کەس و لایەن وایان بیر دەکردەوە کە ئیتر تورکیە دەوری جارانی نابێ و پەراوێز دەخرێ، بەڵام بە پێی ستراتژییە نوێیەکان و بەرژەوەندییە بەردەوام گۆڕاوەکان و ستراتژیی نوێی ئامریکا و رۆژئاوا لە ناوچەکەدا، وڵاتی تورکیە رۆڵێکی گرینگی لە هاوسەنگییەکانی ناوچەدا دەبێ.
لە لایەکی دیکەوە بە گۆڕانکارییە ئابوورییەکان و گەشەی زۆری ئابووری لە تورکیەدا، (بەپێی ئامارە جیهانییەکان، گەشەی ئابووریی ساڵانەی تورکیە نزیك بە ١١٪ بووە) وردە وردە لە ئاستی ئابووریی جیهانی و ناوچەشدا تورکیە دەبێ بە ئەندامێکی گرووپی وڵاتانی روو لە گەشەی جیهانی و ئەمە توانایەکی زۆرتری بۆ دەورگێڕان و لە بەرچاوگیران پێ دەدا. لە ناوخۆی وڵاتیش، دوای چەندین ساڵ بێکاری و قەیران و کێشەی ئابووری، ئەم گەشەیە، جۆرێك لە ئێعتماد، دڵنیایی و رەزایەتی خەڵکی پێك دێنێ کە ئەمانە هەموویان دەبنە هۆی بەهێزتربوونی دەسەڵاتی سیاسی. لە بواری سیاسیشەوە، بە هاتنە سەرکاری

حیزبی داد و گەشەپێدان لە تورکیە، گۆڕانکارییەکی زۆر لە سیاسەتی نێوخۆیی و ڕۆڵی تورکیە لە ناوچەکەدا، بەدیهاتووە. ئەو کرانەوە سیاسییەی کە لە سەردەمی حیزبی داد و گەشەپێداندا بەدی دەکرێ، بنەمای دەوڵەتداری و سیاسەتی لە تورکیە گۆڕیوە.
هەنگاوە کردەییەکانی ئەو حیزبە دوای بە دەسەڵات گەیشتن بۆ گۆڕینی یاسای بنەڕەتی و کەمکردنەوەی ڕۆڵی سوپا لە سیاسەتدا و بردنە بەردەم دادگای ژەنەڕاڵ و بەرپرسە ئەمنیەتی و باندە نهێنیەکان، دەسەڵاتی نیزامی ـ ئەمنیەتیی کەم کردۆتەوە. لە ئاستی ناوچەییشدا ئەو حیزبە بە نوێنەرایەتیی ئیسلامی میانەڕەو و مەدەنی، ئیسلامێك کە لەگەڵ توندوتیژی و قۆرخکردنی دەسەڵات و پاوانخوازیدا نییە، بۆتە ئولگوو و نموونەیەك کە زۆرێك لە حیزبە ئیسلامییەکان و بەتایبەت ئیخوانەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و میسر و توونێس و لیبی باسی لێوە دەکەن و خەریکە جۆرێکی دیکە لە دەسەڵاتداریی لایەنگرانی ڕەوتی ئیسلامی سیاسی و بەشداریی حیزبە ئیسلامییەکان لە دەسەڵاتدا نیشان دەدا، کە لە بەرامبەر ئیسلامی جۆری ویلایەتی فەقیهی و ئەلقاعیدە و تاڵیباندا دەبێ بە رکەبەر و خاوەن لایەنگر لە نێو ڕەوتە ئیسلامییە تێکنۆکراتو میانەڕەوەکاندا.
لە لایەکی دیکەوە تورکیەی ژێر دەسەڵاتی حیزبی داد و گەشەپێدان، لە بواری ئاشتیی نێوان فەلەستین و ئیسراییلیشدا گۆڕانی بە سەر سیاسەتی دەوڵەتەکانی پێشووی تورکیەدا هێناوە و بەتایبەت لە ڕووداوی ناسراو بە کەشتییەکانی مەرمەڕەی شین، کە یارمەتیی مرۆیی بۆ غەزە بەڕێ دەکرد، لە نێو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و بیروڕای خەڵکی ناوچە و ئیسلامییەکانی ناوچەشدا، خۆی بە خاوەنی کێشە و ململانێکە نیشان دا و لە بواری تەبلیغییەوە جێگەی بە کۆماری ئیسلامی لێژ کرد.
بەشێکی دیکەی گۆڕانکارییە سیاسییەکانی تورکیە، پەیوەستە بە چۆنیەتی هەڵس و کەوت کردنی حکومەت لە گەڵ پرسی کورد. حیزبی داد و گەشە، بە لەبەرچاوگرتنی زۆر فاکتەری دەرەکی وەك: گوشارەکانی یەکیەتیی ئورووپا ( کە تورکیە ساڵانێکە خوازیاری بوونە ئەندامە لەو یەکیەتیەدا )، نیشاندانی خۆی وەك هێزێکی ئیسلامیی میانەڕەو کە لە تواناو بڕوایدایە کێشەی کورد چارەسەر بکا، گۆڕانی سیاسی لە عێراق و دەرکەوتنی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پێویستیی دەستپێڕاگەیشتنی بە سەرچاوە گرنگەکانی وزە وەك نەوت و گاز کە لەوبوارانەوە پێویستیی زۆری بە هەرێمی کوردستان هەیەو هەندێك هۆکاری نێوخۆیی وەك: کەمکردنەوەی دەسەڵاتی ئەرتەش، لاواز کردنی بیری ناسیۆنالیستی توندئاژۆ، رکەبەری لەگەڵ حیزبە توندڕەوەکانی تورکیەو ڕاکێشانی سەرنجی ملیۆنەها دەنگدەری کورد، هەوڵی داوە کە بە جۆرێکی دیکە لەگەڵ مەسەلەی کورددا هەڵس و کەوت بکاتو بانگی کرانەوەو ئاڵوگۆڕی سیاسیی دا. بۆیە لەمبارەوە هەندێك هەنگاوی گرنگی ناوە.

لە ئاستی کوردستانی تورکیە و لە روانگەی خەبات و تێکۆشانی نەتەوەی کورد لەو بەشەدا و لە ژێر کاریگەری ئەو ئاڵوگۆڕە سیاسییانەی لە تورکیادا روویان داوە، دۆخی کوردیش لە تورکیە چۆتە قۆناخێکی دیکەوە و پێویستیی سیاسەتی نوێ و بەرنامە دارشتنی دیکەی، هێناوەتە ئاراوە.

ئەگەر پێشتر کورد وەکوو تورکی کێوی دەناسرا و خودی بوونی کورد بە قاچاخ و تاوان چاوی لێ دەکرا، ئێستا بەو شێوەیە نەماوە و هەرچەند مافەکانی نەدراون، بەڵام سیاسەتی سەرکوت و توندوتیژیش بە دژی ئەم نەتەوەیە، گۆڕانی زۆری بە سەردا هاتووە و بە راشکاوانە و بە ئازادانە خۆپیشاندان و کۆبوونەوەی هەزاران کەسی بە ئاڵا و دروشمی دژی دەوڵەت لە کوردستانی تورکیە بەڕێوە دەچێ. هەر لەم پێوەندییەدا زۆر رێورەسم و کۆنفرانسی تایبەت بە کێشەکانی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان لە تورکیە و لە کوردستانی تورکیە بەڕێوە دەچن، کە هەمووی ئەمانە ئاماژەن بۆ هاتنە ئارای دۆخێکی نوێی سیاسی.

لە ئاستی کۆمەڵایەتیشدا روانینی دەوڵەتداران و دامودەزگا حکوومەتییەکان سەبارەت بە کوردەکان، ئاڵوگۆڕی زۆری بە سەردا هاتووە و هەرچەند دەستبەسەرکردن و گوێ پێنەدان و سووکایەتی پێکردن هێشتا بەردەوامە، بەڵام لە باری رێژەییەوە زۆر کەم بۆتەوە. ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە روانینی کۆمەڵگای تورکیەی بە نیسبەت کورد و پرسی کوردەوە گۆڕاوە. لە نیشانەکانی ئەو گۆڕانەش لاوازبوون و سستبوونی حیزبە توندرەوە تورکەکانە کە تا دێ ژمارەی دەنگدەرانیان کەمتر دەبێتەوە. ئەم بابەتە نیشان دەری ئەوەیە کە چیدیکە سیاسەتی سووکایەتی کردن بە کورد، گوێگری بۆ نامێنێ و دەنگی پێ نادرێت.

گۆڕانێکی گرینگی دیکەی سیاسی کە پێویستە ئاماژەی پێ بدرێ، ئەوەیە کە بەشداریی حیزب و لایەن و کەسایەتییە سیاسییەکانی کوردستانی تورکیە لە هەڵبژاردنەکانی تورکیەدا، ئاڵوگۆڕێکی بەرچاوی بە خۆیەوە بینیوە و ئەگەر تا پێشتر رێگای بەشداری زۆر بەرتەسك بوو و هێزی کوردیش پەرتەوازە ببوو، بەڵام لەم هەڵبژاردنە پارلمانییەی دواییدا زۆربەی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی تورکیە پێکەوە لیستی هاوبەشیان دا ئەمەش وای کرد کە ژمارەی کورسییەکانی حیزبە کوردییەکان لە پەرلەماندا زۆرتر بێ.

سەرەرای بەرزبوونەوەی رێژەی کورسیەکانی کورد لە پەرلەماندا، بەڵام ئەو رێژەیە بە بەراورد لەگەڵ رێژەی دانیشتوانی کورد لە کوردستانی تورکیە، نەك دڵخواز نییە بەڵکوو زۆر کەمیشە. ژمارەی دەنگەکانی حیزبی داد و گەشە لە کوردستانی تورکیە زۆر زیاتر بوو لە دەنگەکانی بەرەی (رەنج و دیمۆکراسی)، کە بەرەی هاوبەشی هێزە کوردییەکان بوو. بە شێوەیەك کە بەرەی (رەنج و دیمۆکراسی) نزیك بە ٣٣ کورسی پەرلەمانی بەدەست هێنا، بەڵام لە بەرامبەردا حیزبی داد و گەشەپێدان توانی نزیك بە ٧٠ کورسی پەرلەمان بەدەست بێنێ.

که ئەمەش یەکێك لە خاڵە هەرە لاوازەکانی تێکۆشان و چالاکی کوردەکانە، لەو پارچەیەدا. دیارە بەشێکی ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ توانا و دەسەڵاتی پڕوپاگەندەی حیزبی دەسەڵاتدار و لاوازیی سیستمی هەڵبژاردن(کە ڕێژەی لانیکەمی ١٠٪ بۆ حیزبە سیاسییەکانی بەشدار لە پەرلەمان دادەنێ)، بەڵام بێکومان بەشێکیشی دەگەڕێتەوە بۆ هەڵە و گرفتەکانی حیزبە کوردستانییەکان لە رابردوو و ئێستادا.

خاڵێکی لاوازی دیکەی بزوتنەوەی کورد لە کوردستانی تورکیە، وێڕای یەکگرتوو نەبوونی هێزە کوردییەکانی دەرەوەی سیستمی ڕێپێدراو لە تورکیە ، ئامادەیی تێڕوانینی لەقاڵبدراو و ئیدئۆلۆژیکی چەپی نەریتییە. ئەم تێڕوانینە بە سەرنجدان لە زەینییەتی تایبەتی خۆی، لە زۆر حاڵەتدا ناتوانێ راستی ڕووداوەکانی ئەو بەشەی کوردستان و تەنانەت پارچەکانی دیکەش، بەو جۆرەی کە هەن و دەچنە پێش ببینێ و هەڵسەنگێنێ. هەر ئەم تێڕوانینە ئیدئۆلۆژیکە، کە تێڕوانینی بەشێکی بەرچاو و خاوەن کاریگەریی ئەو بزوتنەوەیە، بووەتە هۆی ئەوەی کە لە ڕەوتی نوێی گۆڕانخوازیو گۆڕانخوازییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا کە بە پشتیوانیی ڕۆژاوا دەکرێن، هەڵوێستی پێچەوانە و هەڵە لە خۆی نیشان بدات. کە دواجار جگە لە جێ هێشتنی کاریگەریی نەرێنی لەسەر بزوتنەوەی کورد، دەبێتە هۆی دابەشکردنی ئەو بزوتنەوەش بە سەر دوو بەرەدا.

کوردستانی تورکیە پێویستیی هەنووکەیی بە ئاشتی، سەقامگیریو بەشداریی لە ڕەوتی سیاسیدا هەیە. هیوادارین هەنگاوی بوێرانەی دەستپێکردنی دیالۆگ لە ئوسلۆ، بە چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد بگاتە ئەنجام. چارەسەرێك کە دڵخوازی نەتەوەی کوردە لەو پارچەیەدا.

## ٤-٢ کوردستانی سووریە

دەوڵەتی بەعسی دەسەڵاتدار لە سووریە ساڵانێکی دوور و درێژە کە بە شێوەی نیزامی و دیکتاتۆری، وڵاتی پاوان کردووە و هەموو ئازادی و دادپەروەرییەکی پێشێل کردووە و بە کوشتار و سەرکوت و چەوساندنەوەی توندوتیژ، دەسەڵاتەکەی ڕاگرتووە.

جوغرافیای سووریە و سنووری لەگەڵ دەریای ناوەڕاست و هاوسنووری لەگەڵ لوبنان و بەتایبەت ئیسراییل و عێراق و ئۆردۆن و تورکیە، جیگەیەکی تایبەتی بەو وڵاتە داوە، کە لە پێناوی پاراستنی ئاسایش و ئارامی لە ناوچەکەدا ڕەفتاری سەرکوتکارانەی لە نێوخۆدا لە بەرچاو نەگیرێت، بەڵکو تەنیا لە باری ڕەفتار و کرداری دەرەکییەوە بخرێتە ژێر گوشار. هەروەك ئەوەی کە لە پێوەندی لەگەڵ پەروەندەی تیرۆری ڕەفیق حەریریدا ناچاریان کرد کە هێزەکانی لە لوبنان، بکێشێتەوە.

لە دوای ڕووداوەکانی ناسراو بە بەهاری عەرەبی، سووریە و دەسەڵاتی بەعسی حاکم وای دەزانی کە ئەو وڵاتە بەدوور دەبێ لەو ڕووداوانە، بەڵام زۆری نەخایاند کە شۆڕش و ناڕەزایی دەربڕین و سەرهەڵدانەکان کێشرانە نێو وڵاتی سووریەش و لە دەرعاوە دەستی پێکرد و زۆر خێرا هەموو وڵاتی تەنییەوە. لەو ڕۆژەوە تاکوو ئەمڕۆ، دەسەڵاتی سەرکوتکەری بەعس، بە پشتیوانیی سیاسیی چین و ڕووسیە و بە پشتیوانیی سیاسی، مادی، نیزامی، چەك و تەقەمەنی، ئەمنیەتی و هێزی سەربازیی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بە هەموو شێوەیەك کوشتار و توندوتیژی و تۆپباران بە دژی ماڵ و مڵکی خەڵکی ئاسایی و مەدەنی بەڕێوە دەبات و بە هەموو ڕێگەیەکی دژەمرۆیی هەوڵ دەدات دەسەڵاتەکەی بپارێزێت و درێژە بە حکوومەتی خوێن و ترس و سەرکوت بدات.

دەسەڵاتی بەعسی سووریە، وەك تەنیا هاوپەیمان و دۆستی عەرەبی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بەتایبەت لە بواری گەیاندنی چەك و تەقەمەنی و یارمەتییەکانی، بۆ حیزبوڵڵای لوبنان و گرووپە توندڕەوەکان لە فەلەستین، ڕۆڵ و دەورێکی گرینگی بۆ ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهی هەیە. بۆیە ڕووخانی ڕێژیمی بەشارئەسەد، جیگە و پێگەی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکەدا زۆر لاواز دەکات و پشتیوانییەکانی لە حیزبوڵڵا و باقی گرووپەکانی لایەنگری لەو ناوچەیەدا، زۆر کز دەبێتەوە.

دەسەڵاتی بەعس لە سووریە، بە هەموو شێوەیەك سیاسەتی سەرکوت و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ بەڕێوە دەبات. تەنانەت لە سووریەدا تا ئێستاش ژمارەیەکی چەندسەدهەزار کەسی لە کوردەکان ناسنامەیان پێ نەدراوە و لە هەموو مافێکی مرۆیی بێبەش کراون.

خەبات و تێکۆشانی حیزب و لایەنە سیاسییەکان لە کوردستانی سووریە، بە درێژایی چەندین ساڵی ڕابردوو هەر بەردەوام بووە و بە لەبەرچاوگرتنی باری جوغرافیایی ئەو بەشە لە کوردستان، تایبەتمەندیی خۆی هەبووە. ئەمە وای کردووە کە ویست و داخوازییەکانی ئەو حیزبانە زۆرتر لە وەدەست خستنی مافە مەدەنی و فەرهەنگییەکاندا خۆ بنوێنن و باس لە هەرێمێکی خودموختار بۆ کوردستانی سووریە، کەمتر بکرێت.

لەم سەرهەڵدان و ڕاپەڕێنە جەماوەرییانەی کە لە سووریە لە ساڵی ڕابردوودا هاتوونەتە ئاراوە، حیزب و لایەنە کوردییەکان بە هەستیاری و بە وردبینییەوە بەرەو ڕووداوەکان ڕۆیشتوون. لەم دواییانەدا زۆربەی هەرە زۆری حیزبە کوردییەکان هاوپەیمانییەکیان پێك هێناوە بەناوی (ئەنجوومەنی نیشتمانیی کورد لە سووریە) و هەوڵیان داوە کە بە شێوەیەکی یەکگرتوو لە ڕووداوەکاندا کاریگەرییان هەبێ. بەداخەوە پارتی یەکیەتیی دێموکراتیك کە باڵی پ.ك.ك لە سووریەیە، نەك لەو ئەنجوومەنەدا بەشداریی نەکردووە، بەڵکوو سیاسەتی دژایەتیشی وە پێش گرتووە، کە ئەمە زەربە لە ڕۆڵی کورد لە گۆڕانکارییەکاندا دەدات.

هەرچەند دیار نیە دوای ئاڵوگۆڕی دەسەڵات لە سووریە، چ دەسکەوتێك بۆ کورد لەو وڵاتە بە دی دێت، بەڵام بێ گومان وەدەستهێنانی هەر رادەیەك لە ماف و ئازادییەکان، بەشێکی زۆری پەیوەستە بە توانا و یەکگرتوویی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کورد لە سووریە و رادەی وشیاری ئەوان لە بوونی بەرنامەیەکی واقیعبینانە و سیاسەتێکی دروست، لە پێوەندی لەگەڵ ئاڵوگۆڕەکان. بەڵام گومان لەوەدا نییە کە لە ئەگەری هەرجۆرە گۆڕانێك لە دەسەڵاتی سووریەدا، تازە سیاسەتی سەرکوت و پێشێلکاری بۆ دواوە ناگەڕێتەوە و کورد لە سووریەی داهاتوودا دۆخەکەی زۆر باشتر لە رابردوو، دەبێت.

## ٤-٣- کوردستانی عێراق

بە دوای رووخانی حکوومەتی سەدام حسێن و دامەزراندنەوەی حکوومەتی عێراق، گۆڕانکاریی زۆر لە ئاستی سیاسەت و دۆخی سیاسی و ئابووری و پێوەندییە ناوچەییەکانی عێراقدا بە دی هاتووە.

چەند ساڵی سەرەتای دامەزرانەوەی حکوومەتی عێراق، کاری گرینگ و سەرەکی دابینکردنی ئاسایش بوو، کە بە بۆنەی هێزە توندڕەو و تیرۆریستەکانەوە، بە کردەوەی خۆکوژی و هێرشە نیزامییە بەرفراوانەکانیان، زۆربەی عێراقیان شڵەژاندبوو و ئەو رەوتە خەریك بوو بەرەو شەڕی ئایینزایی لە نێوان شیعە و سوننەدا، ملی دەنا.

بەدوای کەمتربوونەوەی ئەو کردەوە تیرۆریستیانە و وردە وردە ئارام بوونەوەی وڵات، ئاستی گەشەکردنی سیاسی و ئابووریش بەرز بووەوە و هەڵبژاردنە پارلمانییەکان و وەگەڕکەوتنی کۆمپانیا بازرگانی و دارایی و نەوتییەکان لە عێراقدا، دۆخێکی نوێیان هێنایە ئاراوە. لە سەرەتاوە و دوای رووخانی رێژیمی بەعس، بەهۆی ئەو ئاڵۆزی و تەقینەوانەی کە لە عێراقدا روویان دەدا، زۆربەی قسەی لایەن و راگەیەنەکان لەسەر ئەوە چڕ ببووەوە کە رووخانی حکوومەت، هیوای وەدیهاتنی دێموکراسیی بەهێز نەکردووە و بیانوو کەوتبووە دەست ئەوانەی دژبەری ئازادی و دێموکراسین، تا پڕوپاگەندە بۆ شکستی ئەزموونی دێموکراسی لە ناوچەکەدا بکەن و بەناوی دڵسۆزی بۆ ئاسایش و ئارامی، دژ بە دێموکراسی و لە قازانجی دیکتاتۆری و پاوانخوازیدا بجوڵێنەوە، کە بە داخەوە ئەم رەوتە لە پڕوپاگەندە تا ئێستاش هەر بەردەوامە.

بەڵام ئەزموونی ئەم چەند ساڵەی دوایی عێراق ئەوە نیشان دەدا، کە هەرچەندە ئەم وڵاتە وەکوو هەموو رۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئەزموونی دەیان ساڵەی دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی هەیە و بەشە جیاجیاکانی ئەم کۆمەڵگایە جۆرێك لە دڕدۆنگی و بڕوا بەیەکنەبوون و تەنانەت کێشەی مێژوویی و رابردووی خوێناوییان لەگەڵ یەکدا هەیە، کە دەبنە کۆسپی گەورە لە

بەردەم دامەزرانی سیستمێکی دیموکراتیکدا، بەڵام نابێ ئەوەمان لەبیر بچێت کە هەنگاوی یەکەمیشیان بۆ چەسپاندنی دیمۆکراسی هەڵێناوە، ئەو هەنگاوەش لەگۆڕنانی دەسەڵاتی دیکتاتۆریەتە، چونکە بە بێ لەگۆڕنانی دەسەڵاتی دیکتاتۆر، چەسپاندنی دیمۆکراسی مەحاڵە. بە گشتی ئەم رەوتە ( واتە رەوتی جێگیر کردنی دیمۆکراسی ) لەم وڵاتانەدا تێچووی مرۆیی و ئابووری و سیاسیی زۆری دەبێ. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێزە دیموکراتەکان دەبێ زیاد لە هەر کاتێکی تر پشتیوانی لە رەوتی بەشداریی خەڵك لە دیاریکردنی چارەنووس و دەسەڵاتی سیاسیدا بکەن، چوونکە ئەم رەوتە، ئازادی و پاراستنی کەرامەتی مرۆیی بە دواوە دەبێ دواجار ئاسۆی سەرکەوتنی روونترە.

لە دوای هەڵبژاردنە پارلمانییەکەی ٢٠١٠ لە عێراقدا، ململانێ و هاوپێوەندی و رکەبەرییەکان جۆرێکی دیکە لە دۆخی سیاسییان پێك هێنا و لەو نێوەدا دەوری سەرکردایەتیی کورد لە پێك گەیاندنی لایەنەکان بەرچاو بوو و لە کۆتاییدا رێککەوتنامەی هەولێری لێ کەوتەوە، کە بوو بە هۆی پێکهێنانی حکوومەت. سەرەڕای هەبوونی هاوپەیمانی و رێکەوتن لە نێوان لایەنەکاندا، بەڵام لەبەر دوو فاکتەری گرنگ ئەو هاوپەیمانێتی و رێکەوتنانە، نەیانتوانیوە دۆخی سیاسی عێراق جێگیر بکەن. ئەو دوو فاکتەرە بریتین لە:

یەکەم، دەستێوەردانی دەرەکی و بەتایبەت دەستێوەردانی کۆماری ئیسلامی، کە بەردەوام هەوڵ دەدا دەسەڵاتێك لە عێراقدا بێتە سەرکار، کە گوێ لە مستی خۆی بێ.

دووهەم، رۆیشتنە دەرەوەی هێزەکانی ئامریکا لە کۆتایی ساڵی ٢٠١١ لە عێراق و بەدی هاتنی بۆشایی هێز. کە هەر هێزێك هەوڵدەدا خۆی ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە.

بە رۆیشتنە دەرەوەی هێزە سەربازییەکانی ئەمریکا لە عێراق، کۆتایی بە بەرژەوەندی و ئامادەبوونە دیپلۆماتیکیەکانی ئەو وڵاتە نەهاتووە، بەڵام زۆرتر هەوڵی داوە کە چارەسەری کێشەکان بە هێزە ناوچەییەکان بسپێرێ و دواجار دەوری هێزە ناوخۆییەکان لە رووداوەکاندا بەرجەستەتر بێ. ئەمە ئەگەرچی لە لایەکەوە بە قازانجی هێزە ناوچەییەکان و هێزە عێراقییەکانە کە خۆیان بە خاوەنی کێشەکان بزانن و ئەزموونی چارەسەرکردنی کێشەکان بەدەست بێنن، بەڵام لە لایەکی دیکەشەوە رکەبەرایەتیی ناوچەیی زیاتر کردووە و کێشە ناوچەییەکان قووڵتر بوونەتەوە. بە شێوەیەکی گشتی بەهۆی دەستێوەردانە دەرەکییەکان و بەدی هاتنی بۆشایی هێز، لە ئێستادا دوو بەرە لە گۆڕەپانی سیاسی عێراقدا بەدی هاتوون: بەرەی ئێران و سوریە و حیزبوڵڵا و شیعەکانی عێراق لە لایەك و بەرەی عەرەبستان و قەتەر و تورکیە و هێزە هاوپەیمانەکانیان لە عێراق و شوێنەکانی دیکە، لە لایەکی دیکەوە.

لە ژێر کاریگەریی وەها دۆخێکی سیاسیدا، ئەزموونی کوردستانی عێراق هەم بەرەوڕووی دەرەتانی نوێ بۆتەوە و هەم مەترسی و گوشاریشی لەسەرە. لە کوردستانی عێراقدا،

حکوومەتی هەرێم، بە چەندین هەڵبژاردن و بەتایبەت هەڵبژاردنی پارلمانی و سەرۆکایەتیی هەرێم، هاوشان لەگەڵ رەوایی خەباتی مێژوویی، سەقامگیری و رەوایی دێموکراتیکی بۆ سیستمە سیاسیەکەشی بەدی هێناوە.
ئەم حکوومەتە لە حاڵەتی دووفاکتۆی بێ دانپێدانانەوە، گوازراوەتەوە بۆ حکوومەتێکی فەرمیی خاوەن پێگەی یاسایی لە یاسای بنەڕەتیی عێراقدا و لە چەندین بواری ئابووری، سیاسی و دیپلۆماتیکەوە گەشەی کردووە و لە هێندێك بواریشدا لاوازی و کەموکورتیی هەیە و هێندێك مەترسیی لەسەرە.

## ٤-٣-١ بواری ئابووری

هەتا پێش رووخانی حکوومەتی بەعس لە بەغدا، حکوومەتی هەرێمی کوردستان کە بە شێوەیەکی دووفاکتۆ، بە سەر بەشێك لە خاکی کوردستانی عێراقدا حوکمرانیی دەکرد، لە بەر چەند هۆکارێکی وەك: کەم ئەزموونی لە شێوەی هاوکاری هێزەکان و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی وڵات، گەمارۆی ئابووریی لەسەر عێراق، گەمارۆی حکوومەتی بەغداد لەسەر کوردستان و نەبوونی سەرچاوەی دارایی پێویست، دۆخێکی ئابووریی نالەباری هەبوو و زۆربەی خەڵکی کوردستانی عێراق لە حاڵەتی هەژاری و بێکاری و بێداهاتیدا دەژیان و گەورەترین بژێوی ژیانیان یارمەتییە مرۆییەکان و پرۆژەی نەوت بەرانبەر بە خۆراك بووە. بەڵام دوای رووخانی بەعس، چەندین فاکتەری گرینگ هاتنە ئاراوە کە ژیان و گوزەرانی خەڵکیان باشتر کردوو و دۆخی ئابووریشیان بە شێوەیەکی بەرچاو بوژاندەوە. لەو فاکتەرە گرینگانە دەتوانین ئاماژە بەمانە بکەین:
یەکەم: هاتنی هێزە رۆژئاواییەکان بۆ عێراق، کە لەگەڵ خۆیدا هاتنی کۆمپانیا بازرگانی و دارایی و پیشەییەکانیشی لێ کەوتەوە و دواجار درگای جیهان بە رووی ئابووریی عێراقدا کرایەوە.
دووهەم: دۆزینەوەی سەرچاوە گرینگەکانی وزە لە کوردستانی عێراقدا و راکێشانی سەرنجی کۆمپانیا گەورەکان بۆ لای ئەم هەرێمە.
سێهەم: سەقامگیری و ئاسایشی هەرێمی کوردستان لە چاو ناوچە نائارامەکانی عێراق، دەرەتانێکی گەورەی بۆ هەرێمی کوردستان پێك هێنا، کە کۆمپانیا عێراقی و بیانییەکان وەکوو بنکەی سەرەکی چاو لە هەرێمی کوردستان بکەن و روو لەم ناوچەیە بکەن.
چوارەم: پێویستی عێراق بە ناردنە دەرەوەی نەوت لە رێگایەکی دیکە جگە لە رێگای کەنداو و پێویستیی ئورووپا بۆ وەدەست خستنی وزە لە رێگەیەك جگە لە رێگای رووسیە و کەنداوەوە و پێویستیی تورکیەش بە وزە و نەوت و گاز، هەموو ئەمانە هەرێمی کوردستانیان کرد بە

ناوچەیەکی ستراتژیکی گواستنەوەی وزە.
بۆیە بەپێی کاریگەریی ئەو فاکتەرانەی ئاماژەیان پێدرا، ئابووریی کوردستانی عێراق بەتایبەت لە ٦ ساڵی رابردوودا گەشەیەکی بەرچاوی بە خۆوە بینیوە و کار و بازرگانی و پیشەسازیی نەوت و گاز، پەرەیان ئەستاندووە.
خاڵێکی لاوازی ئەم ئەزموونە و ئەم رووداوانە، ئەوەیە کە وەکوو زۆربەی ناوچەکانی جیهانی سێهەم، زیادبوونی سەروەت و سامان و گەشەی خێرای ئابووری، کۆمەڵێك لە دیاردە دزێوە ئابوورییەکانیشی لەگەڵ خۆیدا هێناوە. دیاردەگەلێکی وەکوو: گەندەڵی، قووڵتربوونی کەلێنی چینایەتی، پاوانکردنی بوارەکانی تایبەت بە بازرگانی و پشتگوێ خستنی پیشە و بەرهەمهێنانە ناوخۆییەکان کە ئەم دیاردانە بوونەتە هۆی سەرهەڵدانی نارەزایی و شیاوی ئاماژە پێکردنە کە راپۆرتەکانی پارلەمان و حکوومەت و سەرۆکایەتیی هەرێمیش ئاماژە بەو کەموکورتیانە دەدەن.

## ٤-٣-٢ دۆخی سیاسی

هەل و مەرجی سیاسی لە هەرێمی کوردستان لەم چەند ساڵەدا هەم لە بواری نێوخۆییەوە و هەم لە بواری دەرەوەی ، گۆڕانکاریی زۆری بە خۆوە بینیوە.
لە ئاستی نێوخۆی هەرێمدا، بە جیابوونەوەی بزووتنەوەی گۆڕان لە یەکیەتیی نیشتمانی و بەشداریی جیاوازیان لە هەڵبژاردنی پارلمانی کوردستان لە ٢٠٠٩دا، بە شێوەیەکی کردەیی و بە ئەزموونێکی نوێوە، باسی ئۆپۆزیسیۆن لە هەرێمی کوردستان هاتووەتە ئاراوە.
پێشتر، ئەو هێزانەی کە دەیانویست سیمای ئۆپۆزیسیۆن بە خۆوە بگرن، لاواز بوون و زۆرجار خۆیان بەشدارییان لە دەسەڵات و حوکمڕانیدا دەکرد، بەڵام ئەمجارە، حیزبی ئۆپۆزیسیۆن وەکوو بەرهەڵستکار لە پارلماندا مایەوە و بەشداریی لە حکوومەتدا نەکرد و ئەمە بوو بە سەرەتایەك بۆ ئەزموونێکی نوێ لەسیستمی سیاسی کوردستاندا.
نوێ بوونی ئەم ئەزموونە، هەم خاڵی بەهێز و هەم خاڵی لاوازیشی تێدا بە دی دەکرێت و پێویستە کە حیزب و لایەنە سیاسییەکان لە کوردستانی عێراق، پارلمانی کوردستان بکەن بە سەرچاوەی سەرەکیی دەسەڵاتی یاسادانان و چاوەدێری و دواجار بە ئەزموون وەرگرتن لە هەڵەکان رۆژ بە رۆژ زیاتر وڵاتەکەیان بەرەو پێش بەرن.
لێرەدا پێویستە ئاماژە بە وەزعی کۆمەڵگای مەدەنی لە کوردستاندا بکەین کە بە هۆی گۆڕانکارییەکانەوە، ژمارەی رێکخراوە ناحوکمیەکان لە زیادبووندایە. هەروەها ئامادەبوونی هێندێك رێکخراوی ناحوکمیی بیانی، رۆڵی بەرچاوی لە گەشەپێدان و چالاکیی رێکخراوە ناوخۆییەکاندا هەبووە.

پێوەندی و جێگەوپێگەی سیاسیی کورد لە بەغدادا، هێشتا ئاڵۆزی و گێرەو کێشەی لەگەڵە و هێندێك لە کێشەکانی حکوومەتی هەرێم لەگەڵ دەسەلاتی فیدراڵی لە بەغدا، هەروا بەردەوامن و ماونەتەوە. بەچارەسەرنەکراوی مانەوەی ئەو کێشانە،(وەکوو کێشەی بوودجەی پێشمەرگە، گرێبەستە نەوتییەکان، دەسەڵاتەکانی حکوومەتی فیدراڵ و هەرێمەکان) دۆخەکەی ئاڵۆزتر کردووە، بۆیە ناوە بە ناوە بە سەرهەڵدانەوەی ئەو باس و بابەتانە، کێشە و تەنگژەی سیاسیی، هەموو ئەزموونی حکوومەتی عێراق دەگرێتەوە.
گرفتێکی بنەڕەتیی دیکەی کورد لە عێراقدا، جێبەجێنەکردنی بەندەکانی دەستوور و بەتایبەت ماددەی ١٤٠ی دەستوورە، کە تایبەتە بە ئاسایی کردنەوەی هەل و مەرجی ناوچە جێناکۆکەکانی نێوان هەرێم و بەغدا کە گرنگترین ناوچە لەم ناوچە جێناکۆکانە، کەرکووکە. لێرەدا دەبێ ئەوە بلێین کە جێبەجێ نەکردنی ئەم بەندانەی دەستوور و بە تایبەتی ماددەی ١٤٠، دەگەڕێتەوە بۆ چەندین هۆکار، لەوانە: یەکنەگرتوویی پێویست لە نێوان هێزە کوردستانیەکان، دەست تێوەردانی وڵاتە هەرێمییەکان و کەمکاری حکومەتی نوێی عێراق.

**٤-٣-٣ پێوەندی و دیپلۆماسیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان**

ئاستی پێوەندییە سیاسییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەم ساڵانەی دواییدا لەگەڵ دنیای دەرەوە و وڵاتانی دەوروبەر، ئاڵوگۆڕی زۆری بەسەردا هاتووە و بەرەو حکومەتێکی نیمچە سەربەخۆی دووفاکتۆ هەنگاو دەنێت.
سەفەر و سەردانەکانی سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکوومەت و بەگشتی کاربەدەستە حکومییەکان بۆ دەرەوەی وڵات و وەرگیرانیان لە بەرزترین ئاستەکاندا، نیشانەی گەشەکردنی پێگەی سیاسیی حکومەتی هەرێمی کوردستانە. لەم نێوەدا سەردانەکانی سەرۆکی هەرێم بۆ ئامریکا و چەندین وڵاتی ئورووپایی و عەرەبی و پێشوازی لێ کردنی لە ئاستی کەسی یەکەمی ئەو وڵاتانە و بە تایبەتی پێداگرییەکانی ئامریکا لەسەر پێوەندیی نێوان ئامریکا و کوردستانی عێراق، پێگەی ئەم حکومەتەیان بەهێزتر کردووە.
خاڵێکی گرینگ لە پێوەندییەکانی حکوومەتی هەرێم دا، پێوەندیی ئەم هەرێمەیە لەگەڵ وڵاتی تورکیە و حکومەتی ئەو وڵاتەدا. لە سەرەتادا دەوڵەتی تورکیە وەکوو مەترسییەك بۆ یەکپارچەیی خاکی وڵاتەکەی چاوی لە حکوومەتی هەرێم دەکرد، بەڵام وردە وردە لە ژێر کاریگەری گۆڕانکارییە ناوچەییەکان و دەرکەوتنی هەرێمی کوردستان وەك واقیعێکی بەهێزی سیاسی و ئابووری، روانینی دەوڵەتی تورکیە سەبارەت بە هەرێمی کوردستان گۆڕا و ئێستا ئیدی لە باتی ئەوەی وەکوو مەترسی چاو لە هەرێمی کوردستان بکرێت، وەکوو هەل و دەرفەتێك چاوی لێ دەکرێ کە دەتوانێ بۆ بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی تورکیە بەسوود بێت.

ئەوە تا ئاستێك چووەتە پێشێ کە چاوەڕوانی ئەوە دەکرێ تورکیە ببێتە پردی گواستنەوەی سەرچاوەکانی وزە لە هەرێمی کوردستان و عێراقەوە بۆ ئوروپا. بۆیە رۆژ بە رۆژ ئاستی پێوەندی دیپلۆماتیك و ئاڵ و گۆڕی بازرگانی و رێژەی کۆمپانیا تورکیەکان لە کوردستاندا، دەچێتە سەرێ و ئەوەش بەگشتی سەقامگیری و باوەڕپێکراوییەکی زیاتری بەخشیوە بەم هەرێمە. سەردانی ناوبەناو و بەردەوامی کاربەدەستە باڵاکانی دەوڵەتی تورکیە بۆ هەرێمی کوردستان هەر لە سەرۆك وەزیرانەوە بگرە تا وەزیر و کاربەدەستەکانی تر، ئاماژەیەکی روونە بۆ گۆڕانی روانینی دەوڵەتی تورکیە سەبارەت بە هەرێمی کوردستان.

خاڵی جێگای کێشە لەو پێوەندییانەدا، پرسی کورد لە تورکیە و ئامادەبوونی پ ك ك لە کوردستانی عێراقە، کە وەکوو کۆسپ و گرفت لەو پێوەندییەدا ماوەتەوە. هەرێمی کوردستان لەو پێوەندییەدا کە ئامادە نیە لە ژێر گوشارەکانی دەوڵەتی تورکیە، شەڕی کورد لەگەڵ کوردبکات، سیاسەتێکی ژیرانەی وەپێش گرتووە و پێویستە حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرنجدان لە جێگە و پێگە سیاسیەی کە لە ناوچە و جیهاندا هەیەتی هەوڵی زیاتر بۆ چارەسەریی ئاشتییانەی پرسی کورد لە تورکیە بدات و وەك هێزێکی یارمەتیدەر ئەوەی لەدەستی دێ ئەنجامی بدات، بە مەبەستی چارەسەر کردنی ئەم پرسە و گۆڕانی هەل و مەرجەکە لە قۆناخی خەباتی چەکدارییەوە بۆ خەباتی سیاسیو پارلەمانیو مەدەنی و چارەسەری گونجاو.

## ٤-٣-٤ پێوەندییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانو ئێران

کۆماری ئیسلامی لە پێوەندییەکانیدا لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستاند، زیاتر هەوڵی داوە کە لەگەڵ حیزبەکاندا پێوەندی دامەزرێنێ، تا لەو رێگایەوە دەستی ئاواڵەتر بێت بۆ دەستێوەردان لە هەرێمدا.

لەو دەستێوەردانانە دەتوانین ئاماژە بە تۆپبارانە ناو بە ناوەکانی گوندەکانی سەرسنوور، لایەنگری لە دژبەران و نەیارانی کورد لە نێو عێراق و هاندانی هێندێك لە گرووپە توندڕەو و بناژۆخوازەکان بۆ تێکدانی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، بکەین. هەر کاتێك حکومەتی ئێران ویستبێتی گوشار بخاتە سەر تورکیە، یان ویستبێتی حکومەتی هەرێم پشتیوانی لە کوردەکانی سووریە نەکات بۆ بەشداری کردن لە خۆپیشاندانەکانی ئەو وڵاتە، یان ویستبێتی کە کوردەکان پشتیوانی لە رەوتێکی سیاسی دیاریکراو لە عێراقدا ( کە سەر بە خۆیەتی ) بکەن، ئەم دەستێوەردان و گوشار و خراپەکاریانەی توندتر کردووەتەوە. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەم گوشار و دەستێوەردانانەش، نابێت ئەوەمان لە بیر بچێت کە نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران چاوەڕوانیی زۆرتری لەم هەرێمە و دەسەلاتەکەی هەیە، کە هەر وەکوو چۆن کوردەکانی

ئێران دەسکەوتە سیاسییەکانی کوردستانی عێراق بە دەسکەوتی خۆیان زانیوە و دەزانن و بە سەرکەوتنەکانی شادبوون و بە گرفتەکانی سەر ڕێگای نیگەران، ئاواش چاوەڕوانیی ئەوەیان هەیە کە ئەم حکوومەتە وەکوو دەسەڵاتێکی نەتەوەیی بە سەرنجدان لەو جێگە و پێگەیەی کە لە ئاستی ناوچەیی و نێونەتەوەییدا هەیەتی، پشتیوانی لە ویست و داواکارییەکانی گەلی کورد لە ئێراندا بکا و بە هانایانەوە بێت و هەوڵ بۆ بە چارەسەرگەیشتنی پرسی کورد لەو بەشەش، بدا.

## ٤-٤- کوردستانی ئێران

### ٤-٤-١- دۆخی ئابووری

کوردستانی ئێران، وەکوو ناوچەیەکی دواکەوتووی ئابووری لە ژێر دەسەلاتی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامیدا، هەروا بە درێژایی ساڵانی ڕابردوو لە دواکەوتوویدا، ڕاگیراوە ڕێژیمی حاکم بە سەر وڵاتدا، لە باتی بەرنامەدانان بۆ گەشەسەندنی ئابووری و بردنەسەرەوەی ئاستی گوزەرانی خەڵك، نەك بەرنامەی بۆ گەشەپێدان نەبووە، بەڵکوو زۆرتر و بەردەوامتر هەوڵی داوە کە لە بواری ئابووری نێوخۆیی و بەرهەمی پیشەیی و زیدەبایی پێکهێنانی ناوچەیی و خۆجێییەوە، کوردستان بەرەو خاڵی ژێر سفر ببا و ئابووریی کوردستان بکا بە ئابوورییەکی ملکەچ و چاو لەدەستی ڕێژیم، کە هەرکات ڕێژیم بە پێویستی زانی و بەزەیی بە خەڵکیدا هاتەوە، پارەیەك و دەرگایەکی نان دەرهێنان بۆ خەڵك بکاتەوە و هەر کاتێکیش لە هەڵسووکەوتی خەڵك نارازی بوو، دەرگاکانیان لەسەر دابخا و بەم شێوەیە ملکەچی دەسەڵات بن.
لە بەر هەڵاواردن و جیاوازییە لە ڕادەبەدەرەکانی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە کوردستان، ڕادەی سەرمایەدانانی ساڵانەی دەوڵەتی لە ماوەی زیاتر لە ٣٠ ساڵی ڕابردوو لە ناوچە کوردنشینەکاندا، نزیك بە سفر لە داهاتی ناخالیسی نێوخۆیی ئەو ناوچانە بووە. گرفتێکی دیکەی بنەڕەتی، نەبوونی ئامار و ژمارەی درووست و واقیعییە. زۆربەی ئامارەکانی کۆماری ئیسلامی لەسەر کوردستان ناڕاست و دەستکردن. ڕێژیم لە دانی ئاماری دروست چ لە باری ڕادەی حەشیمەت و چ لە بواری بێکاری و گرانی و ڕادەی سەرمایەدانان و بەرهەم و ... هتد، خۆ دەبوێرێ و فاکتەری نادروست دەخاتە نێو ئامارەکانەوە. بۆ وێنە ڕێژیم دەسکاریی چەمکی (بێکار) دەکا و بێکار بە کەسێك حیساب دەکا کە لە ماوەی حەوتوویەکدا کەمتر لە کاتژمێرێك کاری کردبێ! ئەمە لە کاتێکدایە کە بێکار بە کەسێك دەوترێ کە تواناو دەرەتانی کاری هەبێ، بەڵام ئەوەندەی کار دەست نەکەوێ کە ژیانی خۆی پێ بەڕێوە ببا.
هەر بەم هۆیانەوە دەبینین کە بە شێوەی کردەیی و واقیعی خەڵك لە کوردستان لەدەست بێکاری وەزاڵە هاتووە و بە هەزاران لاو و کەسی بە توانای کورد ئاوارەی شار و ناوچەکانی

دیکەی ئێران بوون، بۆ ئەوەی کارێکیان دەست بکەوێ. ئەمڕۆ لە شارەکانی کوردستاندا بە هەزاران خوێندەڤانی خاوەن بڕوانامەی بەرز هەن، کە بێکارن. بە شێوەیەکی نێونجی ئاستی بێکاری لە کوردستانی ئێراندا نزیك لە ٣٠٪ە، بەڵام ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ پارێزگای سنە، ڕێژەی ١٠٪، بۆ پارێزگای کرماشان ١١٪ و بۆ ئیلام ١٦٪، بێکاری رادەگەیەنێ.

لەبەر نەبوونی پیشەسازیی بنەمایی، کەمی پیشەسازیی ناسراو بە تەبدیلی "مۆنتاژ"، گرینگینەدان بە مۆدێڕنکردنی کشتوکاڵ، پێشگرتن بە ئاڵوێری ئازادانەی شتومەك لە نێوان شارەکان و لەگەڵ کوردستانی عێراق و کۆسپ دروستکردن لەسەر گەشەکردنی بازاڕچە سنوورییەکان و چەندین هۆکاری دیکە، رادەی بێکاری لە کوردستانی ئێران زیاتر بووە و زۆربەی ئەو کەسانەش کە خاوەنی کارن، لە بەشی خزمەتگوزاری کار دەکەن، کە زۆرێکیان بە زرە خزمەت (خزمەتی کازب) وەکوو دەستفرۆشی و دەڵاڵیی دەناسرێن.

لە ئاکامی بێکاریی بەرچاوی خەڵك، کۆڵبەری بۆتە تەنیا رێگا چارەی دابینکردنی بژیوی ژیانی بەشێکی بەرچاوی هاووڵاتیانی شارە سنوورییەکان، کە ساڵانە لەبەر توندوتیژی و سیاسەتە نامرۆییانەکانی ڕێژیم، دەیان کەس لە هاووڵاتیان تووشی زەرەری گیانی دەبن. (بڕوانە پاشکۆ، ژمارە ١٢)

سپای پاسدارانی ڕێژیم بە دەسبەسەرداگرتنی شتومەك و هەروەها هاوبەشبوون لە کاری قاچاغ و بەرتیل وەرگرتن، بۆتە مافیایەکی گەورەی قاچاغ لەو بازاڕە سنوورییانە و بۆیە قازانجی بنەڕەتیش هەر بۆ سپای پاسداران دەگەڕێتەوە.

کۆماری ئیسلامی، لە جیاتی پلانداڕشتن بۆ دابینکردنی کار بۆ لاوان و کەسانی خاوەن توانا، هەوڵ دەدا بە سود وەرگرتن لە دۆخی هەژاری لە کوردستاندا، لاوانی کورد رابکێشێتە ناو دام و دەزگاکانی خۆیەوە، وەك: بەسیج، سوپای پاسداران، دەزگا سیخوڕی و ئەمنیەتیەکان.

کەرتی کشتوکاڵ وەك بەشی بنەمایی و ستراتژیکی گەشەی ئابووری لە کوردستانی ئێراندا، دەناسرێ. بەڵام ئەم کەرتە لە کوردستان هەر لەسەر بنەمای شێوازی کۆن و نەریتی بەڕێوە دەچێ، بۆیە بەهرەدانی ئەو بەشە زۆر لە خوارێیە و داهاتەکەی لە قەدەر رادەی زەوی و ئاوی بەکاربراو لەو بەشەدا نیە. لە لایەکی دیکەوە دەوڵەت بەرنامەیەکی گونجاوی بۆ پشتیوانی لە وەرزێرەکان نیە و بەپێچەوانەی ناوچە ناوەندییەکان، هیچ پرۆژەیەکی بۆ مۆدێرنکردنی کشتوکاڵی کوردستان نیە و لە پشتیوانیکردنی جووتیاران و ئاژەڵدارانی کوردستان، خۆ دەبوێرێ.

دۆخی خراپی ئابووریی کشتوکاڵ، بێکاری، کاری درۆینە و کەمبوونی خزمەتگوزاری، خەڵکی گوندی بەرەو کۆچکردن بۆ شارەکان هان داوە و لە ئاکامدا شارەکانی کوردستانی بە شێوەیەکی بەرچاو بەرفراوان و لە باری قەبارە و حەشیمەتەوە گەورە بوون، بەڵام لە باری

ئیمکانات و ئابووریی پیشەییەوە گەشەیەکی ئەوتۆیان نەکردووە.
بەپێی ئامارەکان، ئێستا لە ناوچە کوردنشینەکان لە چوار پارێزگای کوردستاندا، ڕێژەی دانیشتوانی شارەکان بۆ ٦٢٪ی ڕێژەی حەشیمەتی کوردستان بەرز بۆتەوە.
کانزا و سەرچاوە سرووشتییەکانی کوردستان دەردەهێنرێن و دەگوازرێنەوە بۆ شارەکانی ناوەندی ئێران و لە کارخانە گەورەکانی ئەوێدا، ئامادە دەکرێن بۆ بەکارهێنان.
سەرچاوە گەورە و گرینگەکانی ئاو لە کوردستاندا، سەد و بەربەستی ئاوییان لەسەر درووست دەکرێ و ئاوەکانیان دەگوازرێنەوە بۆ شارەکانی دیکە و بەشی کشتوکاڵ و پیشەسازیی کوردستانی لێ بێبەش دەکرێ. بەرووبوومی کشتوکاڵی وەکوو میوە و گەنم و نۆك و دانەوێڵەی دیکە، لە کوردستانەوە دەگوازرێنەوە بۆ شوێنەکانی دیکە و لەو شارانەدا ناوەندی گەورەی پاراستن و ڕاگرتنی دانەوێڵە و کارخانەی گەورەی تەبدیلی بۆ درووستکردنی خۆراکی پیشەیی و ...هتد، بۆ دروستدەکرێ، بەڵام ئامادە نین ئەو کارخانانە لە کوردستاندا، دامەزرێنن.
لێرەدا پێویستە ئاوڕێك لە وەزعی ژینگەی کوردستان بدرێتەوە، کە ڕژێمی کۆماری ئیسلامی نەك هیچ ڕێوشوێنێکی زانستی و مرۆیی، بە پێی پەیماننامە نێونەتەوەییەکان بۆ پاراستنی ژینگە نەگرتۆتەبەر، بەڵکوو لە خراپ بەکارهێنانی کانزاو سەرچاوە سروشتییەکانی کوردستانەوە بگرە تا مین دانانەوە و تێکدانی سروشت و ئاگرتێبەردانی بەئەنقەست لە دارستانەکانی کوردستان، (بەتایبەت لە ناوچە سنوورییەکان)، بەردەوام لە پێناو وێرانکردنی ژینگەی کوردستاندا کاری کردوە.
هێز و وزەی مرۆیی و پێگەیشتووی کورد، لە کوردستاندا کاری دەست ناکەوێ و بە ناچاری یان دەبێ بڕوا بۆ شارەکانی دیکەی ئێران، یان تەنانەت بڕوا بۆ وڵاتانی دیکە. بۆیە بە دەیان هەزار کرێکار و پسپۆڕی کورد لە شارەکانی وەکوو تەورێز و تاران و ئیسفەهان و بووشەهر و بەندەرەکانی ئێران بە دوای کاردا وێڵن و کوردستان لەو سەرچاوە مرۆییە بێبەش دەکرێ. لەو کرێکارانەی کورد کە بەرەو شارەکانی دیکە دەڕۆن و کاری تاقەت پڕووکێن بە پارەی کەم دەکەن، پێویستە ئاماژە بە کرێکارانی کوورەخانەکان لە شارێکی وەکوو تەورێز بکەین، کە لە دۆخێکی دژواردا کار دەکەنو داهاتێکی زۆر کەمیان تەنیا بۆ دابینکردنی بژیوی ژیان، تێدا دەست دەکەوێ.
پرسێکی دیکەی کومەڵگای ئێران بەگشتیو کومەڵگای کوردستان بەتایبەتی، دۆخی منداڵانە کە بەشێوەیەکی بەرچاو لە مافە نێونەتەوەییەکانیان کە لە پەیماننامە جیهانییەکاندا هاتووە بێبەش کراون. بەتایبەت لە نێو نەتەوە بندەستەکاندا مافی خوێندن بە زمانی دایکییان لێ زەوت کراوەو ژمارەییەکی دیاریش لە تەمەنی منداڵیدا لە سێدارە دراون. وێڕای ئەو

ستەمە سیستماتیکە، ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ ژمارەی منداڵانی کار، منداڵانی تەڵاق، منداڵانی سەرشەقام، بازرگانی بە منداڵ و ...هتد، لە ئێران و کوردستاندا، زیاد دەکا.
گۆڕانێکی تازە کە لە دۆخی کار لە کوردستانی ئێراندا پێك هاتبێت، کۆچکردن و بە دوای کاردا گەڕان و پەڕینەوە بۆ کوردستانی عێراقە کە لەبەر سەر لەنوێ بنیاتنانەوەی کوردستانی عێراق لە بواری ئابووری و ئاوەدانییەوە، دەرەتانی کار و بازرگانی زۆرترە. بۆیە ژمارەیەکی زۆر، لە کرێکاری سادەوە بگرە تا وەستاکاری بوارەکانی ئاوەدانی و خانووبەرە و تا کۆمپانیای خزمەتگوزاری و بازرگانی، لە کوردستانی ئێرانەوە بەرەو کوردستانی عێراق دێن و بە دوای کار و داهاتدا دەگەڕێن.
ئەم هەل و مەرجە، دەرەتانی بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیش داوە کە بە ناوی کرێکار و وەستاکار و کۆمپانیاوە، هێزە ئیتلاعاتی و سیخوڕییەکانی ڕەوانەی کوردستانی عێراق بکا و بە مەبەستی سیاسەتە نامرۆییانەکانی کەڵکیان لێ وەرگرێ.

## ٤-٤-٢ دۆخی کۆمەڵایەتی

گرانی، بێکاری، گوشار و دەستێوەردانی ڕێژیم لە کاروباری ژیانی ئاسایی خەڵك، نەبوونی هیوا بە داهاتووی ژیان و ...هتد، بوونەتە هۆی سەرهەڵدان و بەرزبوونەوەی ڕادەی دیاردە دزێوە کۆمەڵایەتییەکان. لەژێر کاریگەری ئەو هۆکارانەدا، ڕێژەی پێکهێنانی ژیانی هاوسەری لە کوردستاندا تا دێ کەمتر دەبێ و تەمەنی هاوسەرگیری لە نێوان کوڕان و کچاندا بەرز و بەرزتر دەبێتەوە وهەر بەو ڕادەیەش، ڕێژەی جیایی و هەڵوەشانەوەی ژیانی هاوبەش زۆرتر دەبێ.
لاوان کاریان دەست ناکەوێ، تاکوو دڵنیا بن لەوەی دەتوانن خۆیان و بنەماڵەیەك بژیەنن و ئەوانەش کە ژیانیان پێك هێناوە لەبەر هۆکاری زۆر لە ژێر هەڕەشەی جیابوونەوەدان. بۆیە دەبینین کە ڕێژەی هاوسەرگیری کەم دەبێتەوە و ڕێژەی جیا بوونەوەش زیاد دەبێ. لە لایەکی دیکەوە بێکاری و نەبوونی هیوا بە داهاتوو، کار لەسەر ئەخلاق و بەها کۆمەڵایەتییەکان دەکا و گەندەڵیی ئەخلاقی، دزی، ئاژاوەنانەوەو ...هتد، ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر پەرە دەگرن.
بەڵایەکی ماڵوێرانکەری دیکە کە بەرۆکی کوردستان و لاوانی کوردی گرتووە، بەڵای مادده هۆشبەرەکانە، کە هەم لەبەر ئەو هۆکارانە و هەم لەبەر پشتیوانیی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە قاچاخچییەکانی ئەو مادانە، دیاردەی تووشبوون بەو مادانەوە زیاتر بووە و لە ئێستادا بۆتە کێشەیەکی گەورە بۆ کۆمەڵگای کوردستان. هەر چەند دیاردەی تووشبوون بە مادده هۆشبەرەکان لە سەرتاسەری ئێراندا هەیە و کۆمەڵگای ئێران لە ژێر ڕەحمەتی ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهیدا بەرەو داڕمانی کۆمەڵایەتی دەچێ، بەڵام ئەو

دیاردەیە لە کوردستاندا زیاتر بەرۆکی لاوان و بنەماڵەکانیانی گرتۆتەوە. بەرپرسانی ڕێژیم و کاربەدەستانی سپای پاسدران لە مۆرە سەرەکییەکانی فرۆشتن و بڵاوکردنەوەی ماددە بێهۆشکەرەکانن، لە کوردستاندا.

لە ژێر کاریگەری چەندین هۆکار، دۆخی ژیانی ژنان لەنێو بنەماڵەدا باشتر بووە و ژن لە نێو کۆمەڵگای کوردستاندا، بە جۆرێك لە جۆرەکان ئاڵوگۆڕ لە ژیانیدا پێك هاتووە و کراوەتر لە جاران دەتوانێ لە ژیانی بنەماڵە و کۆمەڵگادا بەشدار بێ. بەڵام هێشتا دیاردەی توندوتیژی بە دژی ژن لە کوردستاندا بوونی هەیە و ساڵانە شاهێدی چەندین حاڵەتی کوشتنی ژنانین بە بیانووی نامووسەوە. ئەمە جگە لە دیاردەی خۆسووتاندن.

سەرەڕای ئەو دیاردە دزێوە کۆمەڵایەتیانە کە بەشێکی زۆریان ئاکامی سیاسەتە چەوتەکانی ڕێژیمن، بەڵام گۆڕانکاری لە ژیانی کۆمەڵگای کوردستاندا بە شێوەیەکی بەرچاو هاتۆتە ئاراوە و پێوەندیی کوردستانی ئێران لەگەڵ چەند وڵاتی دەوروبەر و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و پێوەندیی خێرا، وایان کردووە کە کۆمەڵگای کوردستان لە باری کۆمەڵایەتیەوە گەشەیەکی زۆر بەخۆوە ببینێ. گواستنەوەی خەڵك لە ژیانی لادێ بۆ ژیانی شار بۆتە هۆی چوونەسەرەوەی حەشیمەتی شارەکان و قەبارەیان و ئەوەش بۆ خۆی جۆرێکی دیکە لە ژیان و تێڕوانین و کولتووری پێك هێناوە و چینی ناوەڕاستی شارنشین، کە دەستی بە زانیاری دەگا و خوازیاری ژیانی ئاسوودەترە، پەرەی ئەستاندووە.

هاوکات لەگەڵ ئەمانە، بوونی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و پێوەندی گشتی وەك سەتەلایت و ئینتێرنێت، کاریگەری زۆریان لەسەر ئاستی تێگەیشتن و ڕادەی زانیاریی خەڵك داناوە. لە کوردستاندا بە هەموو ئەو بەربەستانەی کە ڕێژیم بۆ دەستپێڕانەگەیشتنی خەڵك بەو ئامرازانە و قەدەغەبوونی دەزگای سەتەلایت پێکی هێناوە، بەڵام ڕێژەیەکی ئێجگار زۆری خەڵك کەڵك لەو کاناڵانە وەردەگرن و بە شوێن شتی خوازراوی خۆیان لە نێو کاناڵە تەلەویزیۆنییەکاندا دەگەڕێن. ئەمە یارمەتی دروستبوونی شوناسێکی نەتەوەیی هاوبەشی لەم بەشەی کوردستاندا داوە.

هەر لێرەدا پێویستە کە باس لە سەر کەڵك وەرگرتنی رژیم لەو تێکنۆلۆژیو ئامرازە نوێیانە بکرێ، کە لە پێناو پەرەدان بە ئیدیۆلۆژیی خۆیدا و بۆ ئاڵۆزی پێك هێنان لە کەلتوور و ناسنامەی نەتەوەکانی ئێرانو بەتایبەت نەتەوەی کورددا، بەکاریان دێنێ. لە ڕاستیدا ڕێژیم لەم ڕێگەیەوە بە وەڕێخستنی شەڕێکی نەرم خەریکی دوورخستنەوەی نەتەوەکان لە ناسنامەی خۆیانو بێزارکردنیان لە خەباتی مافخوازانەیە.

فاکتەرێکی دیکەی کاریگەر لەسەر دۆخی کۆمەڵایەتی، بەرزتربوونەوەی ئاستی خوێندەواریی کۆمەڵگای کوردستانە، کە بەپێی ئامارەکان زیاتر لە ٨٠٪ی خەڵکی کوردستان خوێندەوارن و

به هەزاران کەس لە لاوانی کورد لە زانکۆکان خوێندنیان تەواو کردووە و بە شێوەیەکی ڕێژەیی، زۆربەی هەرە زۆری بنەماڵەکانی کوردستان کەسێکی وایان هەیە کە یان خوێندنی زانکۆی تەواو کردووە، یان خوێندکارە و لە زانکۆیەك دەخوێنێ. ئەمەش کاریگەریی لەسەر بیرکردنەوە و داخواز و هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی لاوان و کۆمەڵگا، داناوە.

پێویستە ئاماژەیەکیش بە دۆخی هونەرمەندانو نووسەرانی کورد بکەین، کە لە ژێر تیغی سانسۆردا و بە کەمترین داهاتەوە کاری خۆیان دەکەنو بەردەوام لە لایەن دەزگای سیخوڕیو سانسۆری ڕژیمەوە گوشاریان لە سەرە. بە خۆشیەوە لەو دۆخە دژوارەدا زۆرن ئەوانەی کە ڕەسەنی و دەروەستیی خۆیان بەرامبەر بە نەتەوەکەیان پاراستوەو یارمەتی بە پەرەسەندنی فەرهەنگو کەلتوورو ئەدەبیاتو زمانی نەتەوەکەیان دەدەن.

## ٣-٤-٤ دۆخی سیاسی

لە کوردستانی ئێراندا، وەکوو زیاتر لە ٣٠ی ساڵی ڕابردوو، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەر جۆرە بیرکردنەوە و دەربڕینێکی جیاواز لە ئیدئۆلۆژیی خۆی، سەرکوت دەکا. لە باری سیاسییەوە، تێڕوانینی ڕێژیم سەبارەت بە کوردستان وەك جاران تێڕوانینێکی ئەمنییەتییە و لە بەرامبەردا تێڕوانینی کوردیش سەبارەت بە ڕێژیم، تێڕوانینێکی دژبەرانە و پڕ لە بێزارییە. کە ئەم بێزاری و دژبەرییەی لە دەرفەتە جۆراوجۆرەکاندا، نیشان داوە.

بۆ نمونەی ئەو جۆرە بێزاری دەربڕینانە، دەتوانین ئاماژە بەو جموجۆڵ و چالاکیە مەدەنیانەی دژ بە: کوشتنی کاسبکاران، لە سێدارەدانی چالاکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی کورد، دیاردەی دزێوی کۆمەڵایەتی وەك کوشتنی ژنان و تیرۆری ڕێبەرانی کورد وەك، د.قاسملوو و شەرەفکەندی، بکەین. لەم چالاکیانەدا خەڵکی کوردستان بە شێوەی جۆراوجۆر و لە ئاستێکی بەرفراواندا ڕەفتار و سیاسەتەکانی ڕێژیمیان شەرمەزار کردووە و تا ئەو شوێنەی بۆیان لوابێ، دروشمی دژایەتی لەگەڵ ئەو ڕێژیمەیان، بەرز کردووەتەوە.

ئەوەی کە لەم چەند ساڵەی دواییدا لە کوردستانی ئێران ڕووی داوە، دوو خاڵی گرینگ و دوو قۆناغی تایبەتیمان دێنێتە بەرچاو، کە پێویستە ئاماژەیان پێ بکەین.

لە جۆزەردانی ساڵی ١٣٨٨ی هەتاوی و لەو کاتەدا کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەیەویست شانۆی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری بەڕێوە ببا، بۆ ڕاکێشانی خەڵك بۆ سەر سندووقەکان لە هەموو فرت و فێڵێك کەڵکی وەرگرت. بەداخەوە لەو شانۆگەرییەدا جیا لەو کەسانەی کە بە ناچاری و بە زۆرەملێ بەرەو سندووقەکان دەبرێن، یان لەبەر نەبڕانی بژێوی ژیانیان پێویستە شناسنامەکەیان مۆری پێوە بێ، هێندێك کەس و لایەنش پەیدا بوون، کە فریوی پڕوپاگەندەی

ڕێژیمیان خوارد و بە ئاگایانە و  ئازادانە بەرەو ئەو شانۆگەریە هەنگاویان نا. ئەو کەس و لایەنانە گەیشتبوونە ئەو باوەڕەی کە کاندیدەکان دابینکەری ویست و داخوازیی نەتەوەی کوردن و بۆ ئەو مەبەستە لەو شانۆگەرییە بەشدار دەبن. بەم شێوەیە هەڵوێستی یەکدەستی سیاسیی کوردستان لە بەرامبەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا درزی تێکەوت و بەشێك کەوتنە داوی شانۆگەرییەکانی ڕێژیمەوە.

بەڵام دوای ئەو شانۆگەرییە و دەرکەوتنی ئاکامەکەی، وەك دژایەتی لەگەڵ ئەنجامەکان، خەڵکی چەند شاری گەورەی ئێران ڕاپەڕین و خۆپیشاندانیان کرد. بەڵام لە کوردستاندا خۆپیشاندان نەهاتە ئاراوە. نەتەوەی کورد بە شێوەیەکی گشتی بڕوای بەو شانۆگەرییە نەبوو، تا لە پێوەندی لەگەڵ ئاکامەکەی ناڕەزایی دەرببڕێت. هەرچەند ژمارەیەك کەس و لایەنی سیاسی زۆریان هەوڵ دا ویست و داخوازیی نەتەوەیی کورد لە نێو بەرنامەکانی بزووتنەوەی سەوزدا بتوێننەوە، بەڵام کوردستان و کورد، چوونکە دروشم و ویست و ئاواتەکانی لە دروشمەکانی بزووتنەوەی سەوزی ئیسلاحتەڵەبدا نەدەبینییەوە، نەچووە پاڵ ئەو بزووتنەوەیەی کە ئامانجەکەی گەڕانەوە بوو بۆ سەدەمی زێڕینی خومەینی!!!

قۆناغێکی دیکەی سیاسی لە کوردستانی ئێراندا، شانۆگەریی هەڵبژاردنی مەجلیسی ڕێژیم بوو، کە لە ڕەشەمەی ١٣٩٠ی هەتاویدا، بەڕێوە چوو.

لەم شانۆگەرییەدا، هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بە تێکڕا ئەو شانۆگەرییەیان بایکۆت کرد و هەڵوێستی یەکدەستی سیاسیی کوردستان بۆ جارێکی دیکە، بەرەوڕووی ڕێژیم کرایەوە. بەلام لەم ئەزموونە سیاسییەدا دوو خاڵی گرنگ، جێگای ئاماژەن:

یەکەم: لە یەك دوو شاری کوردستاندا، ڕێژیم بە هاوکاریی هێندێك مۆرە و کەسی تایبەت، لە بەرنامە و پلانێکی پێشتر ئامادەکراودا، لە دۆخی ڕەوانی و هەست و سۆزی خەڵك کەڵکی وەرگرت و هەوڵی دا کە کەشێکی سۆزداری و ورووژێنەر لە نێو خەڵکدا درووست بکات. بەداخەوە ئەم پیلانە لە پێوەندی لەگەڵ کەسانێکدا سەری گرت و هەرچەند بەوەشەوە ڕێژەی بەشداریی خەڵکی ئەو شارانە لەو شانۆگەرییەدا لە ژێر ٥٠٪ بوو، بەڵام نیشانی دا کە ژمارەیەك خەڵك هەیە، هێشتاش لە ژێر کاریگەریی هەست و سۆزدا، ئەگەریکەوتنە ناو داوی پیلانەکانی ڕێژیمیان هەیە.

دووهەم: ڕێژیم وەکوو هەمیشە و لە هەموو بوارێکی سیاسی، ئابووری، حەشیمەتی و ...هتددا، ئاماری ناڕاست دروست دەکا و بۆیە هیچ کام لە ئامارەکانی ڕێژیم جێگای باوەڕ نین و تەنانەت بەرپرسانی ڕێژیم لە دەزگا جۆراوجۆرەکاندا هێندێك جار ئاماری بێبنەما و دژ بە یەك رادەگەیەنن. بەردەوام لە پێوەندی لەگەڵ بەشداری خەڵك لە هەڵبژاردنەکاندا، چ لە ئێران بەگشتی و چ لە کوردستان دەسکاریی ئامارە ڕاستەقینەکان کراوە و ڕێژیم هەمیشە

ئاماری دوور لە راستی بڵاو کردۆتەوە. هەڵبژاردنی مەجلیسی نۆیەمیشدا، ئامارەکانی ڕێژیم وەك هەمیشە دەسکاری کراو بوون. کەچی هێندێك کەس بە پێداگرتن لەسەر ئامارەکانی ڕێژیم، کە کەس بڕوایان پێ ناکا، بزووتنەوەی کورد و حیزبە سیاسییەکانیان، پێ دەبردە ژێر پرسیارەوە.

بەنیسبەت رادەی پێشێلکرانی مافی مرۆڤ و دەسبەسەرکردنی خەڵك و ئەشکەنجە و ئازاری چالاکانی سیاسی، فەرهەنگی، مەدەنی و تەنانەت، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەم ساڵانەی دواییدا هەرچی زیاتر و توندوتیژتر هەڵسوکەوتی نامرۆیی درێژە پێ داوە. بە شێوەیەك کە شوورای مافی مرۆڤی نەتەوەیەکگرتووەکان و راپۆرتێری تایبەتی ئەو ڕێکخراوە واتە ئەحمەد شەهید، چەند راپۆرتی لەسەر دۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران بڵاو کردۆتەوە و تێیدا ئاماژەی بە سەرکوتکارییەکانی ڕێژیم لە نێو نەتەوە بندەستەکان و یەك لەوان لە کوردستاندا، کردووە.

لە کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکانیش چەند جار ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی مەحکوم کراوە و راپۆرتەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، هێندێك لە وڵاتانی ئورووپا، لێبوردنی گشتیی نێودەوڵەتی و چاوەدێری مافی مرۆڤی جیهانی و ...هتد، بە روونی ئاماژەیان بە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران و کوردستاندا کردووە.

هەڵسوکەوتی خەڵکی کوردستان بەرامبەر بەو پێشێلکاری و سەرکوتانە، هێندێك جار خاڵی مێژوویی بوون، کە دەتوانین ئاماژە بە مانگرتنی گشتی لە کوردستان بە دوای ئێعدامی چوار لاوی کورد و هەروەها مانگرتنە ساڵانەکانی ٢٢ی پووشپەڕ، ساڵڕۆژی تیرۆری د. قاسملوو، بکەین.

لە کوردستانی ئێران وێڕای چالاکی و جموجۆڵی هێزە سیاسییەکانی کورد، کە ساڵانێکە لە پێناوی وەدەستهێنانی مافە نەتەوەیی و سیاسییەکاندا خەبات دەکەن، چەند ڕێکخراوی ئایینی وەك گرووپە سەلەفییەکان، مەکتەبی قورئان و جەماعەتی دەعوەت و ئیسلاح چالاکییان هەیە. هێندێك لەو گرووپانە بە ڕێکخستنی نهێنی و بانگەشەی ئاشکرا لاوانی کوردستان بۆ بیر و ئیدئۆلۆژیی توندوتیژ هان دەدەن و لە ئاکامی کاری چەندین ساڵەیاندا (کە ڕێژیم ئەگەر پشتیوانیی لێ نەکردبن، دژیشیان نەجووڵاوەتەوە) چەندین لاوی کورد لە عێراق و ئەفغانستان خۆیان تەقاندۆتەوە و لە ژێر پەروەردە و ڕێکخستنی ئەو گرووپانەدا، ئەو جۆرە کەسانە پەیوەستی بیری توندئاژۆ و تیرۆریستیی بەناو ئیسلامی، بوون.

لە نێو چالاکی و جموجۆڵی سیاسی لە کوردستاندا پێویستە ئاماژە بە (پژاك)باڵی (پ. ك. ك) لە کوردستانی ئێران بکەین. چالاکیی ئەو باڵە کە هەر جارە و بە ناوێك خۆی دەناسێنێ ، زیاتر لە پێناوی معامله و دانوستاندن لەنێوان (پ. ك. ك) و ڕێژیمی کۆماری

ئیسلامیدا بووە و هەرکات (پ. ك. ك) پێویستی بووبێ، جموجۆڵی پڕ لە هەراو هوریا و کورت مەودایان بەڕێوە بردووە و هەرکاتێکیش پێویستی نەبووبێ هێزەکانیان بەرەو رووی تورکیە، کردۆتەوە.
لە چالاکی و تێکۆشانی سیاسی و رێکخراوەیی لە کوردستاندا، پێویستە ئاماژە بە رۆڵی رێکخراوە مەدەنییەکان بکەین. ئەم رێکخراوانە هەرچەند لە لایەن رژیمەوە لە ژێر گوشاری لە رادەبەدەردا بوون و ژمارەیەکی زۆریان لە لایەن دامودەزگاکانی رژیمەوە داخراون و بەر بە چالاکییان گیراوە و ژمارەیەکی زۆر لە چالاکانیان دەسبەسەر کراون، بەڵام توانیویانە دەرەتانێك (هەرچەند بەرتەسك) بۆ خەڵك پێکبێنن، کە کاری بە کۆمەڵ بکەن. کە هەر ئێستا ژمارەیەکیان لە بوارەکانی: کۆمەڵایەتی، ژینگە پارێزی و مافی مرۆڤدا، چالاکن.
لەم چەند ساڵەی دواییدا، پێکهێنانی بەرەی کوردستانی یەکێك لە بابەتە پڕ باسەکانی ناو گۆڕەپانی سیاسی کوردستانی ئێران بووە. لەم پێوەندییەدا سەرەڕای هەموو ئەو باس و هەنگاوانەی کە لەم پێوەندییەدا چ لە نێوان حیزبەکان و چ لە پانتای راکەیاندن و رۆشنبیری کوردیدا هاتوونەتە ئاراوە، بەڵام لەبەر چەندین هۆکاری مێژوویی و کردەیی، بەئاکام نەگەیشتووە. بێگومان رەوتی جیابوونەوە و لێکترازانەکانی ئەم دواییانەی ناو هێزە سیاسیەکانی کوردستان، کاریگەرییەکی خراپی لەسەر دور کەوتنەوەی هەرچی زیاتری هێزە سیاسییەکان لە یەکتری، داناوە.

## ٥- دۆخی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

چوار ساڵ لەوەو پێش کاتێك کۆنگرەی چواردەیەممان بە ناوی "کۆنگرەی بە جەماوەریتر کردنی خەبات" ناودێر کرد، بە لێکدانەوەو هەڵسەنگاندنی دۆخی ناوچەکە لە راپۆرتی سیاسیدا، پێمان وابوو کە ئاڵوگۆڕێکی بەربڵاو و قووڵ لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە رێگادایە. کە بە قازانجی نەتەوەکانی ئەو ناوچەیە و یەك لەوان نەتەوەی کورد دەچێتە پێش. حیزبی دێموکراتیش بە گوێرەی ئەو رۆڵە بەرچاوەی کە لە کۆمەڵگای کوردستانی ئێران هەیەتی و بە مەبەستی بەهێز کردنی خەباتو ئامادەکاری بۆ ئەو گۆڕانکارییە پێویستانە، پێی وابوو کە دەبێ هەوڵ بدا خەباتەکەی پەرەگرتووترو بە جەماوەریتر بکا، تا بتوانێ لە ئاڵوگۆڕەکاندا بە پشتیوانی جەماوەری کوردستان لە دابینکردنی ویستە نەتەوەییەکانی گەلی کورد نیزیکتر بێتەوە.

ئەو ئاڵوگۆڕانە بە خێرایی‌و بەرینایییەکی ئەوتۆوە هاتنە کایەوە کە لە ماوەیەکی کورتدا ژمارەیەکی بەرچاو لە دەسەڵاتە سەرەڕۆکانی ناوچەکەی رووخاندن و ئێستا بە ڕوونی دەبینین کە سیمای سیاسیی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە بەراورد لەگەڵ سەردەمی کۆنگرەی چواردەدا، ئاڵوگۆڕێکی زۆری بەسەردا هاتووە.

حیزبی دێموکرات لە ماوەی ئەو چوار ساڵەدا، سەرەڕای ئەوەی کە لەگەڵ گرفتو کۆسپی گرنگ، بەتایبەت کۆسپی ئابووری بەرەوڕوو بووە (کە بەداخەوە شوێنەواری نیگەتیڤی لەسەر کار و چالاکییەکانی داناوە، بەڵام لە پێوەندی لەگەڵ جێبەجێکردنی دروشمی "بەجەماوەریتر کردنی خەبات")دا، بە گوێرەی توانا هەنگاوی هەڵگرتووە:

١- لەو ماوەیەدا لەگەڵ زۆرێك لە کەسایەتییە نوخبە و شارەزاکان پێوەندی گیراوە و وێڕای راکێشانی سەرنجیان بۆ لای حیزب، هەوڵدراوە سود لە هزر و توانای پسپۆڕیشیان، وەربگیرێ.

٢- "ناوەندی لێکۆڵینەوەی ستراتیژیکی حیزب" هەر بە یارمەتی ئەم کەسایەتییە نوخبەو شارەزایانە، دامەزراوە.

٣- پشتگیری لە کارو چالاکیی یەکیەتیی زانایانی ئایینی کراوە.

٤- پێوەندیی تەشکیلاتی بەرینتر کراوەتەوەو پێوەندی لەگەڵ ژمارەیەکی بەرچاو لە کەسایەتی و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا، گیراوە.

٥- لە ماوەی چوار ساڵی رابردوودا چەند مانگرتنێکی گشتی لەسەر داوای حیزبی دێموکراتو هێندێك جار لەسەر داوای هەموو حیزبە کوردستانییەکان سەرکەوتوانە بەڕێوە چوون.

٦- هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی هاودەنگی و یەکڕیزی و تەبایی لە نێوان تاکەکانی نەتەوەی کورد. پەیامی سکرتێری حیزب روو بەو چەکدارە کوردانەی کە لە خزمەتی رێژیمی کۆماری ئیسلامیدان، هەنگاوێکی گرنگ بوو لەمبارەوە.

بێجگە لەوانە لە یەك ساڵی رابوردوودا، دوو هەنگاوی گرنگ سەبارەت بە چۆنیەتیی پێوەندی لەگەڵ لایەنە سیاسیەکانی کوردستان، هەڵگیراوە:

١: بڕیاری پلینۆمی چواردەیەم لە رێکەوتی ١٣٩١/٥/١١ی هەتاویدا، سەبارەت بە ئامادەبوونی رێبەرایەتیی حیزب بۆ وتوویێژی راستەوخۆ هێنانە بەر باسی پرسە جۆراوجۆرەکان، لەگەڵ ئەو بەشە لە هاوڕێیانمان کە لە ساڵی ٢٠٠٦و دوای کۆنگرەی سێزدەهەم لە حیزب جیابوونەوە. بەو هیوایەی کە ئەوانیش بە پیل ئەو بانگەوازەوە بێن و دواجار هەموومان پێکەوە بتوانین بە شێوەیەکی سەردەمیانە کۆسپەکانی سەر رێگای پێوەندی دۆستانە، هاوکاریو تەنانەت گەیشتن بە یەکگرتنەوەیەکی یەکجاری لە پێناو بەرژەوەندی خەڵکەکەمان، لابەرین. ئەو بڕیارەی پلینۆم بۆ هەموو کوردێکی دڵسۆز و بەتایبەت بۆ کوردەکان لە کوردستانی ئێراندا، بووە هۆی دڵخۆشی و هەموو لایەك بە بڕیارێکی سیاسی گرنگی دەزانن، کە وەك پێویستییەك هاتووەتە ئاراوە. جێبەجێ کردنی ئەو بڕیارە یەکێك لە ئەرکەکانی رێبەرایەتی هەڵبژێردرای کۆنگرەی پازدەهەمیش دەبێو پێویستە بە جیدی کاری بۆ بکرێ. خوازیارین لایەنی دیکەش هەر بەو بۆچوونەوەو بە دوور لە بانگەشەو پڕوپاگەندەی راگەیاندنو تەنیا بە مەبەستی رێزگرتن لە بەرژەوەندیو داخوازییەکانی گەلی کورد، ئەم داوایە تاوتوێ بکاو هەر لەو چوارچێوەیەش دا ئامادە بێ بۆ دیالۆگو دانووستان.

٢: ئامادەکردنو مۆرکردنی رێککەوتننامەیەکی هاوبەش لەگەڵ کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران. ئەو رێککەوتننامەیە کە لە ماوەی یەك ساڵی رابوردوودا بە چەند هاوکاریو دانیشتنی هاوبەش دەستی پێکرد، دواجار لە کۆبونەوەیەکی هاوبەشی رێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لە رێکەوتی ١٣٩١/٥/٣١دا، مۆر کرا. ئەو رێککەوتننامەیە کە لە سەرەتادا لە راگەیەنە گشتییەکانی ئەو دوو حیزبەدا بڵاو کرایەوە، لەگەڵ پێشوازی گەرمو کەم وێنەی خەڵکی تامەزرۆی یەکریزیو دڵسۆزیی کورد لە هەموو شوێنێك و بەتایبەت لە کوردستانی ئێران بەرەوروو بوو و دەنگدانەوەیەکی بەربڵاوی لە راگەیەنەکاندا هەبوو.

بە پێی خاڵەکانی ئەو رێککەوتننامەیە حیزب وکۆمەڵە لە سەر هیندێك بنەمای فکریو سیاسی، بەتایبەت لەسەر پرسی کوردستانی ئێران رێککەوتوون و بەرنامەیان داناوە بۆ کاری هاوبەش لە پێناو جێبەجێکردنی ئەو فکرو بەرنامانە.

ئەگەر لە ساڵانی رابردوودا، پێکەوە نەحەوانەوە، یەکتر قبووڵ نەکردن، بەرژەوەندییە شەخسیو گرووپییەکانو زۆر هۆی دیکە ریزی حیزبە ناسراوەکانی مەیدانی خەباتی کوردستانی لێك ترازاندبوو، بەڵام ئەم هەنگاوە ئەو هیوایەی لە دڵی خەڵکدا زیندوو کردەوە، کە لانی کەم حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە توانای ئەوەیان هەیە. کە بە دوور لەو فەزا ژەهراوییە فەزایەکی بڕوا بە یەکتر بوونو لێکنزیکبوونەوە، بخوڵقێنن.
ئەو هەنگاوانە هەردووکیان لە باری سیاسیەوە بۆ حیزبی دێموکرات زۆر گرینگ بوون و لە چوارچێوەی سیاسەتی بەجەماوەریتر کردنی خەباتدا، هەنگاوی شوێندانەربوونو توانییان سەرنجی خەڵکێکی زۆر بۆ لای حیزبی دێموکرات راکێشنو هیوادارییان بکەن بۆ درێژەدانی خەبات.
لە ماوەی چوار ساڵی رابوردوودا رێبەرایەتیی حیزب بەردەوام لە هەوڵدا بووە کە سیاسەتو تێکۆشانی، لە چوارچێوەی ئەو پرنسیپو بنەمایانە دەرنەچێ کە ساڵانێکی زۆر بنیاتی حیزبیان لەسەر دامەزراوەو سەرمایەی مەعنەوی، تەشکیلاتیو سیاسیی بەنرخی حیزبی دێموکراتن. ئەو پرەنسیپانە لە راپۆرتی کۆنگرەی چواردەدا، جارێکی دیکە پێداگرییان لەسەر کراوەتەوەو رێنوێنی کاری حیزب لە نێوان دوو کۆنگرەی دوایی دا بوون و ئێستاش پێیان لەسەر دادەگیرێتەوە.
ئاڵوگۆڕەکانی جیهانو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کەمو زۆر بە شێوەی راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ لەسەر کۆمەڵگای کوردستانو ئەندامانو لایەنگرانی حیزبی دێموکراتیش کاریگەریی خۆیان داناوەو ئاڵوگۆڕێکی قووڵیان لە هزرو بیرو شێوەی هەڵسوکەوتی ئەواندا پێك هێناوە. بەڵام لە بەرامبەردا پەروەردەو بارهێنانی حیزب، نەیتوانیوە هاوتەریب لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەو رادەی شوێندانەرییان، ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێ. بەو حاڵەشەوە حیزبی دێموکرات سەرەڕای کەموکۆڕییەکانی، لە نێو خەڵکی کوردستاندا خۆشەویستە. بەڵام ئەگەر حیزب نەتوانێ پێبەپێی ئاڵوگۆڕی کۆمەڵگا شێوەکارو بەرنامەکانی بگۆڕێ، لە پێشکەوتن دوا دەکەوێ و رۆژبەڕۆژ لەگەڵ گرفتی نوێ بەرەوڕوو دەبێتەوە، کە لە داهاتوودا بۆی چارەسەر ناکرێن و لە ئاکامدا خۆشەویستیی لای خەڵك، لە دەست دەدا.
لە ماوەی نێوان کۆنگرەی ١٤ بۆ ١٥، لە کارو تێکۆشانی حیزبیدا وێڕای پێشکەوتنەکان، چەندین کۆسپ و گرفتیشمان لەسەر رێگا هەبوون، لێرەدا دەبێ ئەوە بڵێین کە بەشێك لە گرفتەکان لە دەستی خۆماندا نەبوون و بەڵام بەشێکیان دەگەڕانەوە بۆ لاوازیو کەمووکووڕی خۆمان.
بۆ نەهێشتن یان کەمکردنەوەی ئەو کیشانەی لە نێوان کۆنگرە ١٤ بۆ ١٥دا، بوومان، پێویستە رێبەرایەتی حیزب بەپێی بەرنامەیەکی داڕێژراو کار بکا بۆ:

١. ئامادەکردنی بەرنامەیەکی نوێ و هەمەگیر بە مەبەستی پەروەردەکردنی تاکەکانو دواجار چالاکتر کردنی کۆمەڵگای حیزبی.
٢. دامەزراندنی دەزگای چاوەدێریی بێلایەنو هەڵسوور، کە چاودێری بەسەر هەموو دەزگا و دامەزراوەکانی حیزبدا، بکات.
٣. ڕەچاوکردنی شێوەی نوێی کاری ڕێکخستن، لە چۆنیەتی بەڕێوە بردنی کۆبوونەوەکانی شانە و دیاریکردنی رادەی ئەندامانو، لەبەرچاوگرتنی ئاستی خوێندەواریو...هتدی، ئەندامان.
٤. دامەزراندنی گروپی راوێژکاری لە کەسانی شارەزا، بە مەبەستی یارمەتیدانی فیکری و دۆزینەوەی ڕێگاچارەی سەردەمیانە بۆ کەمکردنەوەی کەموکوورییەکانو بەرفراوانترکردنی کارو تێکۆشانی حیزبیو پێشگیری کردن لە قەتیس مانەوەی کارەکان لە چوارچێوەی کەسانێکی دیاریکراودا.
٥. دانانی کۆمیتەیەکی ماڵی لە دەرەوەی وڵات.

بێگومان وەگەڕخستنی ئەم شێوەکارە وەك هەموو شێوەکارێکی نوێ لە پرۆسەی جێبەجێکردندا، لەگەڵ هێندێك کوسپو کەموکووڕیدا بەرەوڕوو دەبێو پێویستی بە کات هەیە، بۆیە پێشنیار ئەوەیە ئەم ئاڵوگۆڕانە لە دوای کۆنگرەوە دەست پێ بکرێنو تا کۆنگرەی ١٦ کۆتاییان پێ بێ.

سەرکەوێ کۆنگرەی پازدە، کۆنگرەی دوکتور سادق شەرەفکەندی
سەرکەوێ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
برووخی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران

## پاشکۆ

١-	به پێی ئامارێك كه پیتر سینگر له كتێبی "یەك جیهان، ئەخلاقی بەجیهانیبوون"، له لاپەڕەی ١٣١دا ئاماژەی پێ دەدا، راپۆرتی پەرەپێدانی مرۆیی بڵاوی كردۆتەوە، كه له ساڵی ١٨٢٠دا یەك له سەر پێنجی حەشیمەتی جیهان له وڵاتانی پێشكەوتوودا، داهاتیان سێ ئەوەندەی یەك لەسەر پێنجی حەشیمەتی جیهان بوو، كه له وڵاتانی هەژاردا دەژیان. سەدەیەك دواتر ئەو رێژەیە بوو به ١١ ئەوەندەی داهاتی هەژارەكانو له ساڵی ١٩٦٠دا بوو به ٣٠ ئەوەندەو له ساڵی ١٩٩٠دا بوو به ٦٠ ئەوەندەو له ساڵی ١٩٩٧دا بوو به ٧٤ ئەوەندەی داهاتی هەژاران.

بەپێی ئاماری UNDP كه له ساڵی ١٩٩٨دا بڵاو بۆتەوە، نیزیك به دوو میلیارد مرۆڤ دەستیان به دەرمانی پزیشكی راناگا.

بەپێی ئامارێكی دیكە، كه International Labour Organization له ساڵی ٢٠٠٢دا بڵاوی كردۆتەوە، زیاتر له ١٧٠ میلیۆن منداڵی نێوان ٥ هەتا ١٥ ساڵای كاری تاقەت پڕووكێن و مەترسیدار ئەنجام دەدەن.

٢-	سیستمی ڤیسڤالیایی، له دوای پەیمانی "ڤێستڤالیا"وە، كه له ساڵی ١٦٤٨دا لەنێوان زلهێزەكانی ئەوكات بەسترا، سەری هەڵداوە. به گوێرەی ئەو پەیمانە، پیرۆزیی سنوور و سەروەریی دەوڵەتەكان هاتە نێو سیاسەتی نێودەوڵەتییەوەو دەوڵەت- نەتەوە، شكڵی گرت.

٣-	بەپێی ئامارەكانی رێژیم، هەل و مەرجی هەژاری و داهاتی كرێكاران لەم چەند ساڵەدا، بەم شێوەیەی خوارەوە بووە:

| ساڵ | هێڵی هەژاری/داهات له مانگ بۆ چەند كەس؟ | داهاتی كرێكاران بەپێی بڕیاری ئیدارەی كار/داهات له مانگدا |
|---|---|---|
| ١٣٨٨ | ٧٨٠ هەزار تمەن | ٢٦٤ هەزار تمەن |
| ١٣٨٩ | ٨٥٠ هەزار تمەن | ٣٠٣ هەزار تمەن |
| ١٣٩٠ | ١ میلیۆن تمەن | ٣٣٠ هەزار تمەن |

٤-	سندووقی نێونەتەوەیی دراو، رێژەی بێكاری له ئێراندا له ساڵی ٢٠١١دا، به ١٥/٥٪ راگەیاند. له حاڵێكدا ناوەندی ئاماری ئێران ئەم رێژەیەی به ١١/٥٪، راگەیاند. هەروەها نرخی هەڵاوسانی ئابووری بەپێی راگەیاندنی ئەم ناوەندە ٢٢/٥٪ بووە، كه لەم نێوەدا

تەنیا دوو وڵاتی ڤێنزوێلا و بێلارووس، ڕێژەی هەڵاوسانی ئابوورییان لە سەرەوەی ئێران بووە. بەپێی ئاماری هەندێك لە ئەندامانی مەجلیسی ڕێژیمیش، ڕێژەی هەڵاوسانی ئابووری لە ئێراندا، لە سەرەوەی ٤٠٪ بووە. ئەمە لە کاتێکدایە کە ڕێژەی نێونجی هەڵاوسانی ئابووری لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، ٩/٩٪ بووە.

٥- لە بەهاری ساڵی ١٣٩٠ و لە ڕێوڕەسمی ٢١ەمین ساڵەی پەسەندکردنی یاسای کاردا، حەسەن سادقی، جێگری سکرتێری گشتی خانووی کرێکار، باس لە سەرگەردانیی ٥ میلیۆن بێکار و نادیاربوونی چارەنووسی ٥٠٠ هەزار کرێکاری دەرکراو لە کار، دەکات. ئەم ڕێژەیە لە ساڵی نوێدا لەبەر گەمارۆ ئابوورییەکان و بەرنامەی ئامانجدارکردنی یارانەکان، کە بووە هۆی هەڵشکانی زۆر کارخانە و کارگا، زۆر زیاتر بووە.

٦- بەپێی ئامارەکانی ڕێژیم، لە ماوەی ٧ ساڵ سەرۆك کۆماریی ئەحمەدی نەژاددا، تا ساڵی ١٣٩٠، ٨٣٪ داهاتی نەوتی وڵات بۆ هاوردە کردن تەرخان کراوە. بە هۆی گەمارۆ ئابوورییەکانەوە، نرخی بەرهەمهێنان و فرۆشتنی نەوت لە لایەن ئێرانەوە، زۆر دابەزیوە و بەپێی ئامارەکانی ناوەندی وزەی جیهانی، ڕێژەی فرۆشتنی نەوتی ئێران ٤٩٢ هەزار بەرمیل لە ساڵی ٢٠١٢دا کەمی کردووە و تادێ کەمتر دەبێ. بەپێی ئامارەکان، گەشەی ئابووری لە ساڵەکانی ٢٠١٠ و ٢٠١١، لە ئێراندا ١٪ بووە، کە ئەگەر ئەمە لەگەڵ گەشەی ئابووریی تورکیە هەڵسەنگێنین، کە لە ساڵی ٢٠١١دا ١٠٪ بووە، دۆخی ئابووریی ئێران باشتر و روونتر دەردەکەوێ. لەبەر هەل و مەرجی نالەباری ئابووری و ناسەقامگیریی ئابووری و هەروەها گەمارۆ ئابوورییەکانەوە، نرخی دراوی ئێران بە رادەیەکی بەرچاو دابەزیوە و بانکی ناوەندیی ئێران لە پووشپەڕی ١٣٩١دا رایگەیاند، کە نرخی دۆلار بەرامبەر بە دراوی ئێران، لە ماوەی ١٣ مانگدا، ٨٠٪ زیادی کردووە، بەڵام لە بازاری ئازاددا ئەوهەڵکشانە نیزیك بە ١٠٠٪،بووە.

٧- دەتوانین ئاماژە بەمانە بکەین: خەڵاتی ئۆلاف پاڵمە لە ساڵی ٢٠٠٨دا بۆ خاتوو پەروین ئەردەڵان، خەڵاتی سیمۆن دوبوار لە ساڵی ٢٠٠٩ بۆ کەمپەینی ١ میلیۆن واژۆ، خەڵاتی ئالیسون دێس فۆرگس، خەڵاتی ساڵانەی مافی مرۆڤ لە چواری ئۆکتۆبری ٢٠١٠ بۆ سوسەن تەهماسبی، خەڵاتی مافی مرۆڤی ئوتریش بۆ شیرین عیبادی لە ساڵی ١٣٨٩، خەڵاتی ئازادیی بڵاوکردنەوە لە لایەن یەکیەتیی نێونەتەوەیی بڵاوکراوەکان بۆ خاتوو شەهلا لاهیجی.

٨- خشتەی لە سێدارەدان بەپێی ئامارەکانی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی ئێران:

| ساڵ | ڕێژەی ئێعدام |
|---|---|
| ٢٠٠٠ | ١٦٥ کەس |

٢٠٠١ ٧٥ کەس
٢٠٠٢ ٣١٦ کەس
٢٠٠٣ دیار نیە
٢٠٠٤ ١٠٨
٢٠٠٥ ٩٤
٢٠٠٦ ١٧٧
٢٠٠٧ ٣١٧
٢٠٠٨ ٣٥٠
٢٠٠٩ ٤٠٢
٢٠١١ ٥٤٦

لە ١٦ی گەلاوێژی ١٣٨٨دا، ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی رایگەیاند، کە لە دوای خۆپێشاندانەکانی دژ بە ئاکامی هەڵبژاردنی ٢٢ی جۆزەردانی ١٣٨٨، لە ماوەی نزیك بە ٢ مانگدا، ١١٥ کەس لە ئێراندا لەسێدارە دراون.

٩- ٩ی خەزەڵوەری ١٣٨٧ بڕیاری کۆڕی گشتی بە دژی پێشێلکاری مافی مرۆڤ لە ئێراندا
٢٧ی خەزەڵوەری ١٣٨٨ بڕیاری کۆڕی گشتی بە دژی پێشێلکاری مافی مرۆڤ لە ئێراندا
٢٧ی خەزەڵوەری ١٣٨٩ بڕیاری کۆڕی گشتی بە دژی پێشێلکاری مافی مرۆڤ لە ئێراندا
٢٧ی خەزەڵوەری ١٣٩٠ بڕیاری کۆڕی گشتی بە دژی پێشێلکاری مافی مرۆڤ لە ئێراندا

١٠- بەپێی ئاماری چالاکانی مافی مرۆڤ لە ئێراندا، لە ساڵی ١٣٨٩دا ٦٣١٦٣٦٠ شێوەی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لە ئێراندا روویان داوە و ٥٤٨٥ کەس لە لایەن هێزە ئینتزامییەکانەوە دەستبەسەر کراون. هەروەها ٢٥٩٧٥ مانگ زیندان بۆ ٥٢٦ شارۆمەند، دەرکراوە.

١١- بەپێی هەندێك ئامار، ژمارەی تووشبووان بە مادده بێهۆشکەرەکان لە ئێران لە ساڵی ١٣٨٤دا، نزیك بە ٤ میلیۆن کەس بووە و بەپێی ئاماری دیکە، ئێران پلەی یەکەمی بەکاربردنی تریاکی لە ئاستی جیهاندا هەیە. ڕێکخراوی کۆمەڵایەتیی لاوانی ئێران لە ساڵی ١٣٨٧دا، تەمەنی تووشبوون بە مادده بێهۆشکەرەکانی لە ئێراندا، ١٣ ساڵ رایگەیاند.

بەپێی زانیارییەکان، سپای پاسداران یەکێکە لە باندە هەرە گەورەکانی قاچاخی ماددە بێهۆشکەرەکان بەرەو ئورووپا.
ڕێکخراوی پزیشکیی یاسایی ڕایگەیاند، کە لە ٧ مانگی سەرەتای ساڵی ١٣٩٠دا لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا، ٢١٦٩ کەس بە هۆی کەڵکوەرگرتنی زۆر لە ماددە بێهۆشکەرەکان گیانیان لەدەست داوە.
بەپێی ئامارەکانی ساڵی ١٣٨٩، ٦٠٠٠٠ نوخبە و بژاردەی ئێران، ئێرانیان بەجێ هێشتووە.
بەپێی ڕاپۆرتی سندووقی نێونەتەوەیی دراو، ئێران لە ساڵی ٢٠١٠دا، لە ڕیزی یەکەمی وڵاتان بۆ هەڵاتنی مێشکەکان، بووە.
دیاردەی تەڵاق لە ئێراندا لە ئاستێکی یەکجار زۆر بەرز دایە و ڕۆژ بە ڕۆژ پەرە دەستێنێ.
بەپێی ئامارەکان دیاردەی تەڵاق لە پارێزگای تاران لە ٦ مانگی یەکەمی ساڵی ١٣٨٨دا، بە ڕێژەی ٢١٪ زیادی کردووە.

١٢- بەپێی ئامارەکانی ئاژانسی هەواڵی کوردستان (کوردپا) تەنیا لە مانگی مارسی ٢٠١١ هەتا مانگی ژووئەنی ٢٠١٢، لە ماوەی ١٥ مانگدا، ٩٠ کەس لە کۆڵبەرانو کاسبکارانی سەرسنوورەکانی کوردستانی ئێران، بە دەستی هێزەکانی ڕێژیم کوژراونو ٨٢ کەسیشیان لێ بریندار بوون.